دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨٤، سێشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی بەڕێز «مستەفا هیجری»**
**بەبۆنەی کۆچی دوایی «باباشێخ» سەرۆکی جڤاتی ڕووحانیی ئێزدییەکان**


بەڕێز شێخ سەمیر و بەڕێزانی جڤاتی ڕووحانیی ئێزدییەکان!
بەبۆنەی کۆچی دوایی بابا شێخ باوکی ڕووحی ئێزدییەکان و کەسایەتیی دیار و نیشتمانپەروەری کوردستان، پرسە و هاوخەمیی خۆم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئێوەی بەڕێز و سەرجەم خوشک و برا ئێزدییەکانمان ڕادەگەیەنم.
ڕووحی بابا شێخ شاد و ناو و یادی بە نەمری بمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی



دیمانەی تیشک

٤



کێن ئەوانەی خائین بە پرسی فەلەستینن؟

٦



ڕەخنەی نوێ و زانستی ئەدەبیات

٨



شەڕی ئێران یان دابەشکردنی عێراق ؟

١٠

# قاتوقڕیی سەردەمی قاجار گەڕاوەتەوە



لە نێوان ساڵەکانی ١٢٩٦ تا ١٢٩٨ی هەتاوی واتە لە سەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی، قاتوقڕییەکی سەیر ڕووی لە مەمالیکی مەحرووسەی قاجار کرد کە زۆر جار وەک هۆلۆکاستی ئێران ناوی لێ دەبردرێ. هەرچەند کە تا ئێستە ئامارێکی ورد لەسەر ڕێژەی کوژراوانی ئەو دوو ساڵە و قوربانیانی ئەو سەردەمە بوونی نییە و تەنیا بەپێی هەندێک گێڕانەوە دەوترێ کە نیزیک بە ٥٠٪ی خەڵکانی ئێران گیانیان لە دەست دا، بەڵام ئەوەیکە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا باسی لێوە دەکرێ کۆمەڵێک هۆکار پێکەوە ئەم تراژێدیا ئینسانییەیان خوڵقاند کە گرینگترینیان بریتی بوون لە: شەڕی جیهانی، قاتی، وشکەساڵی، بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی لە نێو ئاژەڵ و باخ و کشتوکاڵ، نەخۆشییەکانی وەبا، مالاریا، ئانفلۆنزای ئیسپانیایی، شەڕی تریاک و لە هەمووان گرینگتر نەشیاویی تاقمێک دەسەڵاتبەدەست و نەبوونی پلان و بەرنامەی تۆکمە بۆ بەڕێوەبەریی وڵات. بەم فلەشبەکە مێژووییە دادەگێڕینە سەر دۆخی هەنووکەیی ئێران. لە پاش زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لەم ڕووداوە، ئەمڕۆکە دەبینین کە ئێران و خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە بە هەمان چارەنووس گرفتار بوونەتەوە. لە ئەنجامی نەشیاویی دەسەڵاتبەدەستانی زاڵ بەسەر ئەم جوغرافیایە هیچ بوونەوەرێکی نیشتەجێ لە ئێران نییە کە هیوای بە سبەینێ ڕۆژی ژیانی هەبێ.

هاوکات لەگەڵ هاتنی ئێپیدێمی جیهانی کۆرۆنا کە وەک عەلی ڕەبیعی وتەبێژی دەوڵەتی ڕوحانی دەڵێ بەهۆیەوە زیاتر لە ١ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس لە ئێراندا بێکار بوون، هەڵاوسان، گرانی، گەندەڵیی مالی، دۆخی خراپی ئابووری، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کەلێنی قووڵی چینایەتی و گەمارۆوە ئابوورییەکانی ئامریکا، وڵاتی ئێرانیان گەیاندووەتە پلەی دووهەمی وڵاتانی چارەڕەش لە ئاستی جیهاندا.

بەپێی پێوەری جیهانیی چارەڕەشی یان فەلاکەت کە بەپێی کۆی نرخی هەڵاوسان و نرخی بێکاری دیاری دەکرێت، ڤێنێزۆئێلا بە ڕێژەی ٧٩/٤ پلەی یەکەم و ئێران بە ڕێژەی ٦١/٦ پلەی دووهەمیان لە ڕیزبەندیی ئەو پێوەرەدا لە ئاستی جیهانی بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

بەپێی ئەو پێوەرە هەر کام لە وڵاتانی ژاپۆن، قەتەر، ئاڵمان و ئامریکا لە ڕیزبەندی باشترین وڵاتانی جیهاندان کە هەڵاوسانی ئابوورییان زۆر کەمە و بێکاری لە نزمترین ئاستی خۆیدایە.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕێکەوتی ١٢ی ڕەزبەر حەسەن ڕوحانی لە ئاخاوتنێکی گەپجاڕانەدا ڕایگەیاند کە دۆخی ئابووریی ئێران بە بەراورد لەگەڵ دۆخی ئابووریی ئاڵمان زۆر گەشەسەندووتر و پێشکەوتووترە! بەڵام وەک خەڵک لە نێو شارەکاندا بە ئێسک و پێستەوە هەست و درکی پێدەکەن دەبینین کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی ژیان بەتایبەت لە بواری ئابووری و مەعیشەت و گوزەرانەوە خراپ و خراپتر دەبێ و چاکتر نابێ.

هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخە دەبینین کە سەرباری درۆ و دەلەسە و وادە و بەڵێنییە بێبنەماکانی ڕێژیم بۆ چاکترکردنی وەزعی ژیانی خەڵک، و لەباتی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات هەڤاڵبەندییە جیهانی و ناوچەییەکان لەدژی خۆی کەمتر بکاتەوە و دۆستایەتی لەگەڵ ئەویترەکان بکاتە ڕێڕەوی کاروباری خۆی، چونکە بەردەوامە لە دوژمنایەتی کردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەویترەکان دەبینین کە تا دێت گوشارە نێونەتەوەییەکان زیاد و زیادتر دەبنەوە؛ ئێلیڤێت ئابرامز، نوێنەری تایبەتی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران لە دوالێدوانیدا سەبارەت بە ئێران بە «CNN»ی وتووە: «ئامریکا لە ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوودا گوشارە لانیزۆرەکانی دژ بە تاران زیادتر دەکات». وەک ڕوونکردنەوەی زیادتریش وتوویەتی: «ئەوەیکە تا ئێستە دژ بە ئێران ئەنجاممان داوە لەگەڵ گوشارەکان کە لە داهاتوودا دەخرێنە سەر ڕێژیم بەراورد ناکرێن!» هاوکات وەزیری بەرگری ئیسرائیلیش وتوویەتی: «کۆماری ئیسلامی دوژمنی ئەسڵی و هاوبەشی ئێمە و وڵاتانی عەرەبییە و لەم پێوەندییەدا پاش ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بەرەیەکی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ئێران ساز دەکەین».

ئەم دوو نموونە لە گوشارە دەرەکییەکان، کاتێک دەخرێنە پاڵ گوشارە نێوخۆییەکان و نارەزایەتی و گرفت و کێشە کەڵەکەبووەکان، ئەو بەرجەوەنەمان پیشان دەدەن کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی دەسەڵاتە نارەواکانی پێش لە خۆی بەرەو کۆتاییە.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا و کورت بەسەر دۆخی شپرێوی ئابووری لە نێوخۆی ئێران و هەڵکشانی بەردەوام و خێرای نرخی پێداویستییەکانی ژیان و بەتایبەت خواردن و خواردنەوەکان و هەژارتربوونەوەی خەڵک و بەرزبوونەوەی نرخی هەژاری و بێکاری و هەڵاوسان ئەو ڕاستییەمان زۆرتر بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئێران بەرەو دوا لەحاڵی گەڕانەوەدایە.

گەڕانەوەی ئێران بۆ سەردەمی قاجار و هاتنەوەی شەپۆلێکی نوێ لە قاتوقڕی لە داهاتوویەکی نیزیک و نەبوونی پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان لەلایەن تارانەوە وای کردووە کە مرۆڤ نەتوانێ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ساڵی ١٢٩٨ و ١٣٩٩ دابنێت؛ تەنیا جیاوازییەک کە هەبێ لە ژمارەکاندایە دەنا دۆخی ژیان هەمان دۆخە و دەسەڵاتی نەشیاویش هەمان دەسەڵات!

## پەیڤ

## کام ئێران؟

کەریم پەرویزی

لەم ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕەزا پاڵەوی کوڕی دوایین شای ئێران کە حکوومەتەکەیان بە شۆڕشی گەلان دژی زۆرداری ڕووخا، پەیامێکی داوە کە گوایە دەیهەوێ هەموو هێزە سیاسییەکان لە ژێر چەترێك بە ناوی پەیمانی نوێ کۆبکاتەوە. لەو پەیامەدا کە ڕەزای پاڵەوی داویەتی، زۆرتر لە بابەتێکی گشتیی گۆڤار یان ماڵپەڕێك دەچێ کە بە هەندێ وشە و ڕستەی ئەدەبی ڕازابێتەوە، نەك پەیامێکی سیاسیی ڕاستەقینە کە دەست بخاتە سەر ئەسڵی کێشەکان و نیشاندانی چارەسەرە ڕاستەقینەکان!

لە هەر پەیامێکی سیاسیی وەهادا گرنگترین بەش بریتییە لەو دوورەدیمەنەی کە لە داهاتووی نیشان دەدەی و خەڵك بۆ ئەو داهاتوویە هان دەدەی کە هاوکارت بن؛ لەو پەیامەی ڕەزای پاڵەویشدا نێوەڕۆکی باسەکەی بریتییە لەو بەشە کە دەڵێ دەبێ هێزە سیاسییەکان هێڵکاری بکەن لە نێوانی خۆیان و کۆماری ئیسلامیدا، کە ئایا لە لایەنی کۆماری ئیسلامین یان لایەنی ئێران؟ دەڵێ هێزە سیاسییەکان دەبێ بۆ ڕزگارکردنی ئێران کۆ ببنەوە.

ڕزگارکردنی ئێران، لە وشە و ڕستەبەندیدا ڕەنگە شتێکی بریقەدار بێتە بەر چاو، بەڵام گەر وەکوو پەیامێکی سیاسی دەڕوانیتە وردەکاریی ئەو دروشمە، پرسیاری زۆرت لە لا دروست دەبێ. گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە لە ڕوانگەی کێوە چاو لە ئێران دەکەی؟ یان بە واتایەکیتر، کامە ئێرانت مەبەستە؟

کاتی خۆی ڕەزاخانی میرپەنج، باپیری هەر ئەم ڕەزای پاڵەوییە، لە مەمالیکی مەحروسەی قاجاری، ئێرانێکی دروست کرد کە تێیدا هەموو نەتەوە جیاوازەکان هەوڵی سڕینەوەیان درا و بە پۆستاڵی ئەرتەشی ڕەزاخانی هەموو شوێنەکانیان داگیر کرد و ویستیان ئێرانێکی یەك نەتەوەیی دروست بکەن کە هەموو کەس تێیدا ئێرانین و بە فارسی قسە دەکەن!

دواتر خومەینی هات و ئێرانی پاڵەوی کە ئەو پێی دەوت ئێرانی تاغووتی بگۆڕێ بۆ ئێرانی ئیسلامی کە تێیدا وەلیی فەقیە بڕیار دەدا و هەموو ئوممەتی واحیدەی ئیسلامیی ئێران گوێڕایەڵی دەبن.

ناتوانی باس لە ئێرانێکی خەیاڵی بکەی و واقعیەتی نێو ئێران نەبینی و کورد و تورك و بەلووچ و عەرەب و تورکمەنت پێ پەراوێزی فارس بێ و بە ئەسالەتی فارسی و پەراوێزی ( ئەقوام و قەبایل)، ئێرانێك دروست بکەی کە هەموو دەستی هاوپەیمانی لەگەڵ کوڕی دوایین پاشای ڕووخاوی ئێران بگوشن!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاری: بڕیاری چۆڵکردنی زۆرەملێی شەش گوندی سەردەشت، درێژەی هەمان سیاسەتی ڕێژیمە لە سەرەتای شۆڕشەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا بڕیاری دژە ئینسانیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە چۆڵکردنی زۆرەملێی شەش گوندی ناوچەی سەردەشت بە بیانووی ئەمنیەتی، بە توندی مەحکووم کرد. دەقی ئەم بەیانییە بەم چەشنەیە:

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، چۆڵکردنی زۆرەملێی گوندەکانی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەحکوم دەکات. خەڵکی خۆڕاگری کوردستان ناوەندە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە درێژەی سیاسەتی پاکتاو و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئەمنییەتی نەتەوەیی ڕێژیمەوە، دانیشتوانی شەش گوندی سەر سنوور، لەوانە گوندەکانی: «ئاشکانی خوارێ»، «کاگێ»، «هەرزنێ»، «تەهێت»، «گۆڕەشێر» و «نۆکان» لە ناوچەی سەردەشت ئاگادار کراونەتەوە کە بەهۆی ئەوەی گوندەکانیان کەوتوونەتە «ناوچەی سوور» دەبێت ئەو گوندانە چۆڵ بکەن.

بڕیاری دژە ئینسانیی چۆڵکردنی زۆرەملێی شەش گوندی ناوچەی سەردەشت بە بیانووی ئەمنییەتی، درێژەی هەمان سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە کە لە سەرەتای هێرش بۆ سەر کوردستان بە بیانووی یارمەتیدانی پێشمەرگە، دەیان گوند لەلایەن هێزەکانی سپای پاسداران خاپوور کران و خەڵکەکەی بە زۆر ڕاگوێزران، ئێستاش بە داتاشینی دەستەواژەی جۆراوجۆر وەک «ناوچەی سوور» و «ناوچەی زەرد» هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکەن کە ئەمەش بەپێی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ دەچێتە خانەی گۆڕین و تێکدانی دێمۆگرافیای ناوچەکە و کۆچی زۆرەملێ و تاوانی دژە مرۆیی. بۆیە دەکرێ لەسەر ئەم تاوانە و تاوانی لەم چەشنە لە دادگا نێودەوڵەتییەکان سکاڵا لە دژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تۆمار بکرێ.

ئەم بڕیارەی ڕێژیم لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی سیاسی و ئابووریی سەختدا بە سەر دەبات. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تا دێت لە ناوچەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە و گوشارە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی سەرەڕۆییەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئێران زیادی کردووە، لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لە خراپترین دۆخدا دەژین و هەژاریی و بێکاری و بێدەرەتانی تەنگی بەخەڵک هەڵچنیوە و لە هەموو ئیمکاناتێکی ڕفاهی و خزمەتگوزاری بێبەش کراون. لە وەها بارودۆخێکدا کۆماری ئیسلامی هەرجارە و بە دروستکردنی ئاژاوەیەک هەوڵ بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و کوردستان دەدات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم بڕیارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکەین و داوا لە خەڵکی کوردستان و ناوەندە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کە لە بەرانبەر ئەم تاوانکارییە بێدەنگ نەبن و بە هەموو شێوازێکی گونجاو سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ڕێژیمی ئێران لەقاو بدەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی**

# دەورەیەکی سیاسیی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات کۆتایی پێ هات




شەشەمین دەورەی سیاسیی ئاستی دوو بەشی یەکەمی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات تایبەت بە پێشمەرگەکان کۆتایی پێ هات.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕەزبەر دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە کۆتایی بە شەشەمین دەورەی سیاسیی تایبەت بە پێشمەرگەکان هێنا.

ئەم دەورەیە ماوەی یەک مانگی خایاند و تێیدا ١٢ وانەی سیاسی پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کران کە بریتی بوون لە: «مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب، فێدراڵیزم، دێموکراسی، پرسی بەرابەریی ژنان و پیاوان، ئامانجی دوارۆژی حیزب، ڕیتۆریک، سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزب، شێوازەکانی خەبات، کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ساختار و سیاسەتەکانی ڕێژیم».

کلاسەکان بەهۆی کۆرۆناوە بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە چوون.

لەم دەورەدا بۆ ماوەی ١٣٠ کاتژمێر وانە بە بەشداربووان وتراوەتەوە.

لە کۆتایی وانەکەدا نەفەراتی یەکەم هەتا سێیەم ڕێزیان لێ گیرا کە بریتی بوون لە: «نەفەری یەکەم یووسف نەزەری ناسراو بە شۆڕش بە نێوەنجی ١٩.٢٨؛ نەفەری دووەم مەسعوود ڕێحانی بە نێوەنجی ١٩.٢٥ و نەفەراتی سێیەم لەیلا دڵپەسەند و «شەماڵ لاجانی» بە نێوەنجی ١٧.٩٣».

لە دوای کونگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گرینگیدانی زیاتر بە پەروەردە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە ئەرکدار کراوە کە هەوڵ بدات مێتۆد و شێوازی نوێ و کاریگەر بۆ پەروەردەی ئەندامانی حیزب پەیڕەو بکات.

بەپێی ئەو بڕیارە دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە هەتاکوو ئێستا شەش دەورەی بۆ پێشمەرگەکان بەڕێوە بردووە کە تێیدا هەوڵ دراوە هەم کەڵک لە شێوازی نوێی وانەوتنەوە وەربگیردرێت و هەمیش نێوەرۆکی ئەو وانەی کە پێشکەش دەکرێن بەرۆژ بکرێنەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی زیاتریان هەبێت لە پێگەیاندن و بارهێنانی پێشمەرگەکان.

# دەورەی ٢٤٤ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات




پۆلێکی دیکە لە لاوانی بە هەست و نیشتمانپەروەری کوردستان بە لەبەرکردنی جلی خاکی و هەڵگرتنی چەکی بەرگری لە ماف و کەرامەتی گەلەکەیان، پەیوەست بوون بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.


ڕۆژی سێشەممە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، دەورەی ٢٤٤ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی سیاسی و نیزامی بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

«مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای پیرۆزبایی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی ئەو دەورەیە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاش وتەکانی «مستەفا هیجری»، شێعرێک لەژێر ناوی «کوردستان» لەلایەن هاوڕێ «سەجاد» بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «بداغ بداغی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی دەورەی ٢٤٤ی سەرەتایی پێشمەرگە، بەبۆنەی کۆتایی دەورەوە لەلایەن هاوڕێ «سیمین» بەشداربووی دەورەوە پێشکەش کرا. وەک نەریتی هەمیشەیی هەموو دەورەیەک، لەو دەورەیەشدا سێ کەسی یەکەم لە بواری تاقیکارییە نیزامی و سیاسییەکانەوە و هەروەها سێ کەسی یەکەم لە بواری نەزم و دیسیپلینەوە لەلایەن بەرپرسانی فێرگەوە خەڵات کران. لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێک لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

# چەند کەسێکی چەکدار بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە خەڵک ئازار دەدەن



مۆرەکانی ڕێژیمی ئێران بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە گوند و شارەکانی کوردستان هەڕەشە لە خەڵک دەکەن کە ئەمە بووەتە هۆی نیگەرانیی خەڵکەوە.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە گوندی «تەنگیسەر» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە چەند کەسێکی چەکدار بە ناوی حیزبی دێمۆکراتەوە هەڕەشە لە خەڵکی ئەو گوندە دەکەن. ئەو چەکدارانە کە خۆیان بە ناوی ئەندامانی حیزبی دێموکرات دەناسێنن، شەوانە دەچنە پێش ماڵی خەڵک و ئازار و ئەزیەتی خەڵک دەدەن. دامودەزگاکانی ڕێژیم لە کوردستان لە خۆشەویستیی حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا کەڵکی نابەجێ وەردەگرن و مۆرەکانیان بۆ تاڵانکردنی خەڵک دەنێرن. بۆ ئاگاداری ڕای گشتیی ڕادەگەیەنین کە ئەو کەسانە هیچ پێوەندییەکیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نییە و تەنیا ئامانجیان بەدناوکردن و لاوازکردنی پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکە.

# گیاڕەنگ
## خەباتگێڕێکی نیشتمانی میوانە



پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت و شۆڕشگێڕێکی ناو مەیدانی خەبات، سەنگەری خۆڕاگریی بە هاوڕێیانی ئەسپارد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی کاک «ئەحمەد سەنبولی» ناسراو بە «مام قەوەت» کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی «نەڵاس» سەر بە شاری سەردەشت داوی تەمەنێک ژیانی سەربەرزانە ماڵاوایی لە حیزب و گەل کرد.

کاک ئەحمەدی قارەمان ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە گوندی نەڵاس لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ لەدایک بووە.

ناوبراو لە منداڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی سەرقاڵی کاری وەرزێڕی بووە. دواتر کە خاکی کوردستان دەکەوێتە بەر هێرشی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دواتریش چەکی شەڕەف بۆ بەرگریی لە نیشتمانەکەی لە شان دەکات.

کاک ئەحمەد دواتر کە پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت لە ساڵەکانی ٦٣ هەتا ٧٢ی هەتاوی لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت سازمان دەدرێت.

ناوبراو دواتر لە دەفتەری پێوەندییەکانی سلێمانی و هەولێر سازمان دەدرێت و ئەرکی پێ دەسپێردرێت.

کاک ئەحمەد بەهۆی ئەوەیکە خاوەن نەزم و دیسیپلینی تایبەت دەبێ و کارەکانی بە باشی بەڕێوە دەبات لەلایەن کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بە نووسراوە تەشویق دەکرێت.

ئەو پێشمەرگە خۆڕاگرە هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە و هەمیشە بۆ ئامانجەکەی تێکۆشاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوونی خۆی بە خەمی لەدەستدانی ئەو پێشمەرگە شۆڕشگێڕە سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

# ڕاسانی خۆرهەڵات
## لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حیزبی شیوعیی کوردستان باس کرا




ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەر، وەفدێکی حیزبی شیوعیی کوردستان بە سەرپەرەستیی دوکتور «کاوە مەحموود»، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب، بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازیی لێ کرا.

لەم دیدارەدا سەرەتا دوکتور «کاوە مەحموود»، پاش سپاس و پێزانین بۆ پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکرات، باسێکی تایبەتی لەمەڕ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و باندۆریان لەسەر بزاڤی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، هێنایە بەر باس.

ناوبراو پاشان باسێکی سیاسیی لەسەر ڕەوشی کورد، بە تایبەتی لە کوردستانی باشوور پێشکەش کرد و هەروەها هەڵوێستی حیزبی شیوعی لەسەر پرسە سیاسییەکانی خستە ڕوو.

لە بەرانبەردا لێپرسراوی گشتیی حیزب وێڕای بەخێرهاتنی شاندی میوان، بارودۆخی ئەوڕۆی کوردستان و ئێران و ناوچەکەی خستە بەر باس.

هیجری هەروەها ڕەوشی ئێستای بزاڤی نەتەوەیی-دیمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان، خەباتی نوێی گەلەکەمان ڕاسانی خۆرهەلات، وەزعیەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ئەم ڕێژێمەی بە وردی خستە بەر باس.

«مستەفا هیجری»، هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی لەسەر پرسە سیاسییەکان بۆ شاندی حیزبی شیوعی شی کردەوە.

لەم دانیشتنەدا، هەر دوو لایەن لەسەر پێوەندیی بەهێز و دوستانە و لەمێژینەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی شیوعیی کوردستان پێداگرییان کرد و لێک نزیکبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانیان لە هەر چوار بەشی کوردستان و لەم هەلومەرجە هەستیارەدا، بە پێویست زانی؛ بە جورێک کە لە ئەگەری هاتنە ئارای هەر ئاڵوگۆڕێک و گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکان، بتوانن شوێندانەر بن.

# بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین

کۆنفرانسی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بە دروشمی «بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستانی باشوور بەڕێوە چوو. ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەکانی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بە دروشمی «بە خۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» لە کۆمیتەی زاگرۆس، بە ئامادەبوونی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتی، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و هەروەها ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە لە کۆیە بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر لەلایەن بەڕێوەبەرانی دەزگای هەڵبژاردنەوە دەنگی مەشرووعییەت بۆ کۆنفرانس وەرگیرا و دەستورکاری کۆنفرانس بۆ بەشداران خوێندرایەوە.

دواتر بە مەبەستی کردنەوەی کۆنفرانس، داوا لە «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتی و بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات کرا کە باسێک لەسەر دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و بەتایبەت کوردستان پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس بکات. «قادری» لە وتەکانیدا باسی لە سێ تەوەری ئێران، کوردستان و حیزبی دێموکرات کرد و بەوردی ئاماژەی بە دۆخی نالەباری سیاسی و دارمانی ئابووریی ئێران لەژێر سێبەری ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و دژی گەلییە و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کرد کە بە شێوەی سیستماتیک دەستێوەردان لە هەموو وڵاتانی ناوچە و ئاژاوەگێڕی دەنێتەوە. ناوبراو ئاماژەی بەوە دا کە ئەو ڕێژیمە دۆخ و بژێویی ژیانی خەڵکی بۆ گرینگ نییە و بێجگە لە ئیدئۆلۆژیی «ولایەتی فەقیە»ی خۆی و سەرکوت و زەبروزەنگ، گرینگی بە هیچ شتێکی دیکە نادات.



لە درێژەی ڕەوتی کۆنفرانسەکەدا، «ویدا یاری» بەرپرسی پێشووی کۆمیتەی زاگرۆس ڕاپۆرتی کار و چالاکیی کۆمیتەی لەو ماوەیەی کاری کۆمیتەدا، پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرد. دوای باسکردنی تێبینی و پرسیاری ئامادەبووانی کۆنفرانس، بەڕێوەبەرانی دەزگای هەڵبژاردن بە کورتی ئاماژەیان بە گرینگیی هەڵبژاردن وەکوو جەوهەری دێموکراسی و نەهادینەبوونی ئەو چەمکە لە حیزبی دێموکراتدا کرد کە یەکێک لەو بنەمایانەی کە حیزبی دێموکرات لە سەری بینا کراوە، دێموکراسی و هەڵبژاردن بووە. هەروەها شرۆڤەی شێواز و مێکانیزمی هەڵبژاردنیان بۆ بەشداران کرد. بڕگەی کۆتایی کاری کۆنفرانسی کۆمیتەی زاگرۆس لەژێر ناوی» بە خۆڕێکخستنەوەمان، ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» تەرخان کرا بە هەڵبژاردنی بەرپرس و بەڕێوەبەری نوێی کۆمیتە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد، دێموکراتیک و نهێنیدا و بەم چەشنە کۆتایی بە کاری کۆنفرانس هات. هەروەها کاتژمێر٤ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەی کۆیە سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی» بەخۆڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین» بە ئامادەبوونی د. «ئاوات ساروج»، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات و «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و هەروەها «ئەسعەد باریکە»، بەرپرسی ڕێکخستنی ئاشکرای هەرێم لە کۆیە، بەڕێوە چوو.

کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان دەنگی مەشرووعییەتی کۆنفرانس لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەوە وەرگیرا کە هەموو ئامادەبووانی کۆنفرانس دەنگی مەشرووعییان بە کۆنفرانس دا. دواتر بە مەبەستی کردنەوەی کۆنفرانس داوا لە د. «ئاوات ساروج» ، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا کە باسێکی سیاسی پێشکەش بکات. ناوبراو لە سەرەتای وتەکانیدا ئاماژەی بە ئەرک و ڕۆڵی ئەندامانی حیزبی دا کە پێویستە لەم قۆناغە هەستیارەدا چۆن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەتایبەتی لە حیزبێکی شۆڕشگێڕ، نەتەوەیی و دێموکراتدا کە لە پتر لە ٧٥ ساڵ خەباتی بێوچان و پڕ لە کەندوکۆسپدا درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە. د. «ئاوات» هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات کرد کە هەموو کات سەروەری و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پاراستووە و لە گۆڕەپانی سیاسیی خۆرهەڵات و ناوچەدا حیزبێکی خاوەن پێگە و شوێندانەر بووە و ئازادی و دێموکراسی و سەروەریی تاک لە کۆمەڵگا ئاوات و ئامانجیەتی.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانسدا، «زاهید ڕاشدی» بەرپرسی کۆمیتەی کۆیە ڕاپۆرتی کار و چالاکیی کۆمیتەی لە ماوەی کاری ئەو کۆمیتەیەدا پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرد. بڕگەی دیکەی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بە ڕەخنە و پێشنیار کە ئامادەبووانی کۆنفرانس چالاکانە بەشدار بوون. دوایین بڕگەی کاری کۆنفرانس تەرخان کرا بە هەڵبژاردنی بەرپرس و بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتە کە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو.

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەی سلێمانی سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی «بە خۆ ڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین، بە ئامادەبوونی «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و «ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی و بەشداریی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی سلێمانی بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دوای وەرگرتنی دەنگی مەشرووعییەتی کونفرانس لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەوە، باسێکی سیاسیی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان لەلایەن «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسییەوە پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرا. ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بە فەلسەفەی بوونی ڕێژیمی ئێران و مێژووی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە و ئاڵۆزکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چارەنووسی ئەم ناوچەیە بەهۆی فرەنەتەوەبوونی و بەتایبەت نەتەوەی کورد کە خەباتێکی بێوچان و پڕ لە هەوراز و نشیوی تێپەڕاندووە، کرد. «مێهفەر» لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و هەستیاربوونی دۆخەکە کرد و بەوردی هەڵسەنگاندنی دۆخەکەی کرد و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی لەو پێوەندییەدا شی کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کە دەبێ بەهێزتر و شوێندانەرتر بین.

بڕگەی دیکەی کاری کۆنفرانس تەرخان کرا بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشوو کە لەلایەن «ڕەزا مورادی» بەرپرسی پێشووی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

دوای تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری بەشدارانی کۆنفرانس، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو و بەرپرس و بەڕێوەبەری نوێی کۆمیتە هەڵبژێردران.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٤ ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفرانسی کۆمیتەی سۆران سەر بە ڕێکخستنی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی «بە خۆ ڕێکخستنەوەمان ڕاسان بەهێزتر و هیواکان گەشاوەتر دەکەین، بە ئامادەبوونی «کاوە بەهرامی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی ، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن، «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن و بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی سۆران بەڕێوە چوو.

کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دوای وەرگرتنی دەنگی مەشرووعییەتی کونفرانس لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەوە، باسێکی سیاسیی لەلایەن «کاوە بەهرامی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرا.

بڕگەی دیکەی کاری کۆنفرانس تەرخان کرا بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی پێشوو کە لەلایەن «ڕامین عومەرزادە» بەرپرسی پێشووی کۆمیتەوە پێشکەش کرا.

دوای تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری بەشدارانی کۆنفرانس، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو و بەرپرس و بەڕێوەبەری نوێی کۆمیتە هەڵبژێردران.

# مامۆستایان پێشەنگی کاتە قەیراناوییەکانن و داهاتوو لەدەست ئەواندایە

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٥ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ئەمڕۆ لە حاڵێکدا پێشوازی لە ٥ی ئۆکتۆبر (١٣ی ڕەزبەر) وەک ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان دەکەین کە ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ وەک قەیرانێک دنیای مرۆڤایەتیی بەگشتی خستووەتە ژێر کارتێکەریی خۆیەوە و لەو نێوانەشدا قوتابخانە لە جەرگەی ئەو قەیرانەدا خۆی دەبینێتەوە.

دەرکەوتنی ئەو دیاردە نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراوە، بە ڕادەیەک بەرین بووەتەوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی حکوومەتەکانی جیهانی تووشی سەرلێشێواوی کردووە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە ئەو دەسەڵاتانەی ڕەوایی خۆیان لە خەڵک وەردەگرن، زووتر و باشتر لەوانەی دیکە بە خۆیاندا هاتنەوە و لە ئاکامی هاوبیریی گشتی و هەمەلایەنەی خۆیاندا ڕێگاچارەی گونجاویان بۆ پرسی پەروەردەی وڵاتەکەیان دۆزییەوە و توانییان تا ڕادەیەک پێش بە خەساری زیاتر بگرن. لە بەرانبەردا، ئەو وڵاتانەی کە گوێ لە دەنگ و بۆچوونی دڵسۆزان و چالاکانی گەلی خۆیان ناگرن و بۆ چارەسەریی پرسی قەیراناویی پەروەردە تەنیا فێری دەستووردانی ستوونی بوونە، هەروا لە گێژاوی بێسەرەوبەرەییدا دەسووڕێنەوە و کۆمەڵگا و قوتابخانەکانیان هەروا بەردەوام قوربانیی لێ دەکەوێتەوە.

مژاری ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان بریتییە لە: «مامۆستایان پێشەنگی وەختە قەیراناوییەکانن و داهاتوو لەدەست ئەواندایە». هەروەها لە درێژەدا هاتووە: «دەبێ ئەم بۆنەیە بکرێتە دەرفەتێک هەتا لەودا نرخ بۆ پیشە و کەسایەتیی مامۆستایان دابنرێت.

پێویستە هەمووان بەبێ جیاوازی گوێڕایەڵی دەنگی مامۆستایان بن، چونکە جێگەی ئەوان لەنێو جەرگەی پرسی فێرکاریدایە.

بۆ ئەوەی مافی فێرکاری لەژێر هەڕەشە و گوشاری نەخۆشیی گشتگیری کۆڤید-١٩ لەنێو نەچێت، دەبێ دەمودەست و لە هەر کاتێکی تر پێویستترە کە بە پیر بانگەوازی مامۆستایان و وانەبێژانەوە بچین. هەروەها لەم بارودۆخە هەستیارەدا پێویستە کە مامۆستایان وەک پێشڕەو بێنە مەیدانی تێکۆشان و بە هانای چینی ناسک و هەستیاری کۆمەڵگای خۆیانەوە کە هەمان قوتابییانن بچن و درزی پرسی فێربوون بە کەمترین ڕادە بگەیەنن».

مامۆستایانی بە هەڵوێست و چاوکراوەی کوردستان!

یەکیەتییەکەمان پێی وایە کە ئەگەر بەپێی ڕێنمایی و دروشمەکانی ئەمساڵی بانگەوازی ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان بووایەت، دەبا ئێوە بۆ خۆتان وەک مامۆستایانی دڵسۆز و بەئەزموون یان نوێنەرە پیشەییەکانتان وەک سەرەکیترین فاکتەری بەرچاوی داکۆکیکار لە پرسی پەروەردە و فێرکاری، بەشداری تێکڕای کوڕ و کۆبوونەوەکان بوایەن و لە نزیکەوە و بە وردبینی ئایینامە و بڕیارەکانتان بە مەبەستی هەرچی باشتر ئیدارەکردنی قوتابخانەی ئەم سەردەمە هەستیارە چاودێری بکردایەت.

هەروەها دەبوایەت کە ڕێکار و دەنگی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی سەر بە توێژی مامۆستایان وەک پێوەرێکی یاسایی و شەرعی لە بەرچاو بگیردرێن و بە «پێشەنگ» ناوزەدیان بکردایەن.

کەچی مەخابن وەک دەبینین ڕاستییەکان دروست بە پێچەوانەن. دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئاخوندە دنیاپەرستەکان لە کوێ و قەبووڵکردنی چەمکی سەردەمییانەی «مامۆستای پێشەنگ» لە کوێ؟!

بە چاوخشانێک بە دۆخی ئەمڕۆی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاران، ئەو ڕاستییەمان بە ساناهی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بۆچی ڕێگەی بەشداریی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە پرسە گرینگەکان دەگیردرێت. بەرپرسانی پلەباڵای بواری پەروەردە کە خاوەن شیاوەتی نین و هەموو گەندەڵ و گوێ لە مستن، لە ئاشکرابوونی ئاکارە هەڵەکانیان دەترسن، هەر بۆیە لەگەڵ هەر جۆرە بەشداری پێکردنێکی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ئەم ڕۆژانە دژایەتی دەکەن.

بڕینەوەی حوکمی جۆراوجۆری دادوەری وەک زیندان، دەرکردن، دوورخستنەوە و هتد کە لەژێر تۆمەتگەلی هەڕەشە بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی و تەبلیغ بە دژی نیزام دەر دەکرێن، بۆ ئەوەیە کە ڕێگە نەدەن مامۆستایان بە هێنانە بەر باسی مافەکانی خۆیان و قوتابییان، زیان بە کۆڵەکەکانی زوڵم و ستەمی دەسەڵات بگەیەنن. مووچەی مامۆستایان مەودایەکی درێژی لەگەڵ نۆرمی داهاتی ستاندارد لە ئێراندا هەیە و بە پلەیەکی بەرچاو لەژێر هێڵی هەژاریدا جێگای خۆی دەبینێتەوە.

ئەوەش لە ئاکامی سیاسەتی ناحەکیمانەی دەسەڵاتی تارانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تێکڕای ئەو هەوڵانە بە دژی بڕیارەکانی یوونیسکۆ و ڕاگەیەندراوەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژی جیهانیی مامۆستایانن.

قوتابییانی خۆشەویست و بنەماڵە بەڕێزەکان!

دەسەڵاتی فێڵاوباز و فریوکاری ویلایەتی فەقیە وەک لە دروشمە سەرەکییەکانیدا دەردەکەوێت، باوەڕی بە هیچکام لە بڕیارەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکان و یەک لەوان یوونیسکۆ نییە، بەڵام بە مەبەستی فریوکارانە لە زۆربەیاندا ئەندامە و لە ڕێگەی نوێنەرەکەیەوە ئایینامە و بڕیارەکان واژۆ دەکات.

جیا لەو گرفتانەی کە باس کران، هەمووان دەزانین کە لە ئێران مافی یەکسان و بەرانبەر بۆ تێکڕای قوتابییان لە ئارادا نییە، پرسی فێرکاری بە ئاشکرا بازرگانیی پێوە دەکرێت، کار و چالاکیی مامۆستایان چ وەک تاک و چ لەنێو ڕێکخراوە پیشەییەکانی خۆیاندا خراونەتە ژێر سێبەری نگریسی حەراسەت، بەسیج، گوزینش، ئەماکن، سپای پاسداران و ئیدارەکانی سەر بە ئیتلاعات.

قوتابییان بە شێوەی زۆرەملێ و لە ڕێگەی تەماع وەبەرنان بە نیزامی دەکرێن و وەک ئامرازی سیخوڕی لە ڕیزەکانی بەسیج و سپا کەڵکی خراپیان لێ وەردەگیرێت، مافی خوێندن بە زمانی دایکی زەوت کراوە و پارێزگاری لە کولتووری کەمینە نەتەوەییەکان مانای نییە، نوێنەری مامۆستایان، قوتابییان و بنەماڵەکانیان لە هیچکام لە ناوەندەکانی بڕیاردان ڕێگەیان پێ نادرێت، ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان زۆر ناسەردەمیانە، شۆڤینیستانە و ڕەگەزپەرستانەن. جوغرافی و مێژوو بە شێوەیەکی دژە مرۆییانە دەستکاری دەکرێن و لە بەرنامە و پرۆگرامە فێرکارییەکان مافەکانی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێن.

سەیر لەوەدایە کە ڕێژیمی ئێران لە ڕێکخراوی یوونیسکۆدا ئەندامە و تێکڕای یاسا و ڕێساکانی ئەو ناوەندەی پەسەند کردووە.

لە تێکڕای ئەمانە گرینگتر، لە دانیشتنی بڕیاری ١٩٩٤ کە ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبر وەک ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان دیاری کرا، نوێنەری ئێران بەشداریی تێدا کرد و بەرنامە و پەسەندکراوەکانی ئەم بۆنەیەی واژۆ کردووە.

کەچی لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ شوێنێک ئاوڕی لەو یادە نەداوەتەوە و هەست بە بەرپرسیارێتی ناکات.

بەدڵنیاییەوە هۆکاری تێکڕای ئەو کەمتەرخەمیگەلە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوەڕۆکی نیزامی ویلایەتی فەقیە ئەوەندە بێ نرخە کە ڕووی ئەو جۆرە مەجلیسانەی نییە.

خۆشەویستان!

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران، بە ڕێز و حورمەتەوە یادی ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان دەکاتەوە و بەم بۆنەوە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی تێکڕای مامۆستایان و وانەبێژانی دڵسۆزی کوردستان دەکات، بە تایبەتی ئەو ڕۆڵە نیشتمانپەروەرانەی کە بە سەخاوەتەوە ئەرکی قورسی ئەم پیشە پڕبایەخیان لە ئەستۆ گرتووە و سەرەڕای گرفت و ئاریشە دژوارەکانی بە هەڵوێستەوە هەنگاو دەنێن.

هەر ئەوە لە مامۆستایانی چاونەترسی کوردستانی داگیرکراومان چاوەڕوان دەکرێت کە وەک هەمیشە پشت بە دوژمن و ڕوو لە گەلە ستەملێکراوەکەمان تێبکۆشن و بە ئیلهام وەرگرتن لە دروشمی ئەمساڵی ڕێکخراوی جیهانیی مامۆستایان، لە بوارەکانی دیسپلین، گەلدۆستی، خۆڕاگری و مافخوازی بن، پێشەنگایەتیی خۆیان بۆ هەمووان نیشان بدەن.

مێژوو نیشانی داوە کە ئەگەر بەجێ بەرپەرچی پیلانەکانی دوژمنی ماف و ئازادییەکان نەدەینەوە، ئەرکی داهاتووی خۆمان و نەوەکانمان لەوەی کە هەیە قورستر دەبێت.

لە هەمان کاتدا داوا لە قوتابییانی چاوگەشی کوردستان دەکەین کە لەژێر چرای ڕووناکیی گەورە بە ئەزموونەکانیان، مامۆستایانی پێشەنگی خۆیان بدۆزنەوە و لەژێر ئامۆژگارییە بەنرخەکانیان یەکدڵ و هاوپەیمان هەتا دەرکەوتنی خۆری ڕزگاری و هاتنەبەری داری سەوزی ئاواتەکانیان لەگەڵیان بمێننەوە.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی**
**١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی**

## درێژەی پەیڤ

خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی لە نێو نەتەوەکان لە ئێراندا لە سەر پەیامی ڕەزای پاڵەوی ڕانەوەستاوە تاکوو گەر گوێڕایەڵی ئەو نەبووین، ئیدی خەبات وێران دەبێ و بە ئاوات ناگەین، بەڵکوو ئەوە ئەو و ئەوانیترن کە بە ڕوونی دەبێ بڵێن کە کام ئێرانیان مەبەستە تاکوو بزانین خۆ لەو ڕوئیایەدا دەبینینەوە یان نە؟ ئێرانی یەك نەتەوەیی بە مافێکی بچکۆلەی شارۆمەندییەوە یان، ئێرانێك کە پێك هاتووە لە پێکەوەبوونی دڵخوازانەی هەموو نەتەوەکان؟ دەبێ خەتی خۆیان دیاری بکەن و بزانین لە کام لای هێڵەکەن، بەردەوامیی شۆڤێنیزم یان بڕوا بە هاوتایی و یەکسانیی نەتەوەکان لە ئێراندا؟

**خوێنەرانی خۆشەویستی «کوردستان»، لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەڕێز فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردانێکی مەیدانیدا هێزەکانی پیشمەرگە و سەنگەرەکانیانی بەسەر کردەوە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم سەفەرە و دوایین بارودۆخی هێزی پێشمەرگە و هەروەها دوائاڵۆگۆڕە ناوچەییەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کۆماری ئیسلامی تەلەفزیۆنی تیشک وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێزیان پێک هێنا کە بەهۆی گرینگی باسەکانی ئەم وتووێژە، دەقی هەڤپەیڤینی ئاماژەپێکراو لێرەدا دەخرێتە بەرچاو و دیدی ئێوەی خۆشەویست.**



بینەرانی خۆشەویستی تیشک ئەم کاتەتان باش. لە بەرنامەیەکی تایبەتی دیکە هاتینە خزمەت ئێوەی ئازیز، میوانی ئەم جارەی بەرنامەکەمان بەڕێزلێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکرات و هەروەها فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. **بەڕێزکاک مستەفا هیجری زۆر بەخێر بێن بۆ بەرنامەکەمان.**

-زۆر سپاس

**مژاری ئەم بەرنامە لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوەیەکی کورتە لە دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و جیهانی پەیوەندیدار بە ئێران و کۆمای ئیسلامی و هەروەها دوا سەفەر یا باشترە بڵێین دوا دیداری بەڕێز هیجری لە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. یەکەم پرسیارمان کاک مستەفا ئەوە ئەبێت کە وەک ئاگادارن لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕووداوێکی مێژوویی هاتە گۆڕێ. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئیسرڕاییل و دوو وڵاتی عەرەبی واتە بەحرەین و ئیمارات. ئەم مەسەلە دژکردەوەی توندی سەرانی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە. تاران لە چی نیگەرانە؟**

-تاران بە بۆچوونی من لە چەند لایەنەوە نیگەرانە و نیگەرانییەکەشی بە نیسبەتی خۆی لە جێی خۆیدایە، یەکەم شت ئەوە کە وڵاتانی عەرەبی کە پێشتر کەم و زۆر یارمەتی فلستینییەکانیان دەدا ئەگەر بڵێم بە شێوەیەکی ئاشکراش نەبێ دوژمنایەتیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکرد بەخاتر ئەو داگیرکارییەی کە خاکی فلستین کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا ماوەتەوە و دەیانویست خۆیان بە یار و پشتیوانی فلستین نیشان بدەن لە نێو کۆمەڵگای عەرەبیدا و هەروەها لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا چەشنێک هاوپەیوەندی لە سەر ئەو مەسەلەیە هەبوو چوونکە پێشتریش دوای شەڕی شەش ڕۆژە کە وڵاتانی عەرەبی لە شەڕ لە دژی ئیسرائیل شکستیان خوارد و بەشێک لە خاکی میسر و ئۆردۆن کەوتە دەستی ئیسرائیل ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ئیسرائیل ئاشت بوونەوە و بەشێکی زۆر لەو خاکەی کە داگیر کرابوو توانیان بە دەستی بێننەوە؛ ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو دوو وڵاتە لە لایەن کۆمەڵگای عەرەبییەوە لە ڕاستیدا خرانە پەراوێزەوە و لەو دەمەوە هەر وڵاتێکی عەرەبی ویستبای کە لەگەڵ حکوومەتی ئیسرائیل پەیوەندی ڕێک بخات یا پەیوەندییەکەی ئاسایی بکاتەوە دەکەوتە بەر تانە و لۆمەی وڵاتانی عەرەبی بەڵام ئەو جارە نەک هەر ئەو ڕووداوە ڕووی نەدا بەڵکوو لە بڕیارنامەیەکیشدا کە وەزیری دەرەوەی حکوومەتی فلستین ئامادەی کردبوو بۆ کۆبوونەوەی وەزیرانی وڵاتانی عەرەبی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا قسە بکەن ئینتزاریان هەبوو کە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە ئەو ڕێککەوتننامەی واژۆ کردووە لەگەڵ ئیسرائیل مەحکووم بکرێ، مەحکووم نەکرا بەڵکوو هێندێ لە وڵاتانی دیکە خوازیاری ئەوە بوون کە دەبێ پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکرێتەوە. ئەوە لە لایەکەوە فلستینییەکانی لە واقعدا زۆرتر لە ڕابردوو خۆیان لە زوو وا دەدیتەوە بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە کە چاوی لێ دەکەین نیگەرانی ئێران لە بەر فلیستین نییە بەڵکوو زۆرتر لە بەر خۆیەتی چوونکە ئێستا ئیدی ئیسرائیل دێتە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت ئیمارات و بەحرەینیش کە دوای وی پەیوەندییەکانیان ئاسایی بووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبیش ئاسایی ببێتەوە دێتە پەنا گوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو ئاسایییبوونەوە بۆ خۆی لە بوارەکانی سەربازی، تێکنیکی و بازرگانی بەردەوام دەبێ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لە واقعدا نە ئەو سنووردارێتییەی کە حکوومەتی ئیسرائیل تاکوو ئێستا بووی لە پەیوەندی لەگەڵ کار و تێکۆشانەکەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوانە کەم دەبنەوە و بێجگە لەوە بە پێچەوانەکەیشی ئەو پەیوەندییانە دەبنە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هۆی نفووزی ئیسرائیل چ لە باری ئیتلاعاتی، لە باری ئابووری و لە باری سایبێرییەوە کە دەکەوێتە بازنەیەکی بچووکترەوە و ئێحتماڵی ئەوە دەدرێ لە داهاتوودا چەشنێک یارمەتی و هاوپەیمانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئامریکا لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ئیسرائیل ببێتە هۆی ئەوەیکە ئەوانە کاریگەری دابنێت لە سەر وەزعی نیزامی ئێران. بە گشتی ئێران ئێستا خۆی لە گەمارۆدا دەبینێ؛ گەمارۆیەکی زیاتر لە ڕابردوو بۆیە زۆر ناڕەحەتن و نیگەرانن کە ئیسرائیل دێت لە سنووری ئەواندا دامودەزگاکانی دەتوانێ دامەزرێنێ. ئەوانە پرسگەلێکن کە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی نیگەران کردووە و بۆیە لە پێشدا ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران و دواتریش هێندێکی دیکە لە بەرپرسانی پایە بەرزی ڕێژیم هێرشیان کرد بۆ سەر ئەو ڕێککەوتننامەیە و تەنانەت ئیمارات و بەحرەینیان کرد و ئەو چەند ڕۆژە دوای واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامە هەواڵی ئەوە هەبوو کە کەسێک یان کەسانێکیان لە بەحرەین دەستگیر کردووە کە خەریک بوون کاری تێرۆریستی ئەنجام بدەن و هێندێک شتی دیکە لەو بارەوە دەرکەوت.

**پێتان وایە ئەم ڕووداوە ئیدامەی هەبێ و باقی وڵاتانی عەرەبی ناوچەش بگرێتەوە؟ بۆ نموونە وڵاتێکی وەک عەرەبستان کە خاوەن پێگەیەکی تایبەتییە لە نێو وڵاتانی موسوڵمان پەیوەست دەبێ بەم کاروانە؟**

-ئەو ڕەوتە کە ئێستا دەستی پێ کردووە و وەکوو باسم کرد دوای ئەوەیکە وڵاتانی عەرەبی هیچکامێکیان ئەو قەراردادانە و ئاسایییبوونەوەی ئەو پەیوەندییانەیان مەحکووم نەکرد ئەو ڕەوتە وا وێدەچێ کە درێژەی هەبێ؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە مەسەلەی فلستین یەکجار زۆر کۆن بووە. کۆماری ئیسلامی ئێران کردوویەتی بە کەرەستەیەکی تەبلیغاتی لە دەستی خۆیدا کە ئەوە وڵاتانی عەرەبی، ئامریکا، ئیسرائیل و هەموو وڵاتانی ناوچە لێی بێزارن. لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتانە، هەڕەشە کردن لێیان و نائەمن کردنی ئەو وڵاتانە بووە هەر بەردەوامە؛ ئێستا لە هەر جێگایەکی ئەو وڵاتانەدا گرووپێکی شێعە هەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی ئەوانەوە دەست دەباتە نێو کاروباری ئەو وڵاتانە. بەهێزیان دەکا، هانیان دەدا بۆ پێکهێنانی ئاژاوە، ناسەقامگیری بە مەبەستی لاواز کردنی ئەو حکوومەتانە و ئەوە یەک بە یەک لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی هەمووی ئیدامە داوە بۆیە ئێستا ئەگەر لە پێشدا وڵاتانی عەرەبی لە خەمی ئەوەدا بوون بتوانن خاکی ئیسرائیل بگێڕنەوە سەر دۆخی خۆی و ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەی کە بریتیی بوو لەوەی ئیسرائیل پاشەکشە بکات لە خاکی فلستین و هەروەها حکوومەتی سەربەخۆی فلستین لە تەنیشت حکوومەتی ئیسرائیل پێک بێت، ئێستا ئەوان لە فکری ئەوەدان کە چۆن خۆیان لەو دەستێوەردان و ئاژاوەسازکردنەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بپارێزن. ئێستا لە فکری خۆیاندان! مادام لە فکری خۆیاندان بۆیە من پێم وابێ کە ئەو ڕەوتە ئیدامە پەیدا دەکا لە نێوان ئیسرائیل و باقی وڵاتانی دیکەی عەرەبی مەنتەقە.

عەرەبستانی سعوودیش ڕەنگە بە هۆی مەوقعییەتێکی تایبەتی خۆی کە هەیەتی بە شێوەی ڕەسمی لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانی ئاسایی نەکاتەوە بەڵام هەر ئەوەی کە دیتمان دوای ئاسایییبوونەوەی پەیوەندی نێوان ئیمارات و ئیسرائیل بۆ یەکەمین جار عەرەبستانی سعوودی ئیجازەی دا کە یەکەمین فڕۆکەی ئیسرائیلی بە ئاسمانی عەرەبستانی سعوودیدا بێتە ئیمارات و لەوێ بنیشێتەوە و ئەو ڕێگایە لە واقعدا ئێستا کراوەتەوە بە ڕووی فڕۆکەکانی ئیسراییل، ئەگەر بۆ خۆشی ڕاستەوخۆ نەچێتە نێو قەراردادی ئاسایییبوونەوە، لە واقعدا ژێر بە ژێر پەیوەندی بەرقەرار دەکا و ئاسانکاری دەکا بۆ وڵاتانی دیکەی عەرەبی بۆ ئەوەیکە بتوانن لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕەوتەدا بچنە پێشێ بۆ ئەوەی کە هەموویان پێکەوە لە دژی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بتوانن خۆیان بپارێزن.

**ڕێککەوتننامەی ئاماژەبۆکراو و واژۆکرانی لەلایەن لایەنە دژبەرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چەندە دەتوانێ کاریگەری و باندۆڕی هەبێ لەسەر ڕەوشی ئێران و نەتەوە ستەملێکراوەکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایە و لەسەرووی هەمووواندا کورد؟**

-ئەمە پرسێکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کورد یا باقی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە بەڵام مەوزوعێکە لێرەدا گرینگی تایبەتی هەیە ئەوەیە کە هەر بەو نیسبەتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە باری سیاسییەوە، لە باری نیزامییەوە لاواز دەبێ، لاوازبوونی وی دەتوانێ دەرفەتێکی باشتر پێک بێنێ بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە ژێر فشاردان و دەیانهەوێ ئەو ڕێژیمە بگۆڕن و لە جیاتی ئەو حکوومەتێکی دێموکراتیک بێتە سەر دەسەڵات کە مافی هەموو نەتەوەکانی ئێرانی بپارێزێ. لەو پەیوەندییەدا ئاسایییبوونەوەی ئەو پێوەندییانە لەگەڵ ئیسرائیل دەتوانێت ناڕاستەوخۆ تەئسیری لە سەر خەباتی گەلانی ئێران هەبێ.

**مژارێکی دیکە یا با بڵێین ڕووداوێکی گرینگی دیکە کە لەو ماوەیەدا هاتە گۆڕێ ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی میکانیزمی ناسراو بە ماشە یا پەلاپیتکە لە لایەن دەوڵەتی ئێستای ئامریکا دژ بە کۆماری ئیسلامی بوو، بینیمان کە لە شۆرای ئەمنییەت و یەکییەتی ئورووپایش کۆمەڵێک دژکردەوە نیشان درا بەرامبەر بەم مژارە بەڵام دۆناڵد ترامپ ڕاستەوخۆ ڕایگەیاند کە میکانیزمی ماشە چالاک دەکات و لە یەکەم هەنگاویشدا بەشێک لە کەسایەتییە حەقیقی و دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بەر شاڵاوی تەحریمەکانی ئامریکا. ئێران بەرەو کوێ دەچێت؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو ڕووداوە گرینگە کە یەکەمیان ئەو هاوپەیوەندییە یا ئەو لێکنزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل لە مەنتەقە و ئەم فشارە چەندقاتانەی کە ئامریکا ئەیخاتە سەر کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی بەرەو کوێ دەچێت و داهاتووی ئێران چۆن دەبینن؟**

-گەڕانەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان ئەوەی کە پێش بەرجام هەبوو بۆ سەر ئێران بە پێی مێکانیزمی پەلاپیتکە زۆر ئاڵۆزە؛ یانی لەڕاستیدا لەلایەکەوە وڵاتانی ئورووپایی کە ڕێککەوتننامەی بەرجامیان واژۆ کردووە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئامریکا دژایەتی دەکەن و ئامریکا ڕایگەیاندووە کە نەخێر ئەوە لە جێگای خۆیەتی چوونکە ئەویش یەکێک لەو کەسانە بووە کە ڕێککەوتننامەکەی ئیمزا کردووە. ئێستا کێشە هەیە لە نێوان ئەو دووانەدا! ئەوەی کە تاکوو ئێستا عەرزت دەکەم دەردەکەوێ ئەوەیە کە وڵاتانی ئورووپایی کە شەریکەکانی ئامریکان لە ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی بەرجامدا هاوکاری ناکەن لەگەڵ ئامریکا بۆ بردنە پێشی ئەو سیاسەتەی بەڵام ئامریکا بۆ خۆی فشاری زیاتر بە کار دێنێ بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو کۆمپانیانەی کە لەوە بەدوا ڕێککەوتننامەی بازرگانی یا هەر چەشنە یارمەتییەک لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرقەرار کەن ئەو کۆمپانیایانە لە هەر جێگایەک بن تەنانەت ئەگەر لە چین و ڕووسیەش بن ڕایگەیاندووە کە ئەوانە دەخاتە ژێر گەمارۆوە؛ ئەوە بۆ خۆی کاریگەری دادەنێت لە سەر گەمارۆی زیاتری ئێران. مەبەستم ئەوەیە کە عەینی ئەو گەمارۆ نێونەتەوەییانە ناگەڕێنەوە سەر ئێران بەڵام گەمارۆکان کە ئامریکا خستوویەتە سەر ئێران توندتر دەبێتەوە بۆیە لەگەڵ خۆیدا تەئسیراتی زۆر زیاتر بۆ سەر ئێران دێنێ.

**لە ڕۆژانی ڕابردوو ئێوە سەردانێکی مەیدانیتان کرد بۆ چیاکانی کوردستان و لە نزیکەوە هێزی پێشمەرگە و سەنگەرەکانی پێشمەرگەتان بە سەر کردەوە پێش لە هەموو شتێک ئەم سەردانەی ئێوە و بڵاو بوونەوەی هەواڵەکەی دڵخۆشییەکی زۆری هەم لە نێو پێشمەرگەکانی حیزب و هەم لە نێو خەڵک لە نێوخۆ بە دوای خۆی هێنا، ئامانجی سەرەکیتان لەم سەردانە مەیدانییە چی بوو؟ لەم چاوپێکەوتنەتاندا چیتان بۆ دەرکەوت؟**

-ژمارەی ئەو پێشمەرگانەمان کە لە شاخدان بە نیسبەتی دوو سێ ساڵی ڕابردوو ژمارەکەیان زۆر زیادی کردووە. ئێمە پێویست بوو لە نزیکەوە لە باری جوغرافیاییەوە، لە باری ئیمکاناتی ژیان و خەباتیان لە نزیکەوە بیانبینین، لەگەڵ خۆیان لە تەماسدا بین، گوێ بگرین لە قسەکانیان و لەگەڵ فەرماندە نیزامییەکان لە شاخ کە لەگەڵ پێشمەرگەکانن قسە بکەین. ئەوانە هەموو لە واقعدا هۆکارگەلێک بوون کە پێویستی دەکرد ئەمن بۆ خۆم لە نزیکەوە ئەو وەزعییەتە ببینم. ئەوە بوو کە چووم لە نزیکەوە وەزعییەتەکەم چاو لێ کرد و ئەوەی کە پێویست بوو بە نەزەرم گەیشت لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەو پێداویستییانەی کە لەوێ هەمانە و کەموکوڕییەکان کە لەوێ هەمانە هەم لەگەڵ پێشمەرگەکان و هەم لەگەڵ فەرماندەکان قسەمان کرد و دواتریش بڕیاری پێویستمان دا بۆ ئەوەی کە چ کارێک بکەین بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕییانە کەم ببنەوە.

**وره و وزەی هێزی پێشمەرگە چۆن هەڵسەنگێنن ئێوە کە لە نزیکەوە هەم لەگەڵ فەرماندەکان و هەم لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دانیشتنتان هەبووە. ئاستی ورەیان چەندە بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هێرش و پەلامارە بەردەوامانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ڕابردوودا هەیبووە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانمان؟**

- بە نیسبەتی ئەو وەزعییەتەی کە لەوێ هەیە کە بە تایبەت لەو ساڵدا شەش مانگی ڕابردوو پێشمەرگەکان هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوونە، لە حاڵەتی جەولە و حەرەکەتی زۆر سەنگیندا بوونە بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەو ورە و ئامادەییەی کە لە نێو ئەواندا دیتم بەڕاستی بۆ خۆیشم جێگای دڵخۆشی بوو. نەک هەر ماندوویەتیم تێیاندا نەدیت بەڵکوو هەموویان داواکار بوون کە دەبێ زیاتر فەعالییەت بکەن، مەئمووریەتیان پێ بسپێرین؛ پێشنەهادیان هەبوو بۆ ئەوەی کە چۆن حەرەکەت بکەن، چۆن ئەرک و وەزیفەکانیان جێبەجێ بکەن و فەرماندەکانیش لەوێ هەر بەو شکڵەی ئامادەگیان هەبوو لەگەڵ ئەوە کە ژیان لەو شاخەدا زۆر ئاسان نییە و زەحمەت و کەموکوڕی زۆری هەیە بەڵام بەو حاڵەشەوە هەموویان زۆر ئاگا بوون. ئەو پێشمەرگانەی کە ئێستا لە شاخ هەن بە تایبەتی ئەوانەن کە لە دوای ڕاسان هاتوون و جوابی بانگەوازی ڕاسانیان داوەتەوە و هاتوون بۆ ڕیزی پێشمەرگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەوانە زۆربەیان خەڵکی خوێندەوارن کەسانێکن کە خوێندنی دانشگایان تەواو کردووە لە مەجمووعدا زۆر بە ئاگاهییەوە هاتوون ئەو ڕێگا و ڕێبازەیان هەڵبژاردووە؛ بۆیە بە نەزەری من هیچ کەموکوڕییەک تەئسیریان تێدا ناکا و بە بیر و باوەڕەوە، بە ئیرادەوە ئامادەن لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا خەبات بکەن بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لابردنی ئەو زوڵم و زۆرەی لە سەر شانی خەڵکەکە هەیە. شتێکی سەرنجڕاکێشتر کە چاوم پێی کەوت حزووری بەرچاوی کچەکانن کە هاتوون و تێکەڵ بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە؛ وەکوو پێشمەرگە کوڕەکان لە هەموو کاروبارەکاندا وەک جێگا سازکردن، مەشق و جەولە و حەرەکەتدا ئامادەن. گلەییەک کە ئەوان هەیانبوو ئەوە بوو کە ئەرکیان زۆر پێ ناسپێردرێ. ئەوان ئامادەگیان دەردەبڕی کە حازرن بۆ هەر کار و فەعالییەتێک کە حیزب پێیان بسپێرێ. ئەمە جێگای دڵخۆشی بوو! لەو بارەوە جێگای دڵخۆشی بوو کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە زۆر بواردا جوابی داوەتەوە یەکێک لەوانە لەو بەشەدا ئەوەیە کە کچان و کوڕانی ڕۆژهەڵات بە ئاگاهییەوە هاتوون گوێیان لە دەنگی ڕاسان بووە. ئامادە بوونە مولحەق بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ ئەوەی کە ڕۆژهەڵات بەهێز بێ. ئەمە جێگای دڵخۆشییە.

**لە چاوپێکەوتنەکەتاندا چەندین کۆبوونەوەتان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ئەنجام دا و سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەتان کرد. هەڵسەنگاندنتان بۆ ئامادەیی هێزی پێشمەرگە لەباری زەینی و فکرییەوە چۆنە؟ ئایا پێتان وایە کە لە بواری مەعریفییەوە ئامادەن؟**

درێژە لە لاپەڕەی ٥

## درێژەی لاپەڕەی ٤

-لـە بـاری ئاگاهییـەوە دەتوانـم بڵێـم ئاگاهی لەو بارەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێژیمێکی سەرەڕۆیە، مافی خەڵک پێشێل دەکا و بە تایبەتی مافی گەنجەکان هەم لـە ڕۆژهـەڵات و هـەم لـە ئێران دەتوانم بڵێم بەڵێ. بۆ ئـەوەی کـە ئـەوان بتوانـن بـە مافەکانی خۆیان بگەن یەکەمین هەنگاو ئەوەیە کە دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەمێنێ بۆیە ئـەوە ئیرادەیەکی بەهێزی داوە بەوان بۆ ئەوەی کە بێنە مەیدانەکە؛ بەڵام ئەوەیکە وەکوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ کاروباری نیزامی و سیاسی تێکۆشانیان هەبووە و ئەویش بەرچاو بووە دەتوانم بڵێم لە ناوەندەکانی فێرکردنی پێشمەرگە ئەوان بار هاتوون و دواتریش ئەو شتانەی کە لە ناوەند فێری دەبن بە شێوەی عەمەلی لە شاخ بەڕێوەی دەبەن؛ لە باری سیاسیشەوە ئێمە کادری سیاسیمان هەیـە کـە هـەر لـە خۆیـان پـەروەردە کـراون. کوڕ و کۆبوونـەوە و باسـی سیاسـی لـە نێویاندا بەردەوامـە و ئـەوەش بۆ خۆی توانیویەتی کە پێشمەرگەکان باش بار بهێنێ؛ یانی پێشـمەرگەکان هـەم لـە بـاری جیسـمی و هـەم لـە بـاری فیکری و هەمیش لە بـاری پەروەردەیی حیزبییەوە باش پەروەردە کـراون. دیـارە مەبەسـتم ئـەوە نییـە هیچ کەموکوڕییـەک نییـە چوونکـە بـە تایبەتی کە لەو ماوەی لە شاخ بوونە هەم ئەمسـاڵ هـەم پارەکـە، بەڵام بـە تایبەت ئـەو سـاڵ بە هۆی ئـەو ئامادەباشییەوە، بـەو جـۆرە کـە پێویسـتە و بەرنامەڕێـزی بۆ کـراوە نەیانتوانیوە کوڕ و کۆبوونەوە پێـک بێنـن بـەڵام بـەو حاڵەشـەوە بـە خۆشییەوە لە ئاستێکی زۆر باشدان. باش لـە ئەرکـی خۆیان شـارەزان، ئەرکەکانی خۆیان باش دەناسن و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو مەسـەلەدا گیر و گرفت زۆر کەمە.

**لـە یەکێـک لـە کۆبوونەوەکانتانـدا کـە لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە بەڕێوەتـان برد ئیشـارەتان بـە خاڵێـک کـردووە و دەڵێن: پێشـمەرگە یـا با بڵێین هێزی پێشـمەرگە زامنی سـەرکەوتنی خەباتـی نەتەوایەتی گەلی کوردە! بۆچی؟**

- گەلی کورد بە گشتی و ئێمە بە تایبەتی وەکـوو کـورد لە کوردسـتانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕێژیمێکی دڕەندە بەرەوڕووین کە بـە هیـچ جۆر مافـی نەتەوەی کـورد بە ڕەسـمی ناناسـێ و بە هەموو شـێوەیەک خەڵکەکـە سـەرکوت دەکا؛ گرفتیـان بۆ پێـک دێنێ؛ لە باری ئابووری دەیانخاتە گەمـارۆوە؛ لـە هەموو شـتێک بێبەشـی کردوونـە. بۆ ئـەوەی کە ئـەو ڕێژیمە لا بچێت ئـەوە ئێمـە ڕاسـانمان ڕاگەیاندووە کـە ئامانجـی ئەوەیـە ڕۆژهـەڵات ببێتـە هێـزی شـوێندانەر. چونکـە ئەگەر هێزی شـوێندانەر نەبێ ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمـە وەحشـییەدا خـۆ ڕابگـرێ و لـە دونیـادا حیسـابی بۆ بکـەن. یەکێک لە بەشـەکان کە دەتوانێ ڕۆژهەڵات بکا بە هێزی شـوێندانەر بوونی پێشمەرگەی بە ئیـرادە، ئـاگا و پـەروەردە کـراوە؛ بریا وا نەبوایـە و ئێمەیـش لەگـەڵ حکومەتێک ڕووبـەڕوو بوایەتیـن کـە توانیبامـان بـە خەباتـی مەدەنـی ویسـت و داخـوازی خەڵکەکەمـان وەدی بێ بـەڵام ئێمە لەگەڵ ڕێژیمێک ڕووبەڕووین کە هێزی ڕەقیـش بۆ ئـەو مەبەسـتە پێویسـتە بۆیە پێم وایە کە هێزی پێشمەرگە لە تەنیشت خەباتی خەڵکدا شـتێکی زەرووریيە و بە بێ هێزی پێشـمەرگە ئـەو خەباتە ناچێتە پێشێ و بە ئەنجام ناگا بۆیە پێم وایە کە پێشمەرگە زامنی سەرکەوتنە.

**لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ڕەسمی حیزبی دێموکراتـدا ئێـوە کەڵـک لە دەسـتەواژەی «هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان» وەردەگـرن بـەڵام عەمەڵەن ئێمـە دەبینین کـە پێشـمەرگەی هیـچ ڕێکخراوێکـی سیاسـی دیکـەی کـوردی لـە ڕیزەکانی هێـزی پێشـمەرگە، ئەوەیکـە سـازماندراو لـە لای حیزبـی دێموکراتـە، بوونی نییە! ئایـا ئەمـە پارادۆکـس نییـە؟ ئێـوە چۆن دەڕواننـە ئـەم مەسـەلە؟ بۆچـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان؟ بۆچـی ناڵێـن هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات؟**

-ڕاسانی ڕۆژهەڵات زۆر چەمکی نوێی هێناوەتـە ئـاراوە کـە پێشـتر بـاو نەبـووە؛ یەکێک لەو شتانە ئەوە بوو کە ئیشارەتان پـێ کـرد. ئێمە لـە جیاتی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان دەڵێیـن هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان. ئـەو چەمکـە لەو دیـدەوە دێت کە ئێمە وەکوو حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران باوەڕمـان بـەوە هەیە کە دەبـێ بەرەو ئەوە بچین کە پێشـمەرگە ببێتە پێشـمەرگەی ڕۆژهەڵات ببێتە پێشمەرگەی کوردستان نەک هی حیزبێک. چوونکە ئێمە بە پێی تەجروبەیەک کە دیتومانە لە دەوروبەری خۆمـان بەداخـەوە وەختێـک پێشـمەرگە تایبـەت دەبـێ بـە حیزبێـک کێشـەی گـەورە درووست دەکا. ئێمـە دەمانهەوێ لـە ئێسـتاوە وردە وردە کار بکەیـن بۆ داهاتـوو کە ئـەو فەرهەنگە جێ بکەوێت کە پێشـمەرگە، پێشمەرگەی کوردستانە! پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات نییە، هـی فـڵان حیزب نییە، هی فڵانی دیکە نییـە. لـە داهاتـوودا ئێمـە وای دەبینیـن کـە دەبێ پێشـمەرگە لە ژێر دەسـەڵاتی حکوومەتێکی دێموکراتیکدا بـێ کـە خەڵکی ڕۆژهەڵات هەڵیدەبژێرێ و ئەگەر حیزبێکیـش لـەو کاتـەدا یـا جێگایـەک پێویسـتی بە پێشـمەرگە و پاراسـتن بێ، دەبێ لەو حکومەمەتـە داوا بکا و وەری بگرێ. بۆیـە ئێمە لە پەیوەنـدی لەگەڵ ئـەو مەسـەلەدا ئێسـتا ئـەو حەرەکەتەمان دەسـت پێکردووە و ئەو چەمکەمان داناوە لە سـەر نـاوی پێشـمەرگەکانمان. ئەوەش هیـچ لـە مەسـەلەکە ناگـۆڕێ کـە ئایا پێشـمەرگەی لایەنەکانـی دیکە مولحەق بـوون یـا مولحـەق نەبـوون بـەڵام ئێمـە دەمانهـەوێ ئـەو فەرهەنگە جێ بخەین. دیارە ئێستا لە ناوەندی هاوکاریشدا ئەو باسـە هەیـە کـە کۆمەڵێ پێشـمەرگەی ناوەنـد درووس بکەیـن کە سـەر بە ناوەند بـێ و ئەوەش بۆ خـۆی هەنگاوی یەکەم و سـەرەتایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. پێم خۆشـە لێرەدا بـە کورتـی ئەوەتـان عەرز بکـەم کە ئێمـە وەک حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران وا بیـر ناکەینـەوە کە تەنیا لە ئێستادا بەرنامە دابنین بزانین چ دەکەین بەڵکوو دەمانهەوێ بۆ ئایندەیەک کە پێشبینی دەکەین کوردستان ڕزگاری بێ و حکومەتی ئازادی خۆی هەبێ بۆ ئـەوەش فەرهەنگسـازی بکەیـن چوونکە فەرهەنگسـازی کـردن بـە کتوپـڕ و بـە مانگێـک و دوو مانـگ پێـک نایـە ئەگەر زۆر کاری بۆ نەکەی؛ بۆیە ئێمە ئـەو بەرنامەمـان دانـاوە و ئەو عینوانەمان بۆ پێشمەرگەکانمان ڕەچاو کردووە.

**بەپێی ئەوەیکە ئێوە لە ناساندنی ڕاسانی ڕۆژهـەڵات باسـی دەکەن، بەشـێک یان باشـترە بڵێیـن یەکێک لـە کۆڵەکەکانی ڕاسـان بریتییـە لە چالاکی پێشـمەرگانە لـە ناوخۆی کوردسـتان. ئایا پێتان وانیە کـە دەبـێ هێـزی پێشـمەرگە زیاتـر لـە نـاو خەڵکـدا بێـت و ڕاسـانی ڕۆژهەڵات هەنـگاوی بەلەزتـر بـۆ بەکردەیی کردنی ئامانجەکانی هەڵگرێ؟**

-ڕەنگـە لێـرەدا نەتوانـم هەمـوو وردەکارییەکان باس بکەم بەڵام ئەوەندەی دەتوانـم عـەرزتانـی بکـەم بـە شـێوەیەکی گشـتی ئێمـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەو مەسـەلەیەدا کاری بەردەوامـمان کـردووە و ئێسـتاش هـەر خەریکیـن بـۆ ئـەوەی کە پێشمەرگە بتوانێ لە نێوخۆی کوردستاندا حـزووری هەبـێ و ئـەوەی کـە وتوومانـە وەبەخـش بێ بـۆ خەڵکەکەمان، خەڵک بـێ هیـوا نەبـێ، بزانـێ کـە پێشـمەرگە پشـتیوانییەتی، لەگەڵیەتـی، بـۆ ئـەوەی کاری باشمان کردووە و بەرنامەی باشمان بەڕێـوە بـردووە و ئێسـتاش ئـەو بەرنامانـە هەر بەردەوامن.

**کـێ بـوون ئەو کەسـانەی کە ڕاسـانیان بەڕێوە برد و تێیدا بەشدار بوون و ڕاسانیان مودیریـەت کـرد؟ ئـەم پرسـیارە لـەوەوە سـەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵێک باس و خواست هەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەیکە هەنـدێ کـەس دەیانهەوێ خۆیان بە بکەر و ئەنجامدەری ڕاسان بناسێنن.**

-ئێمـە ڕامانگەیاندووە ڕاسـان خەباتێکی فەرەهەنـدە؛ خەباتێکـی فرەڕەهەنـد بـەو مانایـەی کـە نـەک هـەر گرووپێـک، دەستەیەک، کەسانێک لە حیزبدا بەڵکوو پەیوەندی هەیە بە سـەرجەم کۆمەڵگای کوردەواری لـە ڕۆژهەڵاتـدا. هەمـوو ئەو کەسـانەی کـە هەسـت بـە سـتەم دەکەن لـە لایـەن ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـەوە و ئامـادەن بـە هەر شـێوەیەک و هەر ئەندازە هەنگاو هەڵبگرن بۆ ئەوەیکە ئـەو سـتەمە لاچێت ڕاسـانی ڕۆژهەڵات دەتوانـێ ئەو هێزانە بە دەوری خۆیدا کۆ بکاتـەوە؛ بۆیـە دەتوانـم بڵێم کە ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات ڕاسـانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان نییـە بەڵکـوو ڕاسـانی ڕۆژهەڵاتـە. حیزبـی دێموکـرات ئـەو دەسپێشـخەرییەی کـردووە ئـەو بەرنامەی خسـتووەتە ڕوو و خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژی جیاوازەوە پێشوازیان لێ کردووە. نموونەکەی عەرزم کردن پێشـمەرگەکان، لە گەنجەکانی ڕۆژهەڵات، لە نووسەران، کە هەر کام بە شێوەی خۆی بەشداریان کـردووە، خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا یارمەتیـدەرن، یارمەتیـدەری پێشـمەرگەن لـە بەرامبـەر زوڵـم و زۆری ڕێژیمـدا خۆڕاگری دەنوێنن، ئامادەن بچنە زیندان، ئێعـدام بکرێـن، بـەڵام تەسـلیم نابن؛ بۆیە ناکرێ ئێمە ڕاسـانی ڕۆژهەڵات تایبەت بکەیـن بە گرووپێـک تەنانەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش! بەڵکوو خەباتـی ڕۆژهەڵاتـە و ئێمـە دەمانهـەوێ ئـەو خەباتە بەردەوام بێ چوونکە ئەوەش لـەو بیـر و بۆچوونـەوە سـەرچاوە دەگرێ کـە ڕێژیمێکی دڕەندەی وەک کۆماری ئیسـلامی ئێـران تەنهـا بـە حیزبێـک ڕزگاری نابێ! بەڵکـوو دەبـێ خەڵـک هەمـوو دەس بداتـێ. ئـەوە خەباتێکـە کـە خەباتـی ڕاسـانی ڕۆژهەڵاتـە هـەر لێرەشـدا ڕاسـان ناوی حیزبی دێموکراتی لـە سـەر نییـە ناڵێیـن ڕاسـانی حیزبـی دێموکـرات هەر چەنـد حیزبی دێموکرات دەسپێشـخەری کـردووە بـۆ ئـەو فکـر و بەرنامەیـە بـەڵام ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات پەیوەندی بە هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە .هەموو چین و توێژێک یارمەتیان داوە تاکـوو ئێسـتا و دڵگەرمـن، دڵیـان خۆشـە بە ڕاسـان. مەبەست ئەوە نییە کە هەمـوو ئامانجـەکان بـەدی هاتوون بەڵام ئـەو پرۆسـەیە هـەر بـەو شـێوە بە باشـی ئیدامەی هەیە و دەچێتە پێش.

**ئێـوە چەندیـن جـار لـە لێـدوان و وتووێژەکانتانـدا باسـتان لـەوە کردووە کە کـورد دەبـێ ببێتـە هێـزی شـوێندانەر و حـزووری چالاکـی هەبـێ لـە ناوچەدا و لە هاوکێشەکانیشدا. ئایا بوون بە هێزی شـوێندانەر؟ ئەگـەر نا بۆچی و ئەگـەر وڵامتان بەڵێیە چ فاکتێکتان هەیە بۆی؟**

-ئێمە هەر تەعریفێک لە هەر چەمکێک دەکەیـن، لـە هـەر بیـر و بەرنامەیـەک دەکەیـن لـە خەباتـدا دەبـێ وەزعـی کۆمەڵـگا، جۆغرافیـا و کولتـووری کۆمەڵگاکـە هەمـووی ئەوانـە ببینیـن. ئەوەیکـە تاکـوو ئێسـتا بـاو بـووە هـەر حیزبێـک بۆ خۆی هێـزی خۆی هەبووە، ئەنـدام و لایەنگـر و بەرنامـە و کار و تێکۆشـانی خـۆی هەبـووە بـۆ ئـەوەی کە بچێتە پێشـێ. ئێمە ئێسـتا بەرنامەکەمان بەرنامـەی ڕاسـانی ڕۆژهـەڵات، ئەوەیـە کـە بتوانیـن ئـەو هێزانە کـۆ بکەینەوە و هەموو پێکەوە خەبات بکەین بۆ ڕزگاری ڕۆژهـەڵات؛ لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو مەسەلەیەدا هەنگاوی باشمان هەڵگرتووە. وەکوو ئاگادارن لە ماوەی دوو سێ ساڵی ڕابـردوودا ناوەنـدی هـاوکاری پێـک هاتـووە. کۆمەڵێک هێز کە لە ڕابردوودا بـا بڵێیـن ڕابردوویەکـی زۆر ناخۆشـیان هەیـە پێکـەوە ئەمـڕۆ هـاوکاری یەکتـر دەکـەن. ڕەنگـە زۆر کـەس پێیـان وابـێ کـە ئەو هەنگاوە، هەنگاوێکی چووکەیە بـەڵام کـە تـۆ کولتـووری خەڵکەکـە و ڕابـردوو و بەکگراوەنـدی ئـەو حیزبانـە دەخوێنییـەوە دەبینـی کـە ئـەو هەنگاوە لـە یەکترشـکاندن و بۆغزانـدن وتەنانەت لـە قۆناغێکدا تەنانەت شـەڕی نێوخۆیی لـەوەڕا دەگاتە ئەو شـوێنەی کـە پێکەوە هـاوکاری دەکـەن لـە سـەر ئامانجێکـی هاوبـەش، ئـەوە بـۆ خـۆی کارێکـی زۆر گرینـگـە کـە تەئسـیر دەکات لـە سـەر ڕۆحییـە و بیروبۆچوونـی خەڵکـی ڕۆژهەڵات. ڕاسانی ڕۆژهەڵاتیش کە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا کار و تێکۆشـان دەکات ئـەو پرۆسـەیەی بـاش بردووەتـە پێشـێ. من ناتوانم ئێستا بڵێم ڕۆژهەڵات ئێستا بووەتە هێزی شوێندانەر. ئەو هێزەی کـە ئێمـە لـە ڕاسـانی ڕۆژهەڵاتدا بۆمان پێشـبینی کـردووە بـەڵام لەو پرۆسـەیەدا دەچێتە پێشێ. ئەوەش کارێک نییە کە بڵێـی بـە ڕۆژێـک و دوو ڕۆژ و ئەوانـە پێک بێت چوونکە لە باری کولتوورییەوە وەک عـەرزم کـردن وەزعییەتەکـە چـۆن بـووە. لـە بـاری جوغرافیایـەوە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و باقـی هێزەکانـی کـورد و ئۆپۆزسـیۆنی کـورد پێیـان لـە سـەر خاکـی وڵاتـی خۆیـان نییـە مەبەسـتم ڕێبەرایەتییەکەیانە. ئەوە بـۆ خـۆی مەحدوودییەتێکـی زۆری بـۆ ئێمـە پێـک هێنـاوە لە پەیوەنـدی لەگەڵ کار و تێکۆشـان و حەرەکەتەکانمـان کـە ناتوانین بە پێی هەلومەرجێک کە ئێستا پێویسـتە هەنـگاو بنێین بۆیە هەنگاوەکان بڕێـک لەسـەرەخۆن بـەڵام پرۆسـەکە دەچێتـە پێشـێ و بە بۆچوونی من تەواو جێگای دڵخۆشـییە. یانی من پێم خۆشـە ئـەوە بە خەڵکی تێکۆشـەری ڕۆژهەڵات بڵێم کە کاتێک کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەنـدرا من بۆ خـۆم پێم وا نەبوو کە لە فاسـڵەی بەینی ئەو دوو سـێ ساڵەدا ئێمـە بتوانیـن ئەوەنـدە بچینـە پێـش بەڵام بەخۆشـییەوە بەهـۆی ئاگایـی خەڵـک بەهـۆی بێـزاری خەڵـک لـە ڕێژیمـی کۆماری ئیسلامی ئەو مەسـەلەیە باش دەچێتە پێشـێ و پێم وا بێت دەبێتە هێزی شوێندانەر.

**ئێـوە وەک حیزبـی دێموکـرات بـەردەوام وتووتانە دەبێت شاخ پشـتیوانی شـار بێت و ڕاسـانی ڕۆژهەڵاتیـش لـە سـەر دوو کۆڵەکەی شـاخ و شـار ڕاوەسـتاوە. بەڵام لـە پـاش ئەوەیکـە ڕێژیـم لـە خەزەڵوەری ڕابـردوودا خەڵکانێکی زۆری لە ناوخۆی ئێـران و بەتایبـەت ڕۆژهەڵاتدا شـەهید و برینـدار کـرد کەچـی نەبینرا کـە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان سزای تاوانباران بـدات و پشـتیوانی لـە خەڵکـی ناوخـۆ بـکات !! ئەمـەش لـە کاتێکـدا بـوو کە دوابـەدوای موشـەکبارانی مەقەڕەکانـی پێشـمەرگە خەڵکی کوردستان پشتیوانیان لە پێشـمەرگەکانی سـەنگەری شاخ کرد و کوردسـتان بـە گشـتی مانـی گـرت، جەنابتـان وڵامتـان بـۆ ئەم پرسیارە چییە ؟ ئایا ئەمە دووفاقی نییە لە درووشم و کردارەکانتاندا؟**

-ئـەوەش بـۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە سـەر بەشـێک لـەو وڵامەی کە پێشـتر عەرزم کردن. کاتێک باس لە هێزی پێشمەرگە دەکەین وەکوو پشـتیوانی شـار بە مانای ئـەوە نییە کە لە هـەر ڕووداوێکدا کە لە شار ڕوو دەدا پێشـمەرگە بگاتە سـەریان و دیفـاع بـکا! بەڵکـوو ئامـادە دەبـێ بۆ ئاڵوگـۆڕەکان لـە داهاتـوودا. ئێمـە چاوەڕوان دەکەین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی ئێـران بـەرەو لاوازی زۆر زیاتر بڕوا و پێشتر باسمان لەوە کردووە پرۆسەی نەمانـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لـە چەند سـاڵ لەوە پێشـەوە دەستی پێکردووە و ئێمـە ڕۆژ بـە ڕۆژ دەبینیـن کـە ئـەم پرۆسـەیە باشتر دەچێتە پێشێ بۆیە هێزی پێشمەرگە ئەسڵی کارەکە ئامـادە بوونە بۆ ئەو کاتەی ئاڵوگۆڕە جیدییەکان دێنە پێشـێ. دەبێ پشتیوانی لە خەڵک بکات بـەڵام نابـێ ئێسـتا خەڵـک چاوەڕوانـی ئەوەی هەبێ کە وەختێک ڕێژیم خەڵک سـەرکوت دەکا پێشمەرگە بگاتە فریایان و یارمەتییـان بـدات. ئـەوە لـە حاڵێکدایە کـە ئەگـەر کۆمـاری ئیسـلامی حیسـاب لـە سـەر ئـەوە بـکا کـە ئـەو خەباتـە مەدەنییانـە، ئـەو خەڵکـە تێکۆشـەرەی کـە دێنـە سـەر شـەقام ،خەباتەکەیـان یا ڕێپێوانەکەیـان چەکدارییـە حەتمـەن زۆر خراپتـر سـەرکوتیان دەکات کە ئەوەش لە بـاری سیاسـییەوە بە قازانجی خەڵکەکە تـەواو نابـێ بـەڵام ئەوە بە مانـای ئەوەی نییە کە هێزی پێشـمەرگە پشتیوانی شار نییە! بەڵێ پشـتیوانی شـارە و ئەو دووانە پێکـەوە یەکتری تەکمیل دەکەن بەڵام بە پێـی بەرنامەیـەک کـە ئێمـە پێمـان وایە لە داهاتوودا دێتە پێشێ. پێویستە ئەوەش بڵێیـن کە ئەم قسـانە بەو مانایە نییە کە ئێستا پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا حزووری نەبـێ بەڵام ئـەوەی کە لـە ڕێپێوانەکاندا یا لە کاتی دیکەدا هەمیشـە هێرش بکا پێوەنـدی بـەو بەرنامانەوە هەیە کە حیزب لێکـی دەداتـەوە و پێشـمەرگە حەرەکـەت دەکات.

**کە واتە لە ئێسـتا لەم قۆناغەی ئێسـتادا هێزی پێشمەرگە زیاتر هێزی پشتیوانە؟**

- بەڵێ هێزی پشتیوانە .

**هـەر لـە پرۆسـەی ڕاسـاندا یەکێکـی دیکـە لـەو چەمکـە تازانـەی کە پێشـتر لـە نـاو ئەدەبیاتـی سیاسـی کـورد و حیزبـی دێموکراتـدا نەبـوو بریتییـە لـە «پێشـمەرگەی شـار». ئەساسـەن چ پێناسـەیەک هەیـە بـۆ پێشـمەرگەی شار؟ پێشـمەرگەی شار کێیە؟ تەنیا ئەو کەسـانەن کە ئەنـدام و لایەنگری حیزبی دێموکراتن و لە ناوخۆ چالاکی دەکەن یا نە پێناسەیەکی تری هەیە؟**

-پێشـمەرگەی شـار لـە پێناسـەی ئێمەدا ئـەو کەسـانەن کـە لـە نێوخـۆی وڵاتـدا کار و ژیانـی ئاسـایی خۆیان هەیە بەڵام خوازیـاری ئـەوەن کـە لە خەباتدا بەشـدار بـن وەکـوو پێشـمەرگەیەک. ئەوانە ئێمە پێیان دەڵێین پێشـمەرگەی شـار بە مانای ئـەوە کـە وەک پێشـمەرگە پـەروەردە کـراوە، ئامـووزشی دیتـوە، چەکـی لـە ئیختیاردایە و هەر وەختێکی کە پێویست بـێ کارێکـی پـێ بسـپێردرێ جێبەجێـی دەکات؛ ئەوانـە پێشـمەرگەی شـارن. بێجگە لەوانە پێشبینی ئەوە کراوە ڕەنگە لـە داهاتـوودا وەزعەکـە ئاڵوگۆڕێکـی وای بە سـەردا بێ کە پێشـمەرگەی شاخ زۆر بـە ئاسـانی نەتوانـێ دەسـتی بـە نێو شـارەکان ڕابگات کەواتـە دەبێ هێزێکی جێگـرەوەی هەبێ کە بتوانێ بەتاڵاییەکە پـڕ بکاتـەوە و هـەروا بەتـاڵ نەمێنێتـەوە ئەوە ئەو بەرنامەیە کە ئێمە پێشـمەرگەی شـارمان بۆ پێک هێناوە و ئەوە زۆر باش چووەتـە پێشـێ و لـە داهاتـوودا زیاتریش دەچێتە پێشێ.

**ئەوەیکـە تاکـوو ئێسـتا بینـراوە هێـزی پێشـمەرگەی کوردستان بە هەمان چەک و بە هەمان تاکتیکی چەند دەیەی ڕابردوو بەردەوامە لە خەبات بەڵام دوژمنی کورد واتە کۆماری ئیسـلامی لـە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو بەردەوام بوودجەی تایبەتی تەرخـان کـردووە بۆ ئەوەی کـە لە بواری تەجهیزاتی نیزامییەوە، لەباری کەرەسـتە و ئامێـری پێویسـت خۆی بـەڕۆژ بکات. بۆچـی هێـزی پێشـمەرگە ناتوانێت خۆی بەڕۆژ بکات لە بواری نیزامی؟**

-وەختێـک باسـی پێشـمەرگە دەکەیـن وەکـوو هێزێـک، دەبـێ ئـەوە بزانیـن کە هێزێکـی پارتیزانـی حەرەکـەت دەکا و پارتیزانیـش لە هەموو شـوێنێکی دونیادا کە پێک هاتووە لەبەر ئەوەیە کە توانای بەربەرەکانێی ئەرتەشـی پوشتەوپەرداختی نییـە کـە بـە کەرەسـتەیەکی زۆرترتەیار کـراوە. هێـزی پێشـمەرگەیش هێزێکـی پارتیزانـە کـە ناتوانـێ خـۆی وەکـوو هێزەکانـی ڕێژیـم پۆشـتە و پرداخـت بکا جیاوازییـەک کـە لێرەدا هەیـە ئەوەیـە کـە ئەگـەر هێزەکانی ڕێژیم پۆشـتە و پەرداختن وەکوو باستان کرد بە درووستی دەسـتیان بە زۆر تێکنیکی ئەوڕۆی دنیا گەیشـتووە. بە تایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەرکوتی خەڵکەکەی خـۆی و بـە تایبـەت خەڵـکی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات لـە ئاخریـن تێکنیکەکانـی کەڵـک وەردەگرێ. تێکنیکـی نیزامی، سـایبێری و ئابـووری. بـەڵام پێشـمەرگە ئاگاهانـە و بـە ئیـرادەوە دێتـە مەیدان لە موقابیلـی ئـەو دەزگا سـەرکوت و بڵێیـن تەیـارەدا خـۆ ڕادەگرێ. دیـارە ئێمەش بە نیسـبەتی خۆمـان کارمـان کـردووە بـۆ ئـەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە سـەر وەزعییەتی ئیمکاناتـی پێشـمەرگە پێک بێنین بەڵام سروشـتییە کـە ناتوانـێ بارتەقـای ئـەو ئاڵوگـۆڕانـە بـێ کـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی پێکـی دێنـێ و پێشـمەرگەی ئێمەیـش ئـەو چاوەڕوانییـەی نییـە و خەڵکیـش نابێ ئـەو چاوەڕوانییەی هەبێ چوونکـە ئێمـە شـەڕی جبهەیـی ناکەین لەگـەڵ حکومـەت. بۆمـان ناکـرێ و بـۆ شـەڕی پارتیزانیش ئەو شـتانەی کە پێویسـتن ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان داوە بۆ پێشـمەرگە دابینـی بکەیـن و لـە سـەری ڕابیبینین.

**ئەزموونـی خەباتـی پێشـمەرگە ئەزموونێکـی ئەتوانم بڵێم خوێناوییە؛ پێویسـتییەکانی ئێسـتای هێـزی پێشـمەرگەش ئێـوە وەکـوو فەرماندەی گشـتیی هێزی پێشـمەرگە بە باشی لێی ئـاگادارن؛ بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەم مەسـایلە و ئـەو وەزعییەتـەی کە ئێسـتا لـە ئێران و کوردسـتانی ڕۆژهەڵات هەیە خەباتی ڕۆژهەڵات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

-ئەمـن پێـم وابـێ ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی کـە لـە سـەرەتای هاتنـە سـەرکارییەوە تاکـوو ئێسـتا بـە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی داوە کـە خەبـات و خۆڕاگری خەڵکی کورد تێک بشکێنێ و لـە نێـو خۆیـدا بیانتوێنێتـەوە تەنانـەت توانیویەتی لە هێندێک خەڵکی نێوخۆیی ڕۆژهـەڵات کەڵـک وەرگـرێ بـە دژی خەباتکارانـی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات ،لە باری ئابوورییەوە کوردستان لە بێبەشیدا بهێڵێتـەوە. چالاکانی کـورد لەو ماوەیەدا بـە شـێوەیەکی زۆر جیاوازبەبەراورد لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـەی ئێران سـزا دراون. سـزای قـورس، تەنانـەت لـە باری کولتـووری .لە باری مێژوویەوە دەبینین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامی بە پێی پـلان و بەرنامەیەک کە لە زانکۆکانەوە دەس پـێ دەکا، لـە کتێبـی دەرسـی منداڵەکانـەوە، دەس پـێ دەکا دەیهـەوێ ئـەو خەڵکـە لـە نێو خۆیدا بتوێنێتـەوە و بیـکا بـە بەشـێک لـە خـۆی. خەڵـک موقاوەمەتـی کـردووە و ئـەو موقاوەمـەت و بەربەرەکانـێ ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە حاڵـی پەرەگرتندایـە. ئەگـەر نموونەیەکتان بۆ بێنمـەوە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی دوو ڕێبەری ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی شـەهید کـرد چوونکـە عەقڵییەتەکـەی پێـی وابـوو کـە ئەگـەر ئـەوان نەمان ئیدی ئـەوە خەباتی خەڵکی کوردیش تێک دەچێ بەڵام ئێسـتا ئەو خەباتـە هـەر لە جێگای خـۆی ماوەتەوە و حیزبـی دێموکـرات هـەر ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتییە و ڕێژیمی کۆماری ئیسـلامیش بـاش ئاشـنایە بـەو هێزە .لە بەرامبـەر ئـەو وەزعییەتـەی کـە خەڵکی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات هەیەتـی ڕێژیمی کۆمـاری ئیسـلامی سـەرەڕای ئـەو هەموو ئیمکاناتەی کە سـەرفی دەکا بۆ بەرنامەکانی بەڵام هەم لە نێوخۆ هەم لە دەرەوەی وڵات دەبینیـن کـە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرنامەکانی شکست دەخۆن و ڕوو لە کزی و لاوازی دەکەن. ئەوەی کە وتم پرۆسـەی ڕووخـان دەستی پێ کـردووە و دەچێتە پێشـێ وەختێـک ئەو دوو هێزە لە بەرابـەری یەکدا هەڵدەسـەنگێنین من پێم وابـێ کـە خەڵکی ئازادیخـوازی ئێران بە گشتی و لەو نێوەشدا بە تایبەتی خەڵکی کـورد سـەردەکەوێ، خەباتەکـەی دەباتە پێشـێ و ئـەوەی کـە نامێنێ و شکسـت دەخوا لـە نەهایەتـدا ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـە. هەر وەکوو حکومەتە سـەرەڕۆکانی دیکـە کـە دیتمـان هـەر لـە مـاوەی چـل سـاڵی ڕابـردوو چەندین حکومەتـی سـەرەڕۆی وەکـوو ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی یا لە چەشـنی وی ڕووخـان بـەڵام خەڵـک هـەر ماوەتـەوە و خۆڕاگری هەر بەردەوامە.

**وەک ئاماژەتـان پێکـرد کۆمـاری ئیسـلامی لـە سـاڵانی ڕابـردوودا کۆمەڵێـک تاکتیکـی بـەکار هێنـاوە و ئێسـتاش ڕەنگـە هەر لە سـەر بەشـێکیان هـەر بـەردەوام بێـت. یەکێـک لەوانـە میلیتاریزە کردنی زیاتری کوردستانە؛ چ سـنوورەکان چ نێو شارەکان چ گوندەکان . ئێوە وەکوو حیزبی دێموکرات چەندە ئـاگاداری جموجۆڵەکانی ڕێژیم لە سـەر سـنوورەکانن و چەنـدە هەڵسـەنگاندنتان کـردووە بۆ بنکـە و بارەگا نیزامییەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لە بـاری کەمیی و لە باری کەیفیشەوە؟**

-ئێمە لە پەیوەندی لەگەڵ جموجۆڵەکانی هێزەکانـی ڕێژیـم چ لـە نێوخـۆی ڕۆژهـەڵات و چ لە سـنوورەکان زانیاری باشـمان هەیـە و ئەو زانیارییانەش بەشـی هـەرە زۆری لـە خودی خەڵکی ناوچەکە بـە دەسـتمان دەگا و لـەو پەیوەندییـەدا خەڵـک زۆر هوشـیارانە عەمـەڵ دەکـەن و زۆر بـاش بـە ئەرکـی خۆیـان شـارەزان بۆیە ئێمە تەواو ئاگاداری ئەو جموجۆڵانە هەین.

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشـتیی حیزبی دێموکرات و هەروەها فەرماندەی گشتیی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان کـە لەم دیدارە بەشدار بوون.**

-زۆر سپاس بۆ ئێوەیش ماندوو نەبەن.

# کێن ئەوانەی خائین بە پرسی فەلەستینن؟



مستەفا هیجری

ئەنجامی شەڕی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی (٥ بۆ١٠ی ژووئەنی١٩٦٧) کە بە شەڕی ٦ ڕۆژە دەناسرێتەوە، داگیرکرانی بەشێک لە خاکی وڵاتانی عەرەبیی لەلایەن ئیسرائیلەوە لێ کەوتەوە. بە دوای ئەم ڕووداوەدا، تێکڕای وڵاتانی دیکەی عەرەبی بە ئاشکرا ئیسرائیلیان وەک دوژمن ناو برد و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بەستەوە بە:

یەکەم، پەیڕەوکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن ئیسرائیلەوە کە بریتی بوو لە پاشەکشەی هێزەکانی ئەم وڵاتە لە سەر ئەو ناوچانەی کە بەهۆی شەڕی ٦ ڕۆژەوە داگیری کردبوون.

دووهەم، پێکهاتنی حکوومەتی سەربەخۆی فەلەستین لە تەنیشت وڵاتی ئیسرائیل.

دوای ئەو شەڕە، دوژمنایەتیی نێوان میسر و ئۆردۆن لەگەڵ ئیسرائیل بە واژۆکردنی پەیماننامەی ئاشتیی نێوانیان لە سێپتامبری ١٩٧٩ و ئۆکتۆبری ١٩٩٤ کۆتایی هات. بەپێی ڕێککەوتنەکان بەشێک لەو ناوچانەی کە لە ماوەی شەڕی ٦ ڕۆژەدا دەستیان بەسەردا گیرابوو، لەلایەن ئیسرائیلەوە چۆڵ کرا و بەشێکیش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی. بەم پێیە خاکی فەلەستینییەکانیش هەروا بە داگیرکراوی لە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا مایەوە و ئەو ڕێککەوتنانەش لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامییەوە بە توندی هێرشیان کرایە سەر و بە خیانەت بە ئارمانی فەلەستینییەکان هەژمار کران.

بەم چەشنە دوژمنایەتی و کێشە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و لایەنەکانی ڕێککەوتوو لەگەڵ ئیسرائیل لانیکەم لە ڕواڵەتدا هەروا بەردەوام بوو و یارمەتییەکانیان کەم و زۆر بۆ فەلەستینییەکان درێژەی هەبوو، بەو هیوایەی ئیسرائیل لە ژێر کاریگەریی بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی فەلەستینییەکان و بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەشی داگیرکراوی خاکی فەلەستین پاشەکشە بکا. هەتا ئێستا ئیسرائیل سوورە لەسەر سنوورەکانی دوای شەڕی شەش ڕۆژە و وڵاتانی بەرهەڵستکاریش هەڵسوکەوتیان هێورترە لەگەڵ ئەم وڵاتە و دوو دەوڵەتی میسر و ئۆردۆنیش پێگەی خۆیان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە. بەو مانایە کە ئەو دەوڵەتانە لە دروشمدا دژی ئیسرائیل مانەوە و میسر و ئۆردۆنیش لە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەلانران.

بەڵام کاتێک بە نێوانگیریی دانڵد ترامپ، سەرکۆماری ئامریکا لە هاوینی ئەمساڵدا ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب ڕاگەیەنرا، نەک ئیمارات و بەحرەین لە هاوپەیمانییەتیی وڵاتانی عەرەبی وەلا نەنران، بەڵکوو بەشێک لە نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی لە کۆبوونەوەی یەکیەتیی عەرەبدا، لە دژی ڕەشنووسی ئەو بڕیارنامەیەی کە لەلایەن هەیئەتی فەلەستینییەوە بۆ مەحکوومکردنی ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل ئامادە کرابوو، ڕاوەستان و بەرەیەکیش لە وڵاتانی عەرەبی خوازیاری درێژەدان بەو سیاسەتە و ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بوون.

لە تەنیشت ئەو ئاساییبوونەوەیەدا، سعوودیەش بۆ یەکەمجار ڕێگای بە فڕۆکەوانیی ئیسرائیل دا کە فڕۆکە مەدەنییەکانی بە هەرێمی ئاسمانیی ئەم وڵاتەدا تێپەڕن.

ئێستا چەشنێک کێبڕکێ لە نێوان هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامی-عەرەبی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل پێکهاتووە و وەک سەرکۆماری ئامریکا، دانڵد ترامپ ئاماژەی پێ کرد، چاوەڕوان دەکرێ ژمارەیەکی زیاتر لەو وڵاتانە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو هەڵبگرن و ئیسرائیلیش کە دوژمنی سەرەکیی ئەم وڵاتانە و خاڵی کۆکەرەوە و هەواڵبەندییان دەهاتە ئەژمار، ببێتە دۆست وهاوپەیمانیان. لە ئەگەری درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە و ئاشکرابوونی پەیوەندییە ژێربەژێرەکانی بەشێک لەم وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیل و گرێدانی پەیمانی فەرمی، دەکرێ بڵێین ڕوخسارێکی نوێ لە هەواڵبەندیی دۆستان و هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەمریکا بە شێوەیەکی تۆکمەتر دژ بە ئێران دێتە کایەوە.

لە بەرانبەردا، هەندێک لە وڵاتان و ڕەوتە ئیسلامییەکانیش ئەم ڕووداوەیان مەحکووم کرد، یەک لەو وڵاتانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەرنامەی میرنشینەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلی وەک «خیانەت بە جیهانی ئیسلام و عەرەب و فەلەستینییەکان» ناو برد.

مەبەستی سەرەکی لەم نووسینە ئەوەیە نیشان بدەین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا کێ و چۆن خیانەتی بە ئاشتی و تەبایی لە ناوچە و پرسی فەلەستین کردووە؟

بۆ گەیشتن بە وڵامێکی ڕوون بەم پرسیارە، پێویستە هۆ یان هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە گرینگە کە ڕەوتێکی نوێ لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێکدێنێ و هاوکێشە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی ناوچەکە بە قازانجی ئیسرائیل و لە دژی ئێران دەشکێنێتەوە، دەستنیشان بکرێ.

**لە ئەگەری درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە و ئاشکرابوونی پەیوەندییە ژێربەژێرەکانی بەشێک لەم وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیل و گرێدانی پەیمانی فەرمی، دەکرێ بڵێین ڕوخسارێکی نوێ لە هەواڵبەندیی دۆستان و هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەمریکا بە شێوەیەکی تۆکمەتر دژ بە ئێران دێتە کایەوە**

**ئاکامی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی هەر لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە نێوخۆشدا ئەگەر لە ساڵانی سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە خەڵکانێک پشتیوانییان لێ دەکرد و لایەنگری بوون، ئێستا خەڵکی ئێران بە گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە حکوومەتی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی دوورکەوتوونەتەوە**

**سەرەڕای تێچوو و پلان و پڕۆپاگەندەکانی ڕێژیم لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا، ئێستا سەلمێندراوە کە ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەیەتی کە خائین بە جیهانی ئیسلام، جیهانی عەرەب و پرسی فەلەستینە و بە ناوی لایەنگری لە فەلەستینەوە مەبەستی بووە خۆی وەک جەمسەر و ڕێبەری موسڵمانان و تەنیا پاڵپشتی فەلەستینییەکان دابنێ**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتییەوە لە دژی وڵاتانی ئیسلامی کەوتە پیلانگێڕی. سەرەتا بە ناوی مافخوازیی کەمینەی شیعەوە سیاسەتی «پشتوێنەی شیعەی» کردە بنەمای سیاسەتی ناوچەیی خۆی و هەوڵی دا بە دامەزراندنی گرووپی چەکداری شیعە و سوننە، تەناهیی وڵاتانی ئیسلامی تێک بدا و دۆخی دڵخوازی خۆی جێگیر بکات. دیارە دۆخی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە قازانجی کەمینەی شیعە نەبووە و لە ڕاستیدا ئەو کەمینەیە زۆربەی جاران خۆی قوربانیی دەستی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە.

ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی پشتوێنەی شیعە ئەوە بوو کە دەسەڵاتداری لە وڵاتانی ئیسلامی لاواز بکات و لە ئاکامی ئەو لاوازییەدا، دەسەڵاتداریی وڵاتانی ئیسلامی تێک بڕووخێنێ و خەونی ئیمپراتووریی شیعە بە سەرکردایەتیی ئێران بێنێتە دی.

ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهان و ناوچەکە و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی ئێران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ناچار کرد کە سیاسەتی پشتوێنەی شیعە بۆ سیاسەتی هیلالی شیعە بگۆڕن و ئامانجی دامەزرانی ئیمپراتووریی شیعە بکرێتە ئامانجێکی لاوەکی و پاراستنی کۆماری ئیسلامی بوو بە بناغەی ئەو سیاسەتە کە لە چوارچێوەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا درێژەی پێ درا.

پشتیوانیی ئێران لە شیعەکانی وڵاتی بەحرەین لە بەرانبەر حکوومەتی ئەم وڵاتەدا، پاڵپشتیکردنی شۆڕشی حوسییەکانی یەمەن (بزووتنەوەی ئەنسارولڵلا) و تەیارکردنیان لە دژی عەرەبستان (حوسییەکان بە چاولێکەری لە ئێران دروشمی نەمان بۆ ئیسرائیل و ئامریکایان لە سەر چەکەکانیان نووسیوە و بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵگەی تەواو لە بەر دەستە کە هەندێک لەو مووشەکانەی حوسییەکان بەرەو عەرەبستان هاویشتوویانە، دروستکراوی ئێرانن)، یارمەتیکردنی شیعەکانی سعوودییە لە دژی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە و پشتیوانیکردنی حیزبوڵڵای لوبنان و ڕەوتە توندڕەوەکانی دیکە، نموونە بەردەستەکانی ئەم سیاسەتەی ئێرانن.

بە وتەی حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان، «چارەنووسی حیزبوڵلا بەستراوەتەوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە» بۆیە لە هەر جێگایەک ئێران مەبەستی بێ، بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەردەگری.

لە عێراق بەهۆی ڕێکخستن و سازدانی گرووپە میلیشیاییەکانی ئەم وڵاتە لە ژێر چەتری حەشدی شەعبی یان هەمان بەسیجی عێراق لە دوای ٢٠١٤، بە کردەوە هێزێکی سیاسی و چەکداری سێبەری هاوتەریب لەگەڵ سپای عێراقی لە بەرژەوەندیی خۆی پێکهێناوە.

کۆی ئەم گرووپە میلیشیاییانە بەهۆی سپای قودسەوە وەک لقێکی سپای پاسداران لە دەرەوەی سنوورەکان، ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت و لە ڕووی لۆجستیک و ڕاهێنان و ڕاوێژی سەربازی و چەکوچۆڵ و ماڵییەوە، پشتوانییان لێ دەکات.

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو گرووپانە و هێندێ وردە گرووپی دیکە کە هاوپەیمانی ئێران لە هاوکێشە سەربازی، سیاسی و ئەمنییەکانی وڵاتانی ئیسلامیدان، ئەوەیە کە ڕۆڵی تێکدەرانە دەگێڕن و بە نانەوەی ئاژاوە دەیانهەوێت بە پێکهێنانی بۆشاییی تەناهی و ناسەقامگیری، ئامانجی سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و ئابووریی خۆیان بپێکن. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا شەڕی بە وەکالەت لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و هاوپەیمانانی ناوچەیی ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن. هەر ئەو گرووپانەشن کە دژی مانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراقن و هەتا ئێستا چەندین جار بنکە و بارەگاکانی ئامریکا و هەروەها ناوەندەکانی دیپلۆماسی و کۆمپانیاکانی سەر بە وڵاتانی بیانییان لەم وڵاتە مووشەکباران کردووە.

سیاسەتی دژبەرانەی کۆماری ئیسلامی دژی وڵاتانی ناوچە و وڵاتانی دیکەی جیهان و هەڕەشە بەردەوامەکانی بۆ سەر ئیسرائیل بەهۆی هێزە نیابەتییەکانی کە بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵە بەردەوامە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەگرتندایە و تا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە کەمترین ئاڵوگۆڕ لەو سیاسەتەیدا پێک بێنێ؛ سیاسەتێک کە دژەکانی (ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی-ئیسلامی) لێک نزیک کردووەتەوە. وەها لێک نزیکبوونەوە و هاوپەیمانییەکیش لەجێی خۆیدایە، چونکە ئەگەر ئیسرائیل بەشێک لە خاکی فەلەستینی داگیر کردووە، لەو ماوەیەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئاراستەی پیلانگێڕی لە دژی هەموو ئەو حکوومەتانەدا هیچ سنوورێکی نەناسیوە و هەوڵی داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی ژینگەی سیاسی و ئەمنی و سەربازیی ئەو وڵاتانەی داوە. بەو واتایە کە ئێستا وڵاتانی عەرەبی-ئیسلامی لە جیاتی پشتیوانی لە فەلەستینییەکان دەبێ لە بیری پاراستنی وڵات و حکوومەتەکانی خۆیاندا بن کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مەترسیی تەناهییان لەسەرە.

هەڵبەت ئاکامی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامی هەر لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو لە نێوخۆشدا ئەگەر لە ساڵانی سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە خەڵکانێک پشتیوانییان لێ دەکرد و لایەنگری بوون، ئێستا خەڵکی ئێران بە گشتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە حکوومەتی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی دوورکەوتوونەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکدا کە ژینگەیەکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر و پانتای بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانە، ئارمانخوازیی لە چەشنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوی لێ ناوە هەناردەکردنی شۆڕش، تا دێ بواری مانۆڕدانی لە دەرەوەی سنوورەکان بەرتەسکتر دەبێتەوە. ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی دیکەی عەرەبیش لەگەڵ ئیسرائیل دوور لە چاوەڕوانی نییە.

ئاشکراشە کە پرسی فەلەستین، لە دوای تەناهیی وڵاتانی عەرەبییەوە کە بەهۆی ئێرانەوە هەڕەشەی لەسەرە، چیدی ئەولەوییەتی یەکەم و خاڵی کۆکەرەوەی ئەم وڵاتانە نابێت. ئەم پرسە لە ڕەهەندێکەوە قوربانیی سیاسەتی ناوچەییی کۆماری ئیسلامییە. هەر چۆنێک بێت ئەولەوییەتی زۆریەک لە وڵاتانی عەرەبی بەهۆی کێشرانەوەی هێڵە ژێئۆپۆلێتیکەکانی ناوچەکە و هاتنە کایەی هاوکێشەی نوێی ئابووری، سیاسی، ئەمنی و سەربازی، لە بەردەم گۆڕاندایە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە و زۆر بەڵگەی دیکەش کە لێرەدا جێگای باس نین، دەردەکەوێ سەرەڕای تێچوو و پلان و پڕۆپاگەندەکانی ڕێژیم لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا، ئێستا سەلمێندراوە کە ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەیەتی کە خائین بە جیهانی ئیسلام، جیهانی عەرەب و پرسی فەلەستینە و بە ناوی لایەنگری لە فەلەستینەوە مەبەستی بووە خۆی وەک جەمسەر و ڕێبەری موسڵمانان و تەنیا پاڵپشتی فەلەستینییەکان دابنێ و بە بیانووی هەبوونی پرسی فەلەستین و هێشتنەوەی ئەو پرسە وەک کێشەیەکی هەڵپەسێردراویش بە ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا بگات، کە ئێستا سەرەکیترینیان، مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیەتی.

# ڕێککەوتنی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، پرسی فەلەستین و دەرسێک بۆ کورد



**میرۆ عەلیار**

ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی لە واشنگتۆن و بە حزووری دانڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین، ڕێککەوتننامەی ئاساییکردن و بەفەرمیکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کرد.

دیارە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەمێژساڵە بەکردەوە واقعییەتی بوونی وڵاتی ئیسرائیلیان سەلماندووە و بە ئاشکرا و بە نهێنی لە بوارەکانی ئابووری و ئەمنییەتی پەیوەندیی غەیرەڕەسمییان لەگەڵی ڕێک خستووە.

میسر و ئیسرائیل لە ٢٦ی مارسی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی و ئۆردۆن و ئیسرائیل لە ٢٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٤ی زایینی ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردووە و یەکتریان بە ڕەسمی ناسیوە.

کاتی خۆی میسر بەهۆی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل تەنانەت لە یەکیەتیی عەرەب دەرهاوێژرا.

گرنگیی ڕێککەوتننامەی ئیمارات و بەحرەین لەگەڵ ئیسرائیل، بەتایبەتی کاتەکەیەتی کە نەک هەر پەیوەندییەکانی دنیای عەرەب و ئیسرائیل، بەڵکوو دەکرێ بوترێ دۆخی ناوچەکەی، خستووەتە قۆناغێکی نوێوە. کەشوهەوای سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕاوە و ڕەوتەکە بەرەوپێش دەچێ و دۆخەکە بە زەحمەت بەرژەوەندیی یەک بە یەکی وڵاتەکان (سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی و نیزامی).

٤: ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی شکستی گەورە هاتووە. سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دواهەناسەکانی خۆی دەکێشێ.

٥: سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا؛ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان بەمەبەستی ناسەقامگیرکردنیان، هەڵایساندن و درێژەپێدان بە شەڕی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سوننەدا، پشتیوانی لە تێرۆریزم، ڕێکخستنی گرووپگەلی چەکدار لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەدا بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری شەڕە نیابەتییەکان و ...، بەهۆکاری سەرەکیی نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی یەک لە دوای یەکی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل و لە پەراوێزکەوتنی پرسی فەلەستین ئەژمار دەکرێ.

کۆماری ئیسلامی بەکردەوە بووەتە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی وڵاتانی ناوچە، بە عەرەب و ئیسرائیلەوە.

٦: لە پەنا کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دۆڕاوی سەرەکیی ئەو قۆناغە، لانیکەم هەتا ئێستا، فەلەستینییەکانن. پرسی فەلەستین لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەدا ئەوپەڕی لە پەراوێزدا و بە تەعاروفات، دەور دەگێڕێ.

لە پەیوەندی لەگەڵ فەلەستیندا، کۆمەڵێک هۆکار پرسی فەلەستینیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا خستە پەراوێزەوە بەڵام، لە ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی فەلەستین لە غەزە و ڕامۆڵڵا و ... لەوپەڕی هەژاری و بێبەشیدا دەژین.

سیاسەتی ڕێکخراوە فەلەستینییەکان خاک و کۆمەڵگای فەلەستینی دابەش کرد و خەڵکەکەی تووشی شەڕ و دووبەرەکی کردن کە پەیوەندیی بە ماف و بەرژەوەندیی ئەوانەوە نییە و خەڵکی فەلەستین بوونەتە قوربانیی سەرەکیی وەزعەکە.

کێشە و پرشوبڵاوی، یەکگرتوویی و ئاشتیی کۆمەڵگای فەلەستینی شێواند و ئاکامەکانی وەزعەکە نەک هەر وڵاتانی عەرەبی و ئۆرووپایی، بەڵکوو خەڵکی فەلەستینیشی بێزار و ماندوو کرد. ئاخر کام مەنتق ئەوەی دەسەلمێنێ کە لەلایەکەوە خەبات بۆ وڵاتێکی سەربەخۆ بکەی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوەی هەشتە بەدەستی خۆت دابەشی بکەی و هێز و وزەی نەتەوەکەی خۆت لەپێناو دەسەڵاتخوازیی ئەم و ئەو ڕێکخراوەدا، بەفیڕۆ بدەی؟! لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی و دوای شەڕێکی خوێناویی نێوخۆیی، ناوچەی ئۆتۆنۆمی فەلەستینی بە سەر دوو حکوومەتدا دابەش کراوە: حکوومەتی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین - فەتح لە ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن و حکوومەتی «حەماس» لە لێوارەی غەزە!

هەروەها، دووبەرەکی و بەرژەوەندییخوازیی ڕێکخراوەیی، پێی کۆماری ئیسلامیی بۆ نێو جووڵانەوەی فەلەستینییەکان کردەوە: کۆماری ئیسلامی بەشێوەی سیستماتیک درز و دووبەرەکییەکانی نێوان «فەتح و حەماس»ی قووڵتر کردەوە، شەڕی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلی کرد بە شەڕی فەلەستینییەکان و هەتا پێی کرا بۆ شێواندن و بێئێعتبارکردنی بەتایبەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی، خەمی خۆی نەخوا و بەزەیی بەخۆیدا نەیە، نابێ چاوەڕوان بێ کە خەڵکی دیکە خەمی بخۆن و داکۆکی لێ بکەن و بەرژەوەندیی خۆیانی بۆ بخەنە مەترسییەوە.

یەکیەتی و یەکگرتن و یەکگوتاری موعجیزە ناکا و وەک دەڵێن «ڕێژیمیشی پێناڕووخێ». بەڵام دووبەرەکیی نەبڕاوە لەسەر پرسگەلی لاوەکی و وردەبەرژەوەندیی کاتی و پرشوبڵاویی یەکنەگرتوویی، هێز و وزەی جووڵانەوە دابەش دەکا و بەفیڕۆی دەبا، یارمەتی بە پلان و پیلانی دوژمن دەدات، لە ئاستی نێوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیدا زیانی قەرەبوونەکراو بە خەباتی ڕەوای گەلی ژێرستەم دەگەیەنێ و ئێعتبار و پرەستیژ و مەشروعییەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بێجگە لەوانە، یەکیەتی و تەبایی و هاوخەباتی، گەورەترین و کاریگەرترین چەکی گەلی بندەستە لە خەبات دژی دیکتاتۆریدا. یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەی چەوساوە «کابوس»ی ڕێژیمی چەوسێنەرە. لەبەرئەوەی دیکتاتۆر هیچ چەکێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکی یەکیەتی و یەکگرتوویی نییە. بۆیە دەسەڵاتی حاکم بۆ دووبەرەکینانەوە و شێواندنی ڕیزەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز هیچ هەوڵ و هەزینەیەکی بەلاوە زۆر نییە!

چارەنووسی فەلەستینییەکان دەرسێکی گرنگ و بەنرخە، حەقە کورد لێی فێر بێ. بەتایبەتی جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا و دوای دابەزینی گرنگیی فەلەستین لە ئاستی ناوچە و جهانیشدا، بەو حاڵەش دۆخی سیاسیی

> **یەکیەتی و تەبایی و هاوخەباتی، گەورەترین و کاریگەرترین چەکی گەلی بندەستە لە خەبات دژی دیکتاتۆریدا. یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەی چەوساوە «کابوس»ی ڕێژیمی چەوسێنەرە. لەبەرئەوەی دیکتاتۆر هیچ چەکێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکی یەکیەتی و یەکگرتوویی نییە. بۆیە دەسەڵاتی حاکم بۆ دووبەرەکینانەوە و شێواندنی ڕیزەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز هیچ هەوڵ و هەزینەیەکی بەلاوە زۆر نییە**

بۆ پێش ١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی بگەڕێتەوە.

تایبەتمەندی یان «موئەلفە»کانی ئەو قۆناغە نوێیەی ناوچە بە کورتی بریتین لە:

١: ئیسلامی سیاسی، «جهادی گری» و ڕادیکالیزم لە پاشەکشەدان و ڕەوتەکە سەرەتای لاوازبوون و بێ کاریگەریبوونیان پیشان دەدات.

٢: تێگەیشتن و عەقڵییەتێکی نوێ لە ئاستی وڵاتانی عەرەبی سەری هەڵداوە. وڵاتانی عەرەبی ماڵاواییان کردووە لەو ئیدە و بیروبۆچوونە کە ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلی گرێ دەدا بە کشانەوەی ئیسرائیل بۆ پشت سنوورەکانی پێش شەڕی ٦ ڕۆژەی ١٩٦٧ و دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆی فەلەستینی.

٣: پرسی فەلەستین، بە ئاشکرا، لە ئەولەوییەتی یەکەمی وڵاتانی عەرەبی کەوتووە و جێگەی خۆی داوە بە وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاواییدا بە دەگمەن چاوت بە وتار، لێکدانەوە یان ڕاپۆرتێک دەکەوێ کە ئاماژە بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی خودی فەلەستینییەکان وەک هۆکارێکی سەرەکیی تەریککەوتنەوە و دابەزینی پرسی فەلەستین لە ئەجندای نێودەوڵەتیدا نەکات و ڕێکخراوەکانی فەلەستینی بە بەرپرسیارێکی سەرەکیی دۆخی تراژیکیی گەلی لێقەوماوی فەلەستین دانەنرێن.و ڕێکخراوە فەلەستینییەکان بەهۆی دووبەرەکی، شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندیی گرووپی و ململانێی نەبڕاوەی بێ ئاکام و پڕکارەسات بۆ گەلی بێبەشی فەلەستین، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی فەلەستینی لە ئاستی ناوچە و لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا لە ئێعتبار و ڕەوایی و ئەولەوییەت خست.

سەرەڕای یارمەتیی ماڵیی بەرچاو و بەربەرینی وڵاتانی دەوڵەمەندی عەرەبی و یەکیەتیی ئۆرووپا و ئەمریکا، خەڵکی پرسی فەلەستین هەوڵی دا و ئاژاوەی ناوە. دەخالەتەکانی کۆماری ئیسلامی بیانووی دا بە دەست دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئاسانی هێرش بکاتە سەر فەلەستینییەکان، بەشێک لە خاکەکەیان بە ئیسرائیلەوە بلکێنێ و پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی لەبیر بەرێتەوە.

حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانی بندەست دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنن کە ڕەوایی و بەرحەقبوونی پرسی سیاسیی نەتەوەیەکی ژێرستەم و خەباتە ڕزگاریخوازانەکەی، بەهیچ جۆر سیاسەت و هەڵسوکەوتی ناشیاو و نابەرپرسانەی هێزەکانی نێو جووڵانەوەکە پاساو ناکا و ڕەوایی بە دووبەرەکی و کێشەی دەسەڵات و بەرژەوەندیی گرووپەکان لەسەر حیسابی گەلە چەوساوەکە نادات.

گەلێک، هەرچەندی چەوساوە و بێبەش و قوربانیی سەرکوت و تیرۆر و هەڵاواردنیش بێ، ئەگەر بۆخۆی، فەلەستینییەکان لە دۆخی کورد باشترە: فەلەستینییەکان لەسەر خاکی خۆیانن، لەئاستی نێودەوڵەتیدا مافی دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆیان بۆ سەلمێندراوە، ئەندامی چاوەدێرن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و وڵاتانی عەرەبی یارمەتییان دەدەن و بەقسەش بێ، پشتیوانیی سیاسی لە دۆزەکەیان دەکەن.

پەیامەکە ڕوونە: هێزە سیاسییەکانی کورد، بۆ ئەوەی گەلەکەیان تووشی چارەنووسێکی دڵتەزێنتر لە چارەنووسی فەلەستینییەکان نەیەت دەبێ وەخۆ کەون، بە سیاسەتەکانی ڕابردوویاندا بچنەوە، بەرپرسایەتیی دۆخەکەی خۆیان بە ئەستۆوە بگرن، لە جیاتی ئەم و ئەو تاوانبارکردن، نێو ماڵی خۆیان ڕێک بخەن، ستراتیژییەکی نوێی واقعبینانە بۆ جووڵانەوەکەیان دابڕێژن و بە خەباتی هاوبەش و هێزی یەکگرتوویان بۆ ماف و ئازادیی گەلەکەیان تێبکۆشن.

---

## ویستگە

## حیجابی سەرەنێزەیی



**نووسین: هێمۆ**

لە نێوان عەقڵییەتێکدا کە خوازیاری بەردباران و زیندەبەچاڵکردنی ژنانە و عەقڵییەتێك کە پێی وایە ژن هۆکاری فەسادی ئەخلاقی لە نێو کۆمەڵگادایە و هەروەها عەقڵییەت کە بەناوی ئیسلام‌و بە بیانووی پێشگیری لە فەساد، هەوڵی بەرتەسككردنەوەی ئازادییەكان دەدا، هیچ جیاوازییەك بوونی نییە.

ڕۆژی هەینی ١١ی ڕەزبەر، «یووسف تەباتەبایی نژاد»، پێشنوێژی هەینیی ئیسفەهان بە ئاماژەدان بەو کەسانەی کە دژی حیجابی زۆرەملێ ڕادەوەستن داوای کرد کە کۆمەڵگا بۆ ئەو کەسانە نائەمن بکرێت. وتوویشیەتی کە لقێکی تایبەت بە پێڕاگەیشتن بە دۆسیەی بەناو «نۆرمشکێنیی ئەخلاقی» لە دادگاکاندا بۆ پاڵپشتی لەو کەسانە دابنرێت کە بەناوی «ئەمری بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر»ەوە ژنان لە کۆمەڵگادا دەخەنە ژێر گوشارەوە.

ئەو ئاخوندەی ڕێژیم هەروەها وتوویەتی دەبێ لەگەڵ «دەستدرێژیکەران بە مافی خەڵک» بەپێی حوکمی ئیسلام بەرەوڕوو ببینەوە و دەبێ پێش بە کەسانێک بگیردرێت کە ترسێکیان لە یاساشکێنی نییە».

ئاخوند تەباتەبایی نژاد داوای کردووە دەسەڵاتی زیاتر بە هێزەکانی ئینتیزامی بدرێت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی دژ حیجابی زۆرەملێ دەوەستنەوە.

ئەو ئاخوندە جارێکی دیکە جەختی کردووەتەوە دەبێ کۆمەڵگا بە شێوەیەک بۆ ئەو کەسانەی کە حیجابی زۆرەملێ قبووڵ ناکەن نائەمن بکرێت کە نەتوانن بە ئاسانی لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەرکەون.

هەر سیستمێکی سیاسی کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێڕەوی لەم عەقڵییەتە دواکەوتووانە بکا، بێگومان کۆمەڵگا و وڵات تووشی قەیرانگەلی جۆراوجۆری نێوخۆیی و دەرەکی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و... دا دەکا. قەیرانگەلێك کە ئاکامەکەیان هەم لە ئاستی دەرەکی و هەم لە ئاستی نێوخۆییدا ناڕەزایەتیی گشتیی لێ دەکەوێتەوە.

هەرچەندیش ئەم عەقڵییەتە بەردەوام و زاڵتر بێ، هەر بەو ڕێژەیە قەیرانەکان قووڵتر و ناڕەزایەتییەکانیش بەردەوامتر دەبن؛ بەجۆرێك کە لە هەر دوو لایەنی نێوخۆیی‌و دەرەکییەوە ناڕەزایەتییەکان دەبنە بنەمای خەبات دژی ئەم جۆرە عەقڵییەتانە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستم.

ئەم دۆخە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە ڕوونی دەبینرێ، چوونکە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمەوە و بە درێژایی ٤١ ساڵی ڕابردوودا، ڕێبەرانی ڕێژیم پێڕەوی لەو عەقڵییەتە دەکەن کە ئاماژەی پێ کرا.

ئەوەیکە ئاخوند تەباتەبایی‌نژاد وتوویەتی، هەرچەند دواتر بەهۆی لێکەوتەکانی و دژکردەوە چاوەڕوانکراوەکان لێی لە قسەکانی پاشگەز بوویەوە و پاساوی بۆ قسە نەشیاوەکانی هێنایەوە، لە درێژەی بەرتەسككردنەوەی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ساڵانێکە لە ژێر ناوی جۆربەجۆر دەیخزێننە مێشکی کۆمەڵگاوە. واتە ئەم جۆرە لێدوانانە درێژکراوەی هەمان گەڵاڵە دژەئازادی و دژەئینسانییەکانە کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆیەوە هەوڵی گووشینی قوڕقوڕاچکەی کۆمەڵگا و خنکاندنی تاکە ئازادیخوازەکانیان دەدا؛ گەڵاڵەگەلی وەک «عفاف و حجاب»، کە بەهۆیەوە ژنان و پیاوان لە شێوەی جلوبەرگ پۆشین و ئارایش‌کردندا دەخرێنە ژێر چاوەدێری و بۆیان دیاری دەکرێ کە چی و چۆن جلوبەرگ بپۆشن و... .

لە بارودۆخی ئێستادا کە لە ساڵیادی کوشتارەکانی خەزەڵوەر نیزیک دەبینەوە و ئەگەری ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان لە سیاسەتە هەڵە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان گەیشتووەتە لوتکەی خۆی و هەر سات ئەگەری تەقینەوەی کۆمەڵگا بوونی هەیە ئەو گریمانەیە زیاتر بەهێز دەکات کە ڕێبەرانی ڕێژیم پەنا بۆ ئەم جۆرە لێدوانانە ببەن تاکوو بیروڕای گشتیی خەڵك بشێوێنن، بە لاڕێیدا بەرن و بە شتی دیکەی وەك «حیجاب» سەرقاڵیان بکەن.


هۆکاری دیکەی هەڵسوکەوتی توندوتیژی هێزو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دژی ژنان‌و هێنانەبەرباسی مەسەلەی حیجاب لەم بارودۆخەدا، دەکرێ بوترێ پێوەندیی بە ترسی ڕێژیم لە بوون و پێشکەوتنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و فێمینیستیی ژنانی ئێران و بەشداریی بەرچاویان لە خۆپیشاندانەکان دژی تەواویەتی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە. بۆیە ڕێژیم بە پێڕەویکردن لە هەڵسوکەوتی ڕەق لەگەڵ ژنان و مەسەلەکانی تایبەت بە ژنان، لە حیجاب وەك ئامرازێك بۆ سەرکوت و چاوترسێن‌کردنی ژنانی ئازادیخواز کەڵك وەردەگرێ و هەوڵی ئەوە دەدا کە لەم کاتە هەستیارەدا کە بزووتنەوەیەکی بەرینی ناڕەزایەتی دژی تەواویەتی ڕێژیم لەحاڵی شکڵ گرتندایە و کچان و ژنان چالاکانە تێیدا بەشدارن و خواستەکانی خۆیانیان دەهێننە بەرباس، لە حیجاب بە مەبەستی گۆڕینی فەزای سیاسیی وڵات و بەلاڕێدابردن و دوورخستنەوەی خەڵك لە بارودۆخی ئاڵۆزی وڵات، بە قازانجی خۆی کەڵك وەرگرێ.

ئەوەیکە ڕوونە لە ڕابردووشدا و پێش لە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیش، نە ڕەزاشا توانی بە گوشاری سەرەنێزە و لوولەی تفەنگ، سەرپۆش و چارشێو لەسەر ژنان لا بدا و نە ئێستاش کۆماری ئیسلامی توانیویەتی و دەتوانێ بە هەڕەشە و گوڕەشە و گوشاری سەرەنێزە، سەرپۆش بەسەر ژنانی ئێراندا بدا و ناچاریان بکا بەو شێوەیە کە ڕێژیم دەڵێ جلوبەرگ بپۆشن و هەڵسوکەوت بکەن.

کەوابوو ئەم ڕێگاو توندوتیژی نواندنانە تاقی کراونەتەوە و بە ڕوونی دەرکەوتووە کە لەگەڵ ویست و داخوازیی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت ژناندا ناتەبایە. لە هەمان کاتیشدا خەڵکی ئێران بەگشتی و ژنان بەتایبەتی، بە نیسبەت ڕابردوو باشتر ئەرك و مافەکانی خۆیان دەناسن، ترسیان لە گرتن، ئەشکەنجە و کوشتن نییە و لەبەرامبەر سەرکوتی ئازادییەکانیاندا بێدەنگ نین کە هەر ئەم مەسەلە دەتوانێ ڕەمزی سەرکەوتنیان بێ لەم خەباتەدا.

# ڕەخنەی نوێ و زانستی ئەدەبیات

ساماڵ ئەحمەدی



ڕەخنەگرانی نوێخوازی ئەدەبیات هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕاستەقینە و نێزیک لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆڤییەکانی دیکەدا هەیە و دەستکەوتی ئەو زانستانە بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی بەکەڵکن.

شێوازە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بەگوێرەی ئەو چەمک و ئەزموونانەی کە ڕەخنەگرانی ئەدەبیات لە زانستەکانی دیکەیان وەرگرتوون و لەکاریان هێناون، بریتین لە: ١) ڕەخنەی دەروونناسانە؛ ٢) ڕەخنەی کۆمەڵناسانە؛ ٣) ڕەخنەی پێکهاتەخوازانە (لە زانستی زمانناسیدا). دەروونناسی زانستی کەسایەتییە، کۆمەڵناسی زانستی پێکهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە و زمانناسی زانستی زمانە. ئەم سێ زانستە لە هەموو زانستەکانی دیکە زیادتر کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی داناوە.

ڕەخنەگری دەروونشیکار پێی وایە دەتوانێت ویست و نەستە شاراوە و نەناسراوەکانی دەروون و نێوەڕۆکە نهێنییەکانی دەق بدۆزێتەوە و مەبەستە نەزانراوەکان هەڵبدات. ئاشکراکردنی چەمکە نهێنییەکانی نێو لۆبەلۆی دەقی ئەدەبی ئامانجی سەرەکیی ڕەخنەگرانی دەروونناسە.

مەبەستی ڕەخنەگرانی دەروونشیکاریش ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان بەرهەمی ئەدەبی و نەستی شاراوەی نووسەر ئاشکرا بکەن، بەبێ ئەوەیکە ڕۆڵی ئیرادەی هۆشیارانەی نووسەر (منە کۆمەڵایەتییەکەی) لەبەرچاو بگرن. بەم شێوەیە بەرهەمی ئەدەبی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە دەبێتە نیشانەیەک، وەکوو نیشانەی نەخۆشییەکی دەروونی، کە باس لە نەستی شاراوەی نووسەر دەکات و، ناسینی ئەو نەستە نهێنییە، ڕوونکەرەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکەیە.

بەڵام لە ڕەخنەی کۆمەڵناسیدا بەرهەمی ئەدەبی وەکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دەخوێندرێتەوە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە نێوئاخنی زەینی نووسەر ئامێرێکە بۆ ڕاگەیاندنی قسەی بەرچاوی (ئۆبجێکتیڤ) کۆمەڵگە و هیچی دیکە نییە. دەبێ لە توێی لۆیەکانی ئەم قسەیەدا، ململانێ دەروونییەکانی چینە کۆمەڵایەتییەکان لێک هەڵاوێردرێن. لەم ڕوانگەیەوە بەرهەمی ئەدەبی جۆرێک نهێنیکارییە و بەلای ڕەخنەگرەوە نیشانەی ئەفسانەیەک، یان ململانێیەکی سەرداپۆشراوە؛ کەواتە بەگوێرەی بۆچوونی ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی ئەدەبی بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەی نووسەردا بۆ لێکدانەوە ناشێن.

ئاشکرایە لەم جۆرە ڕەخنەیەشدا، ڕەخنەگر بەدوای دۆزینەوەی چەمکە نهێنییەکانی نێو لۆیەکانی دەقدا دەگەڕێت و گرینگایەتییەکی سرنجڕاکێشی پێ دەبەخشێت و بایەخێکی مێژوویی بۆ دیاری دەکات.

ڕەخنەی پێکهاتەخوازانە دەستکەوتەکانی زانستی زمانناسی بەکار دێنێت. بە باوەڕی ڕەخنەگرانی پێکهاتەخواز، بەرهەمی ئەدەبی دیاردەیەکی زمانییە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە گشتییەکەی زمان بۆ لێتۆژینەوە ناشێت. بەلای بۆچوونی ڕەخنەی پێکهاتەخوازانەوە بەرهەمی ئەدەبی بابەتێکە پێوەندیی بە زمانەوە هەیە و تەنیا شێوازەکانی زانستی زمانناسی دەتوانن لێی بدوێن. پێکهاتەخوازان، کە بۆچوونەکانی «فریدیناند دی سۆسیور» و ڕوانگەی فۆڕمخوازەکانی ڕووسیان بەلاوە پەسند بوو، سەرەتا خۆیان بە شیکاریی شێعرەوە سەرقاڵ کرد.

لە نێوان سالانی ١٩٥٣ تا ١٩٦٤ ڕۆڵان بارت کۆمەڵێک وتار و کتێبی بڵاو کردەوە کە بوون بەهۆی ئەوەی ناوی بکەوێتە سەرزاران. بەرهەمە گرینگترەکانی بارت بریتیین لە: ‹‹پلەی سیفری نڤیسار››، ‹‹میشلە لە ئاوێنەی بەرهەمەکانیدا››، ‹‹زانستی ئەفسانەکان››، ‹‹لەمەڕ ڕاسین›› و کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی دیکە. بەشێک لە ڕەخنەگرانی نەریتی، ئەو دوو کتێبەی ئاخریان پێ باش و پەسند بوو، پێیان وابوو هێندێک بنەما و شێوازی وردی ڕەخنەی ئەدەبییان تێدایە، بەڵام یەکێک لەو ڕەخنەگرانە وتارێکی توند و تەشەراویی لەدژی ئەو دوو کتێبە بڵاو کردەوە و هاواری لێ بەرز بوویەوە کە ڕۆڵان بارت یەکێک لە تێکۆشەرە ڕژدەکانی داهێنانی ڕەخنەی نوێیە و بەرهەمەکانی دەنگیان داوەتەوە. ئەو دەیگوت، هەرچەند لایەنگرانی ڕەخنەی نوێ بەڕواڵەت عەودالی پێکهاتەی دەقن، بەڵام هیچ فریان بەسەر پێکهاتە ئەدەبییەکەی بەرهەمی ئەدەبییەوە نییە.

لە وەڵامی ئەو باسانەدا، ڕۆڵان بارت لە ساڵی ١٩٦٦ وەکوو نوێنەری نوێخوازەکان کتێبی «ڕەخنە و هەقیقەت»ی بڵاو کردەوە، کە لەڕاستیدا ئەو کتێبە بوو بە خاڵی سرنجڕاکێشی قۆناغێک لە وەرچەرخانی فکرەکەی بارت و ڕەخنەی نوێ.

دەتوانین بڵێین سەرچاوەی لێتۆژینەوەکانی بارت پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگە بوو.

بارت لە یەکەم بەرهەمەکانیدا دۆخی هەیی (وضعیت موجود) نووسەری بە دۆخێکی کاول شوبهاند و گوتی: کۆمەڵگە، نووسەری لە نێوان کۆمەڵێک لێکدژی بەیدەستدا بەستووەتەوە و گیرۆدەی وەهمی کردووە، بۆیە ویژدانی نووسەر و بارودۆخەکەی لەم کۆمەڵگایەدا لێک ناکاڵێنەوە.

بارت بەپێچەوانەی زۆربەی لایەنگرانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، بەرهەمی ئەدەبی بە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دانانێت، بگرە پێی وایە هەر بەرهەمێک، خۆی نیشانەیەکە لە پێکهاتە گشتییەکەی کۆمەڵگەیە. بە بۆچوونی بارت، ئەدەبیات پێوەندیی نێوان نووسەر و بەرهەم نییە، بەڵکوو پێوەندییەکە لە نێوان کردەوەی دەلالەت و مەدلوولەکەیدا (واتا لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی، وەک دالی ئەو دەلالەتە و، دنیا وەک مەدلوولەکەیدا). هەربۆیە بارت داوا دەکات؛ ئەدەبیات وەکوو دامەزراوە، لە ئەدەبیات وەکوو داهێنان جودا بکرێتەوە. یەکەمیان دەکرێ بە شێوازە مێژووییەکان شی بکرێتەوە؛ بەڵام دووەمیان پێویستیی بە شیکاریی ئەو دەلالەتانە هەیە کە پێکهاتەکانی پێک دەهێنن. ڕۆڵی ڕەخنەگر ئەوەیە کە بەرهەمی ئەدەبی لەبەریەک هەڵوەشێنێت، شیتاڵی بکات، لە دەلالەتەکەنی تێ بگات و پاژەکانی نیشان بدات. ئەوەی کە گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە، ڕوونکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبییە وەکوو هونەری مۆدێرن و هاوپێوەندیی ئەو بەرهەمە لەگەڵ مێژوو، خولیای مێژوویی و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی زمان کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە لەبەریەکترازانی چینایەتییەوە هەیە. بەرهەمی ئەدەبی ویژدانی هۆشیار و زیندووی ئەو لەبەریەکترازانەیە و تێکۆشانێکە بۆ دەرچوون لەو چوارچێوەیە.

کتێبی ‹‹ڕەخنە و هەقیقەت››ـەکەی ڕۆڵان بارت دەربڕی گەڕان و تۆژینەوەی نووسەرە بۆ ئەوەی دەستی بە زانستێک ڕابگات کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێ بخوێنێتەوە. لەم کتێبەدا کە ساڵی ١٩٦٦ چاپ کرا، بارت پێشنیار دەکات زانستی زمانناسی بکرێت بە ڕووگەی ‹‹زانستی ئەدەبیات››. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، تۆدۆرۆف لە ژمارەی ٨ی گۆڤاری کۆمینۆکاسیۆندا کردەوەی گشتیی بەرهەمی ئەدەبیی بەپێی ڕووگەی زمانناسانە خستە ڕوو. ئەو زنجیرەوتارانەی کە دوای ئەو ڕێکەوتە لە لایەن ڕۆڵان بارتەوە نووسراون، پێشاندەری سرنجی تایبەتی ئەون بەلای لێکدانەوەی پێکهاتەیی و پێداگری لەسەر زمانناسی وەکوو ڕووگەی «زانستی ئەدەبیات» و، مێتۆدی پێکهاتەیی وەکوو شێوازێکی باشی لێتۆژینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان؛ بەو هۆیەوە بوو کە بە باوەڕی بارت «زانستی ئەدەبیات» دەبێ لە یەکەم قۆناغدا بریتی بێت لە ناسینی شێوە ڕواڵەتییەکەی دەق. ‹‹دیاریکردنی «فۆڕمی گێڕانەوە«ی جۆرە جوداوازەکانی چیرۆک و گێڕانەوە (ڕۆمان، حیکایەت، ئەفسانە، کورتەچیرۆک، داستان (حەماسە) و...) تەنیا بە لەکارهێنانی دەستکەوتەکانی پێکهاتەخوازان دەلوێت››.

لەبەر ئەوەی دەرفەتی خوێندنەوەی هەموو چیرۆکە ئەدەبییەکانی دنیا دەست نادات، شیکاری پێکهاتەیی، بە ناچاری دەبێ کەڵک لە بنەماکانی دەق وەربگرێت. هەربۆیە بۆ پۆلێنبەندیی و ناساندنی بەرهەم، تیۆری دەبێتە پێویستی و، بۆ بەدەستهێنانی ئەم تیۆرییەش دەکرێ زمانناس باشترین نموونە و سەرچاوە بێت. باشترین و سەرەتاییترین شیمانەی بارت بۆ لێکدانەوەی پێکهاتەخوازانەی چیرۆک ئەوەیە کە ‹‹چیرۆک وەکوو ڕستەیەکی دووورودرێژ وایە‹›، هەروەکوو لە ڕستەیەکدا وشەکان بە ڕیزێکی تایبەت بەدوای یەکتردا ڕیز دەبن، لە چیرۆکیشدا قۆناغە جوداوازەکان ملکەچی ڕێسایەکن؛ وەکوو چۆن زمانناسان ڕستە لە ئاستە جوداوازە ڕێزمانییەکاندا پێناسە دەکەن، دەکرێ چیرۆکیش لە ئاستە جوداوازەکانی خۆیدا پێناسە بکرێت؛ کارابییەکانی، کردەوەکانی و، گێڕانەوەکەی. دیارە ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی هەرکام لەم سێ هۆکارە و چۆنییەتیی پۆلێنکردنیان لەلایەن بارتەوە لەم وتارەدا ناگونجێت، بەڵام هێنانەوەی وتەیەکی خۆی، ڕەنگە تاکوو ڕادەیەک شێوازەکەی شەرح بکات.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە چۆن دەکرێ بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی چیرۆک لەلایەکەوە بەسەر پاژە بێبنەتا و زۆروزەوەندەکانی چیرۆکدا و، لە لایەکی دیکەشەوە بەسەر هەژماری لەژمارنەهاتووی ئەو گشتە چیرۆکەدا زاڵ بین؟

بارت دەڵێت: ‹‹ئەمە هەمان بابەتە کە لە زمانناسیدا لە سەردەمی ‹‹سۆسیور››ەوە لە گۆڕێدا بووە؛ چۆن دەکرێت بەسەر هەژماری زۆری وشەکان و پێکەڵەی بێهەژمارییاندا زاڵ بین؟ شێوازی ئەم کارە بەم جۆرەیە کە لە پێشدا لە ڕوانگەی ڕواڵەتییەوە خاڵە وردەکان (یەکەکان) پۆلێنبەندی دەکەین و، پاشان کەڵکیان لێ وەردەگرین.›› بۆ نموونە، بە دەستەبەندیکردنی کردەوەگەلی پێوەندیدار بە گومڕایی و فریوەوە، لە قۆناغی یەکەمدا خۆمان لە باسی هەموو گومڕایی و فریوەکان دەبوێرین، هەڵبەت بەو مەرجەی پێکهاتەی ئەو قۆناغانە ڕوون بکەینەوە، هەروەکوو چۆن گرووپی کردارەکان دەتوانێت باسی هەموو کردارەکانمان لە کۆڵ بکاتەوە.

بە بۆچوونی تۆدۆرۆف توێژینەوەی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی بۆچوونی بارت، وەکوو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی کە گەلێک ئاڵوگۆڕ بەسەر شێواز و بۆچوون و ڕوانگەیدا هاتووە دوو بنەمای سەرەکیی هەیە: یەکەم، ئەوەی کە بەرهەمی ئەدەبی خاوەنی هەویەتی، یان شوناسێکی تێنەپەڕە، واتە نووسەر لەبەر کەسێک، یان بە هۆکارێکی تایبەتەوە بەرهەمی ئەدەبی ناخوڵقێنێت: ‹‹ئەدەبیات تاکە کەرەستەیە، کە هیچ ئامانج و هۆکارێکی نییە؛ کردەوەی ئەدەبی، کردەوەیەکی تێنەپەڕە و، نووسەر کردەوەیەک دەنوێنێت کە ئەو کردەوەیە زاتی ئامانجەکەیەتی. ئەو کردەوەیە بەپێچەوانەی بۆچوونی گشتی لەسەر کەرەستەی کارەکە دەکرێت؛ بە واتایەکی دیکە، کەرەستەی کارەکە هەمان ئامانجی کارەکەیە. وتار، کەرەستە، یان پێوەندییەک نییە، بگرە پێکهاتەیەکە؛ کرداری نووسین بۆ نووسەر، کردارێکی تێنەپەڕە. بارت پێی وابوو، ‹‹نووسەر پەیامی دیتران نانووسێتەوە، بگرە تەنیا پەیامی خۆی دەگوێزێتەوە؛ تەکنیکی ئەدەبیات، ئەوپەڕی ئەدەبیاتە. کردەوەی ئەدەبی لە تەکنیکی ئەدەبیاتدا لە خۆی زیادتر ئامانجێکی دیکەی نییە، جاری وایە دەبینن کە بەرهەمی ئەدەبی پێداگری لەسەر چۆنایەتیی سەرهەڵدانی خۆی دەکات.›› بەرهەم دەنووسرێت، لە حاڵێکدا نووسەر بەدووی داهێنانی بەرهەمدا وێڵە.

بەڵام دووەمین بنەمای کە بە بۆچوونی من دەبێتە پاساوی هۆگریی ڕۆڵان بارت بەلای ڕەخنە جوداوازەکاندا، ئەوەیە کە بەرهەمی ئەدەبی لەخۆگری کۆمەڵێک چەمکی جوداوازە. بەربڵاویی چەمکەکانی دەق گرینگترین پێگەی ڕەخنەکانی بارت لەخۆی دەگرێت و، ئەو ڕەخنەگرە نوێخوازە گەلێک جاران لەسەر ئەو بنەمایە پێداگریی کردووە. بارت سەرەتا بەربڵاویەتیی چەمکەکانی ڕوون کردووەتەوە: چەمکی دنیا، شیاوی دەربڕین نییە، تاکە هەوڵی هونەرمەند، دۆزینەوەی واتا مومکینەکانی دنیایە. هەرکام لەو واتایانە لە درۆیەکی تێپەڕ پتر نین، بەڵام زۆریی هەژماری ئەو واتایانە هەمان ڕاستەقینەی نووسەرە. نووسەر، خۆی بە بەربڵاویی واتاکانەوە سەرقاڵ دەکات، بەبێ ئەوەی بیانبڕێتەوە، یان سنووردارییان بکات. نووسەر کەڵک لە زمان وەردەگرێت بۆ ئەوەی دنیایەکی پڕ هەراوهوریای پڕ لە واتا بئافرێنێت، بەڵام ئەو دنیایە هەرگیز تاکە واتایەکی نییە. پاشان پێداگری لەسەر بنەمای سەرەکیی بابەت دەکات: بەرهەمی ئەدەبی لە یەک کاتدا خاوەنی چەندین واتایە، نەک لەبەر پێکهاتەکەی؛ هەروەها بایەخی بەرهەمی ئەدەبی نەمرە، نەک لەبەر ئەوەی مرۆڤە جوداوازەکان تەنیا یەک واتای لێ هەڵدەوێنجن، بگرە لەبەر ئەوەیکە چەمکی جوداواز لە زەینی تاکەکاندا دەگوورێنێت. ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی چەندین واتای جۆربەجۆری هەبێت، بێگومان ڕەخنەگەلی جۆراوجۆری ئەدەبییش، هەرکامیان دەتوانن لەلای خۆیانەوە پەردە لەسەر ڕازی واتایەک هەڵبدەنەوە. شەرحی دەق بە واتای ئەوە نییە واتایەکی کەمتاکورت ڕاست، یان کەمتاکورت ئازاد بۆ دەقەکە بدۆزرێتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەیە کە گرینگی بە چۆنایەتیی بەربڵاویی چەمکەکانی بدرێت. ڕێسا واتاییەکان دەتوانن ئەم دەقە بەربڵاوە لەخۆ بگرن، بەڵام هەژمارییان هەرگیز سنووردار نییە، واتای دەق لە ئەم، یان ئەو شرۆڤەدا وەدیار ناکەوێت، بگرە لە کۆی شەرحەکان، یان لە بەربڵاویی ڕێساکانیاندا وەدیار دەکەوێت. دەق، فرەواتایە، نەک تەنیا بەو واتایەی کە چەندین واتای هەیە، بگرە بەو واتایەی کە چەندین واتای لێ دەکەوێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەروەکوو پێشتر باسم کرد، بارت باوەڕی بە پێویستیی سەرهەڵدانی زانستی ئەدەبیات هەبوو. ئەو، ئامانجی خۆی لە ڕەخنەی ئەدەبی بە دیاریکردنی چەمکێکی تایبەت بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دادەنا؛ یانی ڕەخنەگری ئەدەبی هەوڵ دەدات چەمکێکی تایبەت بە بەرهەمەکەیدا هەڵواسێت و، ئاکامەکەیشی لە ئەستۆی خۆیەتی، بەو خەسارانەشەوە کە ڕەنگە بەدوای کردەوەیەکی لەو چەشنەدا بێن.

مەبەستی زانستی ئەدەبیات کەویکردنی سەرلەبەری ئەو چەمکانەیە کە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دێن.

ئەو چەمکانەی کە جاری وایە نووسەر بەبێ ئاگادارییی خۆی لەنێو دەقدا گونجاندوونی، جا بۆیە هەڵبژاردنی ڕوانگەی جۆراوجۆر لەلایەن ڕۆڵان بارتەوە پاساوهەڵگرە: ئەگەر هەریەک لە جۆرەکانی ڕەخنە، یەکێک لە چەمکەکانی دەق هەڵبنێت و، ئەگەر کۆی ڕەخنەکان بتوانن هەموو چەمکەکان ڕوون بکەنەوە، سرنجدان بە شیکاریی شێوازە جۆربەجۆرەکان بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو کەلێن و کاژێرەکانی بەرهەم پێویست و، تەنانەت واجبیشن. بەم شێوەیە دەتوانین هیوادار بین «زانستی ئەدەبیات» بەو جۆرەی کە ڕۆڵان بارت مەبەستیەتی بێتە ئاراوە. شکی تێدا نییە کە کۆی بەرهەمەکانی بارت هەڵگری تیۆرییە جۆراوجۆرە نوێیەکانن بۆ لێکدانەوەی دەقی بەرهەمە ئەدەبییەکان و پێویستیی ئەو تیۆرییانە و بەرگریکردن لێیان.

بارت کەڵکی لە ڕەخنەی کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە و پێکهاتەخوازانە وەرگرتووە و، جاری وایە بۆ شیکاریی دەقێک ئەم شێوازانەی تێکەڵ کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئیمکانیاتەکان هەڵسەنگێنێت و ئەوەندەی کە بلوێت هەموو چەمکەکان وەدیار بخات و بەستێنی لێتۆژینەوە ئەدەبییەکان زۆر بەربڵاوتر بکات.

**سەرچاوەکان:**

١- ویلفرێد ئێل گیورین، لی مۆرگان، ئیرڵ لەیبۆر، جۆن ئاڕ ویلینگهەم. بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی. وەرگێڕانی: سامال ئەحمەدی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم ٢٠١٤.
٢- ریچارد هالند. درآمدی تاریخی بر نظریەی ادبی (از افلاطون تا بارت). مترجمین: علی معصومی و شاپور جورکش. تهران: نشر چشمە؛ چاپ اول ١٣٨٢.
٣- هانس برتنس. مبانی نظریەی ادبی. مترجم: محمدرضا ابولقاسمی. تهران: نشر ماهی؛ چاپ دوم ١٣٨٧.
٤- گراهام آلن. رولان بارت. مترجم: پیام یزدانجو. تهران: نشر مرکز، چاپ اول ١٣٨٥.
٥- رولان بارت. نقد و حقیقت. مترجم: شیریندخت دقیقیان. تهران: نشر مرکز، چاپ اول ١٣٧٧.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی نۆزدەیەم

## بەندی پێنجەم: دەروونناسی ئەرێنی، تێڕوانینێکی مرۆڤایەتییە

بەڕێوەبردنی ڕاهێنەری لەسەر دەروونناسی ئەرێنی بۆ هەبوونی هەستی ئەرێنی. کاتێک مرۆڤ هەستەکانی ئەرێنی بوون ئەوە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکانیشی ئەرێنی دەبن و هەموو ئەوانەش هۆکارن بۆ دیاریکردن یان هەبوونی ئامانجی ئەرێنی.

William James (١٨٤٢–١٩١٠) دەروونناس و فیلەسوفی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: «گەورەترین ئەزموون یان دەستکەوت کە من لەبەرەی خۆم (هاونەسڵەکانی خۆم) وەدەستم هێناوە، ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە گۆڕینی بیرکردنەوەکانیان، دەتوانن ژیانیان بگۆڕن.»

### دەروونناسی

وشەی دەروونناسی، وشەیەکی یونانییە و لە وشەی Psychology واتە تاوتوێ و توێژینەوەی کێشە دەروونییەکان، وەرگیراوە. وشەی psychology لە دوو وشە پێکهاتووە وەک: وشەی psychبە مانای دەروون یان ڕۆح و وشەی logyبە مانای لێکۆڵینەوەی زانستی یان تاوتوێکردنی زانستییانە. یان بە شێوەیەکی سادەتر دەتوانین ئاوا دەروونناسی پێناسە بکەین و بڵێین دەروونناسی یانی هزر، هەست و چۆنیەتی کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ.


دەروونناسی ئەرێنی تێڕوانین و ڕوانگەیەکی هەستبزوێنەر و هاندەرە بۆ یارمەتیدان، ململانێ، ڕووبەڕووبوونەوە و گەشەدان بە توانایی و لێهاتوویی تاک چ وەک خۆی (شخصی) و چ وەک ئەندام لە نێو ڕێکخراو و گرووپدا. دەروونناسی ئەرێنی بۆ پێکهێنانی ژیانێکی خۆش و پڕدەستکەوت لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو خاڵانەی خوارەوە وەک ئامێری سەرکەوتن:

- هەستە ئەرێنییەکان
- وریا و بەئاگابوون
- گەشبینی
- بەرگەگرتن
- ڕەوتی پرۆسەکە (ئەزموون وەرگرتن)
- توانایی

زۆربەی ڕاهێنەرانی شارەزا و پسپۆڕ لەسەر ئەو باوەڕەن و دەڵێن: کاتێک مرۆڤ هەستی ئەرێنی، هیوا، گەشبینی و دڵخۆشبوونی هەبوو کەواتە کەمتریش گوشاری ڕۆحی و دەروونی هەیە و کەمتریش نەخۆش دەبێت و لە وریایی، پێوەندی گرتن و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیشدا سەرکەوتووتر دەبێت. هەربۆیە منیش پێم وایە هەر کاتێک ئێمە مرۆڤەکان توانای دیتنی شتە ئەرێنییەکان و دەرفەتەکانمان هەبوو کەواتە دەتوانین بەو جێگایە بگەین کە ویست و داخوازمانە.

بەو شتە دەگەین کە ئامانجمانە و کاری بۆ دەکەین و لە هەمان کاتیشدا دەتوانین هاندەرێک بین بۆ کەسانی دیکەش.

دەروونناسی ئەرێنی بیرێکی تازە نییە، بەڵکوو فیلەسوفانی وەک Sokrates Platon, و Aristoteles بەردەوام سەرقاڵی ئەوە بوون کە مرۆڤ چۆن و بە چ شێوەیەک بتوانێت ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دەستەبەر بکات.




دەروونناسی ئەرێنی بۆ ئەوە نییە کە لە ڕاهێنەرەکەت شتێک فێر بی بەڵکوو بۆ ئەوەیە تا ڕێگای گەیشتن بە گەنجینەی زانیارییەکانی خۆت بدۆزیتەوە و بتوانی ژیانێکی خۆش بۆ خۆت و خۆشەویستانت پێکبێنی.

### بەکارهێنانی هێز(توانا) و لێهاتوویی

هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا و باسی چەمکی هێزم کرد، هێز لە ڕووی زمانەوانییەوە یانی توانای مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانی ڕۆژانەی(بڕوانە بەشی حەوتەم). چەمکی لێهاتوویی هاوتای چەمکی هێز و ئازایەتییە. وشەی لێهاتوویی نیشاندەری تایبەتمەندی خودی مرۆڤە و بریتییە لە توانای جەستەیی، هزری و بیری مرۆڤ. یان بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین لێهاتوویی یانی هەبوونی توانا بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی ئێستا یان هەبوو(موجود) بۆ گەیشتن بە ئامانج. لێهاتوویی، پێداویستی یان زەرووڕەتێکە بۆ سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتن.

لە ڕێگای پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدا دەتوانی لێهاتوویی، توانایی و هێزی خۆت بناسی. بنەما و بنچینە سەرەکییەکانی پتەوبوون یا قایمبوون لەنێو پرۆسەی ژیاندا ئەو خاڵانەن، خۆڕاگرتن(ئەدەب و کولتوری باش)، ڕێزلەخۆنان، بەشێوازی لۆژیکی دژبەری کردن، داهێنان و خولقاندن(داهێنەری یا خولقێنەری)، خۆپەرست نەبوون یان سوودی خەڵکویستن و هەبوونی هەستی ئەرێنی.

مـن پێمواییە ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات و تاقی بکاتەوە دەتوانێت لەڕێگای دانوستان دژبەرەکەی ڕازی بکات یان باوەڕی لەلا دروست بکات، نەک بە توندوتیژی، ئەوەش بە مەرجێک دەکرێ کە دژبەرەکەش باوەڕی بە بوونی ئازادی و مافی مرۆڤ هەبێت.

ئەگەر ئەوانە لە شوێنە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەمان وەک شوێنی کار، کاتی خۆشەویستی، گەورەکردنی منداڵ و پێوەندی کۆمەڵایەتیدا بەکاریان بەرین هۆکار دەبن بۆ گەشەدان و بڵاوکردنەوەی هەستی خۆشی و بیری ئەرێنی لەنێو کۆمەڵگەدا. هەر تاکێک دەبێ توانا و لێهاتوویی خۆی دەستنیشان بکات، گەشەیان پێبدات و بەکاریان بهێنێت بۆئەوەی بتوانێت بیر و هەستە ئەرێنییەکان، خوو و ڕەوشتەکانی پەرە پێبدات و تۆوی گەشبینی و خۆشی لەناو دەروونی خۆیدا بچێنێت.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت توانای چۆنە و چەندەیە، بۆ وێنە لە کاتی دژبەری کردندا، پێشەکی باشە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

١. ئایا دژبەری کردنەکەم لە ڕووی ئازابوونمەوەیە(بەغیرەت بوون) یان هۆکاری دیکەی هەیە؟
٢. ئایا دژبەری کردن، من دڵخۆش دەکات؟
٣. ئایا لە دژبەری کردن، وزە و توانا یا سوودێک وەدەست دەهێنم؟
٤. ئایا دژبەری کردنەکە بابەتیانە و بۆ چاکسازییە یان لەسەر کێشەی تاکە؟

کەڵکوەرگرتن لە توانا و لێهاتوویی بۆ بەکارهێنانی هاوسەنگی، یان بۆ وردبوونەوە و بە قەناعەتگەیشتنی خۆم و خەڵکی دیکەیە. بۆ وێنە دژبەری کردنێکی ئازایانە، لۆژیکی و بوێرانە و خۆبەکەمنەگرتن و بەجەرگبوون.

هەروەک لەسەرەوەش باسم کردووە، دەروونناسی ئەرێنی هۆکاری دروستبوونی تێڕوانینێکی هەستبزوێن و هاندەرانەیە و هۆکاریشە بۆ گەشەکردنی تاک، گروپ و ڕێکخراو بەتایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێی ئەرێنی بۆ پێشکەوتن، بە کەڵکوەرگرتن لەو ئامێرانە:

**هەستە ئەرێنییەکان:** دڵخۆشی، گەشبینی، ئارامی، زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوە نەرێنییەکان، لێخۆشبوون(بەخشین) و هیوا و..... هتد.

**توانایی:** ڕێکوپێکبوون، قسەخۆشی، بیرکردنەوەی لۆژیکی و هەمەلایەن، خۆش زەوق، قەناعەت هێنان بە خەڵک (ڕازی کردن)، داهێنەری و..... هتد.

**وریا و بەئاگا:** گوێڕاگر، دڵسۆز، دڵڕاگر، بەتەنگەوەهاتوو، لەئارادابوون بۆ یارمەتیدان، لەسەر هەست بوون و... هتد.

**بەرگەگرتن:** توانای هەڵسانەوە (پاش تێکشکان)، توانای گەڕانەوە بۆ دۆخی چاکی جاران، بەهێز و هەست ناسک نەبوو و ... هتد.

**ڕەوتی پرۆسەکە:** هەڵبژاردنی باشترین ئەزموون یا ئالترناتیڤ، دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان شارەزایی و ململانێ کردندا.

دەروونناسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاAbraham Maslow کە بە بیرداڕێژی پرۆسەی ڕاهێنەری ‹‹پلەبەندی پێداویستییەکانی Maslow›› بەناوبانگە، ٧٠ ساڵ پێش لە ئێستا باسی لەوە کردووە کە دەروونناسی ئەرێنی نەک هەر بۆ خەڵکانێک کە پێویستیان پێیە، بەڵکوو تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانیشیان خۆشە، پێویستە بۆ هەوڵدان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆشتر. دەروونناسی ئەرێنی ئەوەیە کە یارمەتی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی بتوانن لە پلەی +٣ ڕا بۆ پلەی +٨ بچن. هەروەها ئەو کەسانەی کە بیرکردنەوەکانیان نەرێنییە، بتوانن تێڕوانین و بیرکردنەوەکانیان بگۆڕن.

William James دەڵێت: مرۆڤی ئێستا هێشتا نەیتوانیوە ئەو کەسە بێت یا بەو خۆشییە بگات کە دەتوانێ هەیبێت، لەبەر ئەوەی هەر بەوەندە خۆشییەی کە هەیەتی شوکرانەبژێرە.

کەواتە بە هەوڵدان و بەکارهێنانی توانا و لێهاتوویی خۆمان و کەڵکوەرگرتن لە پرۆسەی ڕاهێنەری دەتوانین ژیانێکی خۆشتر و باشتر بۆ خۆمان دەستەبەر بکەین و تەنیا بە ژیانێکی +٣ ڕازی نەبین، هەوڵ بدەین بۆ گەیشتن بە +٨. بۆ ئەوەش یەکێک لەو مێتۆدانە کە زۆر باوە و کەڵکی لێوەردەگیرێ دەروونناسی ئەرێنی Martin Seligman ە.

### ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی

ڕۆژێک Seligman Martin لە ناو باخچەکەیاندا خەریکی بژارکردن بوو و کچە پێنج ساڵانەکەی Nikki لەوێ بوو. Nikki هەر بە دەوریدا هەڵدەهات و گیا بژارکراوەکانی بەولاو و ئەولادا (بە دەورووبەری خۆیدا) بڵاو دەکردەوە. مارتین بەوە زۆر قەڵس بوو خۆی پێ ڕانەگیرا و لە کچەکەی تووڕە بوو. کچەکە لە باخچەکە چووە دەرەوە و زوو گەڕاوە و گوتی: بابە ئەمن دەبێ لەگەڵ تۆ قسە بکەم. لە بیرتە من پێش ئەوەی ببم بە پێنج ساڵ، کەسێکی زۆر بەنووزەنووز بووم و هەموو ڕۆژێ بۆ شتێک دەکڕوزامەوە. بەڵام کاتێک بووم بە پێنج ساڵ بڕیارم دا واز لە کڕووزانەوە بێنم. ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو بەڵکوو زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام توانیم! مـن ئەو خووە ناشیرینەی خۆم تەرک کرد. لەکاتێکدا من توانیم کڕوزانەوەکەم تەرک کەم، ئەتۆش دەتوانی چیدیکە ئاوا ڕووترش و تووڕە نەبی!

ئەو ڕووداوە بۆ Seligman وەک ئاشکراکردنی نهێنییەک بوو. ئەو خۆی لە ڕوانگەی کچەکەیڕا دیت و وای هەست کرد کە ئەو وەک هەورەتریشقەیە لە ناو ماڵێکی پڕ لە خۆرەتاودا!

Seligman فێر بوو کە پەروەردەکردنی Nikki تەنیا ئەوە نییە هەڵەکانی بۆ ڕاست کاتەوە، Nikki بۆخۆی توانی ئەو کارە بکات. پەروەردەکردن بریتییە لە بەهێزکردنی توانا و لێهاتووییەکانی، کە Nikki ئێستا توانا و لێهاتوویی خۆی نیشان دا. Seligman بیری لەوە کردەوە ئەرکی سەرشانی وی لە ژیانیدا ئەوە بێت کە کار بکات لەسەر لێکنزیکبوونەوەی کەسەکان لە ڕێگای دەروونناسیدا. یا بەواتەیەکی دیکە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکات کە چ شتێک کاریگەری دەبێت لەسەر مرۆڤەکان چ وەک تاک و چ وەک ئەندامانی ڕێکخراوێک بۆ ئەوەی گەشە بکەن و وەک گوڵ بدرەوشێنەوە و کەڵک لە تواناکانی خۆیان وەرگرن.

### ٥,١ هەستە ئەرێنییەکان

لێکۆڵینەوەیەک نیشانی داوە ئەو مرۆڤانەی کە خاوەن هەستی ئەرێنین و گەشە بەو هەستە ئەرێنییانە دەدەن، وەک: گەشبینی، ئارامی، زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوە نەرێنییەکان، دڵخۆشی، لێخۆشبوون(بەخشین) و لە دەست نەدانی هیوا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کەمتر نەخۆش دەبن، کەمتر گوشاریان لەسەرە و خاوەنی هاوڕێی زۆرتریشن. بۆ گەشەدان بە هەستە ئەرێنییەکان ئەو خاڵانەی خوارەوە گرنگی خۆیان هەیە، وەک:

**هیوا:** هەبوونی هیوا وەک گرێبەست یا گەرەنتییە و دڵنیایی دەدات بە مرۆڤ کە خودی ئەو مرۆڤە دەتوانێت ڕێوشوێنی گەیشتن بە ئامانجەکانی بدۆزێتەوە.

**زاڵبوون:** زاڵبوون بە سەر بیر و هەستە نەرێنییەکان بۆ کۆکردنەوەی پاڵپێنەر یان هانە (ئەنگیزە)، سەرچاوە، توانایی و لێهاتوویی بۆ جێبەجێکردنی ئەرک وکارەکان.

**گەشبینی:** دوور لە ناهومێدی بوون و ڕاس بینانە یا ڕیالیست کردنی چاوەڕوانییەکان بۆ سەرکەوتن.

**نەرمی نواندن و خۆگونجاندن:** توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کەندوکۆسپەکان و هەستانەوە دوای شکان(مەبەست سەرنەکەوتن لە کارێکدا).

Lin Yutag (١٨٩٥–١٩٧٦) نووسەرێکی چینی لە پێوەندی لەگەڵ دەروونناسی مرۆڤەکان دەڵێت: «ئەگەر ئێمە خۆشییەکانی خۆمان دەرنەبڕین یا ئاشکرا نەکەین، کەواتە زوو لە بیرمان دەچنەوە و هەستیان پێناکەین.»

هەستە ئەرێنییەکان گرنگترین سەرچاوەن کە مرۆڤ هەیەتی. زۆر مێتۆدی جیاوازی ڕاهێنەری لەسەر دەروونناسی ئەرێنی هەیە بەڵام لێرەدا باسی مێتۆدی دوو پرۆفسۆری ژن دەکەم.

Barbara Fredrickson (لەدایکبووی ١٩٦٤) بەرەچەڵەک خەڵکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و پرۆفسۆر و لێکۆڵەر لەسەر هەستە ئەرێنییەکانە،

توێژینەوەیەکی یەکجار زۆری بەتایبەت لەسەر هەستە نەرێنییەکان و هەروەها هەستە ئەرێنییەکان کردووە و دەڵێت هەستە نەرێنییەکان زوو دەچنە ناو مێشک و هەموو چڕبوونەوەکە لەسەر یەک شت دەبێت و ئەو شتەش هەموو کاتێک شتێکی نەرێنییە. بۆ نموونە وەک تووڕەیی یا قەڵسی، زۆر جار ئەوە ترسە کە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی ئەو قەڵسی و تووڕە بوونە. یانی ترس یەکێک لە هۆکارەکانی دروست بوونی تووڕەییە.

کاتێک لەگەڵ کەسێک دەمەقاڵەتان دەبێت، دڵەڕاوکە یان زیچ (هەیەجان) بە شێوەی هەستێکی بەهێز و نەرێنی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەش و مێشکتان، هەموو چڕبوونەوەکەتان لەسەر تووڕەیی و بیری نەرێنی دەبێت و ئەوەش زۆر جار سیگنال دەدات بە لەش بۆ چالاکییەکی لەنەکاو(چالاکی فیزیکی).

Barbara دوای توێژینەوەیەک لەسەر هەستە نەرێنییەکان ویستی بە کردەوە و لە ڕێگای پیشاندانی فیلم تاقیکارییەک بکات بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بێت لەوەی کە هەستە نەرێنییەکان مەودای بیرکردنەوەمان لێ دەگرن و مێشک بەتەواوی لەسەر شتێکی نەرێنی قوفڵ دەبێت یان ڕادەوستێت. پێنج گرووپی دەستنیشان کرد بۆ تاقیکارییەکە و بەشێوەی خوارەوە دابەشی کردن.

**گرووپی یەک و دوو لەسەر هەستی ئەرێنی:** گرووپی یەک فیلمێکیان چاو لێکرد کە هەموو بەشەکانی ئەو فیلمە لەسەر پێکەنین و دڵخۆشبوون بوو. فیلمی گروپی دوو لەسەر دۆخ و چۆنیەتی ڕەزامەندی بوو.

**گرووپی سێ وەک گرووپی کۆنترۆڵ نێوبردرا:** فیلمێکی پووچەڵ و بێ کارتێکەریان بینی.

**گروپی چوار و پێنج لەسەر هەستە نەرێنییەکان:** فیلمی گرووپی چوار لەسەر دروست بوونی هەستی ترس و خۆف و دڵتەنگی. فیلمی گرووپی پێنج لەسەر دروست بوونی تووڕەیی یا قەڵسی بوو.

پاشان هەر کەسە و تێنووسێکی (پەڕێکی) سپی و پێنووسێکیان (قەڵەم) دانێ و داوایان لێکرا هەستەکانی خۆیان بنووسنەوە کە بە هۆی بینینی فیلمەکە لایان دروست ببوو. سەرتا بەو شێوە دەست پێبکەن و بڵێن کە «من خوازیارم کە .... ».

کەمترین وەڵامدانەوە لە لایەن گرووپی چوار و پێنج بوو و بەڵام بەپێچەوانە گرووپی یەک و دوو نەک هەر زۆرترین وەڵامیان دابۆوە بەڵکوو بیری باشیشیان هەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ژیانیان. هەربۆیە Barbara بەو ئاکامە گەیشت کە هەستە نەرێنییەکان هۆکاری قوفڵبوونی مێشکن و هەستە ئەرێنییەکانیش هۆکاری چالاکبوونی مێشک کەواتە ئەزموون کردنی هەستی ئەرێنی، هۆکاری گەشەدان بە بیرە ئەرێنییەکانن و ئاکامی باشی جەستەیی و کۆمەڵایەتین.

### هەستە ئەرێنییەکان هۆکارن بۆ دروست بوونی:

**ژێدەر (سەرچاوە) هزرییەکان** وەک: ئێمە باشتر دەتوانین لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژانە ڕووبەڕوو ببینەوە و ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزینەوە. باشتر و ئاسانتریش شتی تازە فێر بین. شەرت نییە ئێمە هەموو شتێک لە ڕێگای خوێندن فێر بین و زۆر جار بە ئەزموون و تاقیکردنەوەش دەتوانین زۆر شت فێر بین.

**ژێدەرە کۆمەڵایەتییەکان** وەک: بەهێزترکردنی ئەو پێوەندییەی کە هەمانە و دروست کردنی پێوەندی تازەش لەگەڵ خەڵکانی دیکە.

**ژێدەری جەستەیی** وەک: زیادبوونی هێز و وزەی جەستەیی. تەندروستی باشتر(لەشساخی) و دوور لە مەترسی و دڵەڕاوکێ.

**ژێدەری دەروونناسی** وەک: بەهێزبوونی هەستە ئەرێنییەکان، گەشبینی یا خۆشبینی، گەشەدان بە کەسایەتی خۆمان و دیاریکردنی ئامانج لە ناو پرۆسەی ژیانماندا.

# شەڕی ئێران یان دابەشکردنی عێراق ؟

محەممەد سلێمانی



ڕێژیمی تاران بە کردەوەی سەربازی نەبێت واز لە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی و ئیداری عێراق ناهێنێ و هاوبەشە میلیشیا شیعەکانیشی بێگومان نە باسی پاڵپشتی لە هەنگاوە فیتنەییەکانی تاران دەکەن و نە بە دڵی ئەو وڵاتە هێرش دەکەنە سەر ئەمریکا، بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەو وڵاتە بە تەواوی تێك بدەن و هانی شەقامی عێراق بدەن بە دژی هێزە بیانییەکان بێنە سەر شەقام.

بە بڕیاری سیاسی و سەربازیی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران هێرش بۆ سەر نوێنەری وڵاتان و بە دیاریکراویش ئەمریکا لە بەغدا بۆ جارێکی تر و خەست وخۆڵتر لە جارانی ڕابردوو دەستی پێکردۆتەوە و، لایەنە میلیشیا چەکدارەکانی دۆست و هاودەستی تاران، بە مەیل و ویستی دەسەڵاتی ئاخوندی خەریکە چاڵ بۆ نیشتیمانەکەیان هەڵدەکەنن و ئارامی و ئاسایشی نەتەوەکەیان دەشەوێنن.

ئەمریکا ئەو هێز و توانا هەواڵگری و سەربازییەی هەیە کە کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەیانی پێ بپارێزن و دەستی ئاخوندەکان لەو وڵاتەدا کورت بکاتەوە، بەڵام دەیانهەوێت ئەو کارە بە حکوومەتی بەغدا و هێزەکانی عێراق بکەن و بەکورتی بیانخەنە شەڕ بەدژی ئێران و بەو جۆرە بە ئامانجەکەیان باشتر بگەن.

ئەمریکا بەمەبەستی ستراتیژی هەوڵ دەدات بە کشانەوەی نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە بەغدا فشار بخاتە سەریان کە بۆ پاراستنی ئەو وڵاتە مەرجی خۆی هەیە و ئەگەر بە باشی بەو دۆستایەتییەی نێوانیان پێبەند نەبن، بەجێیان دێڵێ و ڕوو لە کوردستان دەکەن کە ئەوەش بە سوودی حکوومەتی عێراق و تەنانەت ئێرانیش نابێت.

سیاسەتی ئەمریکا و ئیدارەی ترامپ ڕوونە کە بە هاوپەیمانەکانیان شەڕی نەیارەکانیان دەکەن و پاش هێرشە مووشەکییەکانی ئەو دواییەی لە بەغدا بۆ سەر بنکە و بارەگای ئەمریکاییەکان، بە دەوڵەتی عێراقیان ڕاگەیاندووە کە حکوومەتی عێراق و پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە دەبێت پێبەندبوونیان بە دۆستایەتی لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشان بدەن و بە باشی هەوڵی پاراستن و درێژەدانی ئەو هاوپەیمانەتییە بدەن.

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە وەختێك حکوومەتی عێراق دەتوانێت ئەو دۆستایەتییە بە دڵی ئەمریکا پەرە پێبدات کە بەتەواوی دەستی ئێران و میلیشیا شیعەکانی سەر بە تاران لەو وڵاتەدا کورت بکرێتەوە و بەتەواوی دژایەتی ڕێژیمی ئاخوندی و سیاسەتی فراوانخوازی ئەو وڵاتە لە عێراق و لە سەر ئاستی ناوچەیشدا بکەن.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بۆتە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و بەردەوامیشن لەسەر هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەیان لە نەیار و دژبەرەکانی خۆیان لە سەر ئاستی گێتیدا و بەو دواییانەشدا بە گەرمی باس لە هەنگاوە شەڕانگێزییەکانیان دەکەن کە لە بواری پیشەسازی و چالاکییە سەربازییەکاندا بەرەو پێشەوە ناویانە و، هەوڵ دەدات بەو جۆرە جەوهەریی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکەیاندا بگۆڕن و لە نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە ڕەوتی نوێی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دڵی خۆیان بدەنەوە و بە جۆرێکی تر بێنەوە مەیدانی ململانێیەکان.

ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژ بە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکان لە ئێراندا، لە کاتێکدا باس لە گەشەی توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی دەکات، کە ڕەوتێکی بەهێزی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دەستی پێکردووە و ئەو گۆڕانکارییەش بەتەواویی بە زیانی دەسەڵاتی تاران شکاوەتەوە و لە سەر ئاستی ناوچەییدا زیانی گەورەی ئابووری و بازرگانی بەردەکەوێت و سنووری دۆستایەتییەکەیان بەرتەسکتر دەبێتەوە.

**ئەمریکا ئەو هێز و توانا هەواڵگری و سەربازییەی هەیە کە کۆنسوڵخانەی وڵاتەکەیانی پێ بپارێزن و دەستی ئاخوندەکان لەو وڵاتەدا کورت بکاتەوە، بەڵام دەیانهەوێت ئەو کارە بە حکوومەتی بەغدا و هێزەکانی عێراق بکەن و بەکورتی بیانخەنە شەڕ بەدژی ئێران و بەو جۆرە بە ئامانجەکەیان باشتر بگەن**

شالیاری بەرگری ئێران « ئەمیر حاتەمی» ماوەیەك لەمەوبەر بە ڕاگەیاندنەکانیی نێوخۆیی ڕاگەیاندووە کە تاران لە دروستکردنی مووشەکی باڵدار و دوورمەودای کرووزی کاولکردن بەتەواوی نیزیك بووەتەوە، کە مەودای هەڵدانی دەگاتە زیاتر لە دە هەزار

**ڕێژیمی کۆنەپەرست و دژ بە ماف و ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکان لە ئێراندا، لە کاتێکدا باس لە گەشەی توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی دەکات، کە ڕەوتێکی بەهێزی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دەستی پێکردووە و ئەو گۆڕانکارییەش بەتەواویی بە زیانی دەسەڵاتی تاران شکاوەتەوە و لە سەر ئاستی ناوچەییدا زیانی گەورەی ئابووری و بازرگانی بەردەکەوێت و سنووری دۆستایەتییەکەیان بەرتەسکتر دەبێتەوە**

کیلۆمیتر و، ڕێژیمی ئاخوندی هەوڵ دەدات بەو ڕێگایەدا سەقامگیری و ئارامی بۆ وڵاتەکەی دابین بکات و تۆزێك مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە خۆیان دوور بخەنەوە و هێزی بەرگرییان نیشانی نەیارەکانیان بدەن.

دەسەڵاتێك کە لە گەڵ کۆمەڵێك

**بۆ لە نێوبردن و لادانی ڕێژیمێکی لەو چەشنە دڕندە و دژە مرۆڤە، تەنیا یەکڕیزی و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی هاوبەش دەوری ئەرێنی دەبێت و ڕۆژ ڕۆژی یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەییە بەدژی دەسەڵات و پیلانی شۆڤینیزمی ئێرانی**

قەیران و گیروگرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری و سەبازی بەرەوڕوویە و تا دێت گەلانی وڵاتیش زیاتر لێی دوور دەکەونەوە و بێزارییەکانی شەقامی وڵات بەرچاوتر پەرە دەگرێت و گوشارەکانی سەر حکوومەتی ئاخوندی زێدەتر دەبن، کەلێنەکانی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو بازنەی دەسەڵاتی تارانیش زیاتر دەردەکەون و لایەنێك لە ژێر پاساوی ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخی شڵەژاوی وڵات دەدات.

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران بەرەو ئاڵۆزی زیاتر چووە و کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لە عێراق بە دژی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا بۆ جارێکی تر سەریان هەڵداوەتەوە و، بەو جۆرە ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە زیاتر قووڵ دەکاتەوە و کاربەدەستانیی تاران هەروەک پیشە و سیاسەتی هەمیشەییان دەستیان بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە بەدژی هەنگاوە نوێیەکانی دۆناڵد ترامپ کردووە و لە لای خۆیانەوە ڕایانگەیاندووە، کە بەرگری لە خۆیان دەکەن و بە هێز کۆتایی بە دەستێوەردانی کۆشکی سپی لە سەر ئاستی ناوچەیی و عێراق دێنن و ڕێگا نادەن وڵاتێکی دراوسێیان لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە بەڕێوە بچێت.

بەنیازن بەڕێگای توانا سەربازی و بەرگرییەکانیان، هەڕەشە لەسەر هێزە دژبەرە نێوخۆییەکان و بە دیاریکراویش تێکۆشەرانی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن و هیوای ڕاپەڕینی جەماوەری لە نێو گەلانی وڵاتدا بنەبڕ بکەن و درز بخەنە نێو یەکگرتوویی سیاسی گەلانی وڵات لە بەرامبەر دەسەڵاتەکەیاندا.

دەمێکە تاران دەڵێت کە وڵاتەکەیان لە بواری « تێکنۆلۆژیای سەربازی و دەریایی گەشەی باشی کردووە و ئاژانسی هەواڵی فارس لە زمانی حاتەمی بە ڕۆژنامەی «ئێران»ی گووتووە کە ئێران بۆتە خاوەنی مووشەکی ژێردەریایی و دژە تانکەکانی ناو ئاو کە توانای پێکانی بۆ هەزار کیلۆمێتریان هەیە و ، ئەو بابەتەش بەتەواوی ئەوە دەسەلمێنێت کە پێشکەوتنی ئاستی توانای بەرگری و سەربازی ئێران بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردوو ڕەنگە گەشەی کردبێت.

بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کۆی کێشە و ئاڵۆزییە سیاسی و ئابوورییەکان و دوورکەوتنەوە و بێ هیوایی خەڵك بە ڕێژیمی تاران، هیچ گەشەکردنێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت کە هێز و توانایی ئێران لە رووی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی نەتەوەییەوە بسەلمێنێت. جگە لەوەش دەبوو ئەوەشیان لێ زیاد بکردایە کە ڕێژیمی ئاخوندی لە پیلان و تیرۆری سیاسی دژبەرانیدا لە سەر ئاستی گێتیدا بە پلەی یەکەم دێ و ئەوەی دەسەڵاتی تارانی لە بەسەریەکدا ڕمان پاراستووە، لایەنە پیلانگێڕییە تیرۆریستییەکەی و زیندان و لە سێدارەدانی نەیارە نێوخۆییەکانیەتی؛ ئەگینا دەمێک بوو ئەو دەسەڵاتە سیاسی و ستەمکارە بەسەریەکدا ڕوخابوو، بۆ لە نێوبردن و لادانی ڕێژیمێکی لەو چەشنە دڕندە و دژە مرۆڤە، تەنیا یەکڕیزی و یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی هاوبەش دەوری ئەرێنی دەبێت و ڕۆژ ڕۆژی یەکڕیزی و کۆدەنگی نەتەوەییە بەدژی دەسەڵات و پیلانی شۆڤینیزمی ئێرانی.

کاربەدەستانی ئێران ئەگەر تۆزێك ویژدان و هەستی مرۆڤایەتییان هەبوایە و بەپەرۆشی ژیان و گوزەرانی گەلانی وڵاتدا بوونایەوە، هەرگیز شانازیان بەو کردارانەی خۆیان نەدەکرد و باسی مووشەکی دوورمەودا و کرووزیان وەك دەسکەوت و باسێکی گرینگ نەدەهێنا. لە کاتێکدا گەلانی وڵات بەتەواوی هەژاری و دەستتەنگی ڕووی تێکردوون و دەسەڵاتی ئاخوندیش بێ مەیل و دەستەوەستان هەڵتروشکاوە بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر تاران و بەهەدەردانی سامانی گشتی نەتەوەی بە ڕێگای تردا.

وەزیری بەرگری ئێران بەتەواوی وەسفی توانا بەرگری و مووشەکییە دوورمەوداکانی بە دەسکەوتێکی بەنرخ بۆ وڵاتەکەی دەزانێ و پێیان وایە، دژبەرەکانیان لە بەرامبەریاندا هەست بە داماوی و ترس بکەن و خۆیان لە قەرەی ئێران نادەن و لە تێکهەڵچوون و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ تاران خۆیان دەبوێرن. ئێران زۆر بەجیددی لە فیکری ئەو پرۆگرامە مووشەکییەدایە کە دەکەونە خانەی بەرهەمهێنانی سیستمی زیرەك و دوورمەودا و ئەوەی بۆیان بکرێ پەرە بەتوانا سەربازییەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەیان بکەن و تۆزێك پێی خۆیان لە سەرئاستی ناوچەییدا قایمتر بکەن و لە هێرش کردنە سەریان خۆبپارێزن. ئەمیری وەك کاربەدەستانی تری تاران پێی وایە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێران لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا، بەستراوەتەوە بە توانا سەربازییەکان و باسێك لە ئازادی و دابینکردنی مافی سیاسی گەلانی وڵات لە گۆڕێدا نییە و هەروەك سیاسەتی پێشوویان حوکمڕانی بەسەر چارەنووسی خەڵکدا دەکەن. دەسەڵاتی ئاخوندی بەردەوام ئەوەی ڕاگەیاندووە کە گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا کاریگەرییان بە سەر ڕێژیمی تاراندا نەبووە و لە هەموو بوارەکاندا گەشەیان کردووە و هەوڵ دەدەن بارودۆخی وڵات بە تەواوی بەرەو سەقامگیری سیاسی و ئارامی بەرن و، بەسەر دۆخی مەوجوودا زاڵ بن و ئاسایشی نەتەوەیی و دەسەڵاتیان لە فەتای لەنێوچوون بپارێزن. سەرباری ئەو هەموو قسە و پێهەڵدانەی وەزیری بەرگری ئێران، بەڵام تاران لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و ئەگەر دەسەڵاتێك هەست بە ئاسایشی سیاسی و سەقامگیر خۆی بکات و بە دوور بێت لە مەترسییە نێوخۆیی و ناوچەییەکان، هەرگیز نیازی بەوە نابێت بەشێکی بەرچاو لە داهاتی گشتی وڵات بۆ بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورمەودا و بەو دواییانەش کرووزدا بێ و لەو دۆخە ئابوورییە خراپەی ئێراندا خەیاڵی دروستکردنی چەکە دوورهاوێژ و ماڵوێرانکارییەکان بدەن. ئاخوندەکان لە کاتێکدا بڕیارێکی لەو چەشنە شێتانەیان داوە، کە ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات بە تەواوی بەسەریەکدا ڕماوە و خەڵك لە دژواترین دۆخدا دەژین و جارێ لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا ئاسۆی چارەسەرکردنی کۆی قەیرانەکان بە لێڵی دەبینرێ و کەس ئومێدی بە داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا نەماوە.

گەلانی ئێران لە دژوارترین ژیاندا دەژین و ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو لایەك بەتەواوی تێکچووە و هەژاری و بێکاری بەربینگی بە خەڵك گرتووە و بە زەحمەت لە بازاڕی کاردا دەتوانن بژیوی خۆیان دابین بکەن و لە ئاسوودەیی و ئارامیدا بژین .

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە جیاتی ئەو فڕوفیشاڵەی وەك پڕوپاگەندەی سیاسی و سەربازی بەدژی نەیارەکانی دەستی پێکردووە ، گەلێك شیاوتر بوو بیریان لە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان کردبایەوە و ئەو دۆخەی ژیانی خەڵکیان باش کردبایە، سەدقات لە خۆپڕچەك کردن بەسوودتر دەبوو.



## شوناسی مەڵبەندی چیا و بەڕوو

ساریژن لە نیشتمان
نیشتمانێکن لە شاخ و باخچە و کانیاو،
ئێوە لە دواهەمین دڵۆپە خوێنی شەهیدێکەوە لەدایک دەبن
بە حەیران و سیاچەمانە باڵا دەکەن
و دەبن بە سروود بۆ نیشتمانێکی ساڕێژ لە حەماسە.

تەژین لە نەخش و نیگار
تابلۆیەکن لە ڕەنگ و تانوپۆی زێڕین،
ئێوە لە دواهەمین جێ پێڵاوی شەهیدێکەوە پێ دەگرن
بە هۆرە و لاوک وزە دەگرن
و دەبن بە جوغرافیا بۆ مەڵبەندێکی داگیرکراو.

خەزێنەیەکن لە پیت و وشە
ڕۆمانێکن لە خەبات و ئاشتی و هەڵپەرکێ،
ئێوە لە دواهەمین چۆپیکێشانی شەهیدێکەوە فێری فڕین دەبن
بە هەناسەی شمشاڵ دەگەنە لووتکە
و دەبن بە ئاڵا بۆ وڵاتێکی تەژی لە خەونی ڕزگاری.

لێوانلێون لە وزە و بەرخۆدان
مێژوویەکن لە شۆڕش و جمشت و هەستانەوە،
ئێوە لە دواهەمین گوللەی چەکی شەهیدێکەوە تین دەگرن
بە هاواری تەمووره دێنە سەر پێ
و دەبن بە ئاوازێکی ئەفسووناوی بۆ خاکێکی تینووی ئازادی.

پڕاوپڕن لە هێما و هێمان
کەشکەڵانێکن لە تیشک و ئاگر و ڕازڤانی،
ئێوە لە دواهەمین هەناسەی شەهیدێکەوە چرۆ دەکەن
بە زرمەی دەف ڕۆح دەگرن
و دەبن بە ئاسمانێکی شین و هێمن بۆ وڵاتی کوردان.

لێوڕێژن لە ئاوات و ئامانج
دەریایەکن لە شەپۆل و هەڵمەت و گیانفیدایی،
ئێوە لە دواهەمین وشەی شەهیدێکەوە دەنگ هەڵدەبڕن
بە بەیت و مەقام گڕ دەهاوێن
و دەبن بە شوناسێکی ڕەسەن بۆ مەڵبەندی چیا و بەڕوو...

بێهزاد قادری

## من پیشمەرگەم

من مانگەشەوی نیشتیمانم
من دڵۆپە ئاوی سەر پەلکە گەڵای دوایین بارانم
من سێڵاوی فرمێسکی دایکی شەهیدانم
من پێنووسی خوێناویی کوردستانم
من چەپکە ڕستەی وەسفکراوی نیشتمانم
من بە خوێنم هێڵی خەبات دەکێشم
من نەریتی نەگۆڕی وڵاتم
من فەلسەفەی ئازادیی نیشتمانی کوردانم
من هێزی نێو باڵەکانی هەڵۆم
من دەقی نووسراوەی سەربەستیم
من دەرچووی زانکۆی قاسملووم
من دوایین پاژی ئازادیم
من ڕاوێژکاری کانیاوی شۆڕشم
من ئەندامی بنچینەیی نیشتمانم
من تەشەنەی بەرەو ڕزگاریم
من وەسیەتی «پێشەوا»م
من دەستپێک و کۆتایی حەماسە و نەبەردی کوردستانم
من پڵنگی دڵ بە خوێن و برینداری ئازادیم
من کەپری فێنک بۆ حەسانەوەی مەشخەڵ بە دەستانی ڕێگای ڕزگاریم
من بزەی سەر لێوانی شەرەفکەندیم
من سەردێڕی هەموو حەماسەکانی نیشتمانی کوردانم
من نوێنەری نەتەوەی داخدار و داگیرکراوی کوردم
من وتووێژی نێوان ئەویندارانی سەربەستیم
من قەڵای بەرگریی کوردستانم
من ئۆقرەداری بێ ئۆقرەیی ئەو نیشتمانەم
من جوتیارێکم بەس ئازادی دێنمە بەر
من پەپوولەیەکم گوڵ بە گوڵ بە دوای ئازادیدا دەگەڕێم
من بڵێسەی ئەو ئاگرەم کە ئاواتەکانی دوژمن دەتوێنێتەوە
من ڕۆڵەی بن دار و بەردی نیشتمانم
من چەپلەی ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانم
من هەڤاڵی هەرەنزیکی چیاکانی نیشتمانم
من هۆنراوەی ئازادیم
من پێشمەرگەی ئەو نیشتمانەم
تا دوایین هەناسە ئەرکدارم لە بەرامبەر کوردستانم

ئەمیر بنێوخەڵەفی

## ئەوانە کێن؟

ئەوانە کێن؟
دایە گەورە، باوە گەورە، ئەوانە کێن؟
مامۆستا گیان ئەوانە کێن؟
ئێوە بەدڵ خۆشتان دەوێن!
ڕۆڵەکانم، قوتابییەکان،
ئەوانە سۆمای چاومانن، هێزی ئەژنۆن
ترپەی دڵن، لووتکەی شاخن، سوورەگوڵن
هەناسەی تۆ و هەستی منن
ورەی بەرزن، شادەماری هەموومانن، ژینی سەوزن
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
پشت و پەنان، ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن
ئەوانە کێن؟
ڕاسان و ڕاوەستانمانن،
چرای ئاشتی و بەرخۆدان و
تقێمی سەر کلکەوانە و
گەڵوازەی لانکە و بێشکەمانن
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
بەرخی نێرن،
ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن
ئەوانە کێن؟
گڕوگاڵ و هەڵاڵەمان،
سروە و ئاوێتە و ئاویەرمان،
سیروان و زرێبار و هەتاومانن،
کوردستان و مەهابادن
دار و بەرد و چەم و چیا و دارستانن،
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
بیانناسن، ئەوانە گشتیان پێشمەرگەن
ئەوانە کێن؟
پارێزەری ئازادی و خاک و ئاومانن،
لێرەوار و شورە و قەڵا و مێرگ و چیان
دوندی شاخن، باڵای چنار و داربەڕوون،
ئەوان ڕەگیان لە خاکدایە
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
خوێنی دڵ و شادەماری ئەو وڵاتەن
ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن
چاو و چرای نیشتمانن
ڕۆڵەکانمان، قوتابییەکان،
هەتا نەژین مانای ئازادی نازانین،
ئەوانە گشت پەلەقاژە و ڕاسانمانن بۆ ڕزگاری قەفی زنجیر دەقرتێنن
بۆ گەیشتن بە ئازادی دەبنە شەپۆل،
بەرهەڵستان دەڕووخێنن
دەچریکێنن:
ئاخۆ ئازادی تاوانە؟
ئاخۆ کۆیلەبوون ڕەوایە، ئاخو ڕزگاربوون تاوانە؟
چاو ئازاد نەبێ نابینێ
زمان بێ ئازادی لاڵە،
بێ ئازادی هەنگاونان و ژینی سەربەستی مەحاڵە
نەوەکانمان با بزانن،
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
ئەوانە گشتیان پێشمەرگەن
قوتابییەکان،
باش بزانن ئازادی لە نان و ئاو مەزنترە
ئەوەی بۆ ئازادی دەمرێ،
هەر ئەو بە ئازادی دەژی
ژینت دەوێ پێشمەرگە بە،
ئاسمانت دەوێ باڵندە بە
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
بەرخی نێرن ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن
ئەوانە کۆتری ئازادین، مەلی ئاشتین
دەست و شان و پێیان بەخشی
تا ئێمە بەسەر پێوە بین،
سەریان دانا هەتا بە سەربەرزی بژین
ژینیان بەخشی، ئێمە بژین
ئەوانە گشت پارێزەری خۆرەتاون
خاوەنی ئەم جلوبەرگەن،
ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن
چاویان دانا بۆوەی ئێمە پەنجەرەکان بکەینەوە و جوانتر لە جاران ببینین
خوێنیان بەخشی تا ڕووسوور بین،
وەکوو ئەوان چاونەترس و ورەبەرز و ڕاوەستاو بین
ئەوانە کێن؟
پرد بوون و نەبوون بە دیوار،
ئاشق بوون، بوون بە دڵدار
با ئێمەش وەکوو شەماڵ بین، کاکڵەهەور و گەواڵ نەبین
ئەوان ڕێبەر و ڕێزانن،
سەریان دانا هەتاکوو سەرنەوی نەژین،
ئەوان چەکی پارێزەریان کردەشان و
قەڵەمی ئاشتیان هەڵگرت
مێژووی سووریان تۆمار کرد هەرگیز مێژوومان نەفەوتێ،
ئەوانە ڕۆحی ئازادین، ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن،
ئەوانە گشتی پێشمەرگەن
ئەوانە کێن؟
هەڵگری مەشخەڵی سوورن
هێلانەیان گلێنەی چاوی نەیارە
پشکۆی نوورن
بۆوەی بژین بە ئازادی و کۆیلە نەبین
ئەوانە بوون بە ئازادی،
بوون بە قازی
بە پێشەوا و بە قاسملوو و شەرەفکەندی،
تیشکی خۆر و ئاڵای سووریان شەکاندەوە،
ئەوانە بوون بە ئازادی
ئەوەی خاوەنی ئەو بەرگەن
ئەوانە هەمووی پێشمەرگەن...
.

بابی ئاڵا

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No: 784 · 6 October 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:



ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی خەرمانان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سالار و سامان غەزالی» خەڵکی گوندی «بەیرەم»ـی بەخشی خەلیفانی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی خەرمانان، لاوێکی کورد بە ناوی «سەردار مینەپوور» کوڕی حوسێن تەمەن ٢٥ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

هەر هەمان ڕۆژ، هێزە ئیتلاعاتییەکان لە زاهیدان، خوێندکارێکی ئایینیی کوردیان بە ناوی «حیسام عەبدوڵڵاهی» خەڵکی کرماشان، دەسبەسەر کرد.

ڕۆژی سێشەممە ١ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدول پەرتۆ» کوڕی «زۆراب» خەڵکی گوندی «نێ»ـی مەریوان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پشتیوان پەرتۆ» کوڕی «زۆراب» تەمەن ٢٨ ساڵ و خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٩ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «میلاد وەیسی» کوڕی «کەریم» و خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کەیهان شیرینی» کوڕی «ئەداک» و تەمەن ٢١ ساڵ و «بەهرام قاسمی» کوڕی «سالح» تەمەن ٣٥ ساڵ و خەڵکی گوندی «مێراو»ی ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەهریار پوورعەلی» کوڕی «ئیسفەندیار» خەڵکی «دزە»ی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ١٢ی ڕەزبەر، دوو دەروێشی گونابادی بە ناوەکانی «ئەمین عەلیزادە تەمەن ٣١ ساڵ و تەقی مورادی تەمەن ٣٦ ساڵ»، دانیشتووی شاری ئابدانانی پارێزگای ئیلام، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ زیندانی ئیلام ڕاگوێزران.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر، مامۆستایەکی ئایینیی کورد بە ناوی «مامۆستا ڕەسوڵ حەمزەپوور» خەڵکی گوندی «خراپە»ی شاری پیرانشار و پێشنوێژی هەینیی گوندی «ئەندێزێ»ی بەخشی لاجانی پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕۆستەم ئیبراهیمی» تەمەن ٤٠ ساڵ کوڕی عەلی خەڵکی گوندی «تەختی زەنگی»ی شاری کامیاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی شەممە ١٤ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەک بە ناوی «خەدیجە مەهدیپوور» تەمەن ٣٣ ساڵ خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی سێشەممە ٨ی ڕەزبەر، ئارام فەتحی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری مەریوان، لە ڕێگەی نووسراوەیەک بانگهێشتی پۆلیسی «فەتا»ی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر، مامۆستایەکی ئایینیی کورد بە ناوی «مامۆستا شێخ محەممەد ئیبراهیمی» خەڵکی مەریوان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەو شارە کرا و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.
ن.

### کەمکردنەوەی حوکمی

### زیندانیی هاووڵاتییان:

هوشمەند عەلیپوور، زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، پاش هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدامی لە دیوانی باڵای وڵات، دووبارە دادگایی کرایەوە و بە ٣٨ مانگ زیندانی مەحکووم کرا.



حوکمی ٦ ساڵ زیندانیی چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی «سابیر قادری» خەڵکی دێولان، لە لقی ٤ی دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە، بۆ سێ ساڵ زیندان کەم کرایەوە.

حوکمی ١٠ ساڵ زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «دارا ڕەشیدی» کوڕی مستەفا خەڵکی شاری سەردەشت، لە زیندانیی ناوەندیی ورمێ، بۆ ٧ ساڵ و ٦ مانگ کەم کرایەوە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

ڕۆژی شەممە ٢٩ی خەرمانان، «ئاکۆ کەریمی» کوڕی «سەیفوڵڵا»، یەکێک لە هاووڵاتییانی نارازیی نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی بۆ زیندانی سنە گواسترایەوە.

ڕۆژی سێشەممە ١ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «باپیرە بەرزە» کوڕی «عوسمان» خەڵکی گوندی «چیانە»ی شاری پیرانشار، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی خۆی بە زیندانی نەغەدە ناساند.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەرکان عەلیزادە» تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی شاری ورمێ، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ ڕاگوێزرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی ڕەزبەر، «زەینەب جەلالیان» زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی ماکۆ، لە زیندانی کرمان بۆ زیندانی دێزڵاوای کرماشان ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ٥ی ڕەزبەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەید «ئەحمەد سەبری» کوڕی سەید «مستەفا» خەڵکی پەسوێی شاری پیرانشار، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ، بۆ زیندانی نەغەدە ڕاگوێزرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەزیز نەسیری» خەڵکی شاری ورمێ، پاش ٢٦ ڕۆژ لە دەسبەسەری لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، بە تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرا.

### مانگرتنی زیندانییان لە زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر، زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی «عادڵ موکەڕەم» خەڵکی ورمێ، بە نیشانەی نارەزایەتی بە ناڕوونیی چارەنووسی لە زیندان، بە دوورینی لێوەکانی مانی گرت. ئەو زیندانییە پاش مانگرتنەکەی ڕەوانەی ژووری تاکەکەسیی زیندانی ورمێ کرا.

### تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران لە هاووڵاتییان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی خەرمانان، سپای پاسداران لە کاتی ڕاوەدوونانی ماشینی هاووڵاتییەکی کورد، بە چەکی ئارپیچی تەقەی لەو ماشینە کردووە و لە ئاکامدا، چوار کەس گیانیان لەدەست دا. هەواڵنێری کوردپا شوناسی یەکێک لەو چوار کەسە گیان لەدەستداوەی «خدر بایەزیدی» خەڵکی گوندی «بەرەجۆ»ی سەر بە ناوچەی خەلیفانی مەهاباد ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢ی ڕەزبەر، لاوێکی کورد بە ناوی «کەیوان قادرپوور» کوڕی مەجید خەڵکی گوندی «ماڵتە»ی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە گوندی «چۆمان» پێکرا.


### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی خەرمانان، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران تەقەیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران لە سنووری نەوسوود کرد کە بوو بەهۆی برینداربوونی چوار کۆڵبەر. هەواڵنێری کوردپا شوناسی سێ کەس لەو چوار کۆڵبەرە بریندارەی بە ناوەکانی «هیدایەت خودادادی، نامدار و ئایەت خودادادی» خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی ڕاگەیاندووە.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٦ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم ڕەسووڵیان» خەڵکی گوندی «گروێس»ـی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە بە سەختی پێکرا.

لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی دووشەممە ٧ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «ڕەحیم ئیرەجی» خەڵکی گوندی «قوروە_دەرە»ی شاری سەقز، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «هەنگەژاڵ»ی بانە بە سەختی بریندار بووە.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٨ی ڕەزبەر، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «مەهدی ڕەسووڵزادە» خەڵکی گوندی «بووبانە»ی سەر بە سەردەشت، بە



تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری «نۆکان»ی ئەو شارە پێکرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سۆهەیب فێردووسی» خەڵکی گوندی «دزئاوەر»ی نەوسود، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کراوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٩ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی « ئیدریس بارزان» تەمەن ٤٥ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شاری بانە بریندار کرا.

شەوی هەینی ڕێکەوتی ١١ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەهدی زارعی» خەڵکی گوندی «کۆڵەسەی خواروو» سەر بە سەردەشت بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری بانە کوژرا.



### گیان لەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

کرێکارێکی کورد خەڵکی شاری سەقز بە ناوی «یاسین ئەمیرخانی»، بە هۆی ڕووداوی کار لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، گیانی لەدەست دا.

هەروەها ڕۆژی دووشەممە ٣١ی خەرمانان، کرێکارێکی شارەداریی شاری دەرەشار سەر بە پارێزگای ئیلام، بەهۆی پێکدانی ماشینی شارەداری گیانی لەدەست دا.

کرێکارێکی کورد بە ناوی «محەممەدسەلیم لوتفی» خەڵکی گوندی «دەرەبەیان»ی شاری پاوە، لە کاتی گوێز تەکاندن، بەهۆی بەربوونەوە، بە سەختی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ٥ی ڕەزبەر، کرێکارێکی بۆکانی، بە ناوی «ڕەسووڵ سوڵتانی» کوڕی مستەفا، لە کاتی کارکردن لە یەکێک لە گوندەکانی شاری میاندوئاو، گیانی لە دەس دا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «شاخەوان فەتاحی» خەڵکی گوندی «گەلاڵ» بەخشی ناوەندیی شاری پاوە، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.

KURDPA